# ئاڵای کورد

کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی، کۆمەڵایەتی، ڕامیاریی

هاوڕێ باخەوان



هاوڕێ باخەوان

# ئاڵای کورد

بۆچی نا؟!... تاکوکەی؟...

کورتە لێکۆڵینەوەیەکی مێژوویی ـ کۆمەڵایەتی ـ ڕامیارییە

سلێمانی 2001

زنجیرە کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (117)

ناوی کتێب: ئاڵای کورد
بابەت: لێکۆڵینەوە
نووسینی: هاوڕێ باخەوان
تیراژ: 1000 دانە
ژمارەی سپاردن: (173)ی 2001
کۆمپیوتەر و ئۆفسێتی دەزگای سەردەم

زنجیرەی کتێبی دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم (117)

تێبینی: ئەم پەڕتووکە سەرلەنوێ لەسەر ئەرکی ڕۆژنامەی میدیا لە هەولێر تایپ کراوەتەوە و پاشان لەلایەن نووسەرەوە بۆ ئنتەرنێت ئامادەکراوە.
سوپاس و پێزانین بۆ دەزگای سەردەم و ڕۆژنامەی میدیا.

# پێشەکی

هاوزمانانم:

لێرە و لەوێ و چ لەلایەن کورد و چ لەلایەن بێگانەوە, گەلێك نووسراو لەسەر هۆیەکانی دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی هەن, بەڵام ئەو نووسراوانە زۆربەیان لاباسن و هیچیان بە شێوەیەکی سەربەخۆ تەرخان نەکراون بۆ تۆژینەوە لەسەر هۆیەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی. هەربۆیە نووسینێکی سەربەخۆی لەو بابەتە, بووەتە پێویستییەکی گرنگ بۆ کتێبخانەی کوردی.

هەڵبەت مرۆ, دەتوانێت گەلێك هۆ بخاتە بەر تۆژینەوە, وەکو ڕێگرێك بۆ دروستنەبوونی نیشتمانێکی سەربەخۆ بۆ کورد. هەروەها دەتوانرێت گەلێك هۆکاریش هوورد بکرێتەوە, هەر لە شەڕێکی براکوژیی نێوان پارتە کوردستانییەکانی ئێستاوە, تاوەکو چەندێك بیر بۆی بچێت و پەیی پێبەرێت. ئەوانە هەریەکەیان کاریگەریی خۆیان لەسەر ئەو سەرئەنجامە تاڵە دوو هەزار ساڵەییە هەیە و کاشکی لێکۆڵەرەوانی کورد, هەموویانیان بخستایەتە بەر خامەی تۆژینەوە...

ئەم نووسینەی بەردەستتان, بەهیوای ئەوەیە کە هەندێك لەو هۆکارە نالەبارانە گفتوگۆ بکات و وەك شاهۆیەکانی دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی باسیان لێوە بکات... دیارە هۆی تریش هەن و بەڵام ئەمانەیان دەکرێت بگووترێت هۆیە بنەڕەتییەکانن.. کە هەروەکو لە پلانی لێکۆڵینەوەکەدا هاتووە, بەم شێوەیەن:

هۆی یەکەمینیان کە بووەتە بەشی یەکەمی باسەکە: بریتییە لە (نووشووستیهێنانی قوتابخانەی بیریی کورد), کە تێیدا گفتوگۆی ئەو نووشووستیهێنانە کراوە و کوردی وەك نەتەوەیەکی بێ قوتابخانەی بیری هێشتووەتەوە, هەر بۆیە نەبووەتە خاوەنی دەوڵەت.

بەشی دووەم: بریتییە لە (خوێن بەربوونی ئابووریی کوردستان), کە ئەویش باس و خواسێکە لەسەر باری ئابووریی کوردستان بە درێژایی مێژوو و ئەو هەنگاوە ترسناکەی کە پێیدا تێپەڕیوە, ئەویش بەردەوام دزین و چوونە دەرەوەی سامانی کوردە, بۆ دەرەوەی کوردستان.

بەشی سێیەم: (شوێنکەوتەی جوگرافیایی کوردستان)ە, ئەمیشیان بووەتە هۆیەکی تری دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردستان, کە بەهۆیەوە چەند دراوسێیەکی چاوچنۆک دەورەیان داوە و هەمیشە کوردستانیان کردووەتە خاڵی فراوانخوازی و گۆڕەپانی شەڕ و داگیرکردنەکانی خۆیان.

بەشی چوارەم: بریتییە لە (سستیی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی), بەهۆیەوە کورد لەم دوو سەدەیەی دواییدا نەبێت, زۆر خولیای سەرخوابوونی نەبووە و بەگشتی هەموو کورد هەستی بەوە نەکردووە کە ئەمانیش وەکو دراوسێکانیان دەبێت سەربەست بژین و برای ئەوان نین.

بەشی پێنجەم: (دژایەتیی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتییە لەسەربەخۆیی کوردستاندا), کە ئەمەیان لەم سەدەی فەرمانڕەوایی زلهێزانەدا, بووەتە گرنگترین هۆکار و دروستبوونی دەوڵەتی کوردی, بەگەلێك مەرج و ڕامیاریی ئەوانەوە بەستراوەتەوە.

هەروەکو وتم, دەکرێت گەلێك هۆی تریش بخرێتە بەر لێکۆڵینەوە, من هەندێك لەو هۆیانەی تریشم وەکو لاباسێك لە چەند شوێنێکدا باسکردووە, بەتایبەتی نایەکانگیریی نەتەوەیی کورد و شەڕی کوردکوژی, کە ئەویش هەرچەندە زۆر پابەندی ئەو شاهۆیانەن کە ئەم نووسینە لەسەریان دەدوێت, بەڵام دەکرێت بگووترێت هۆیەکی ناڕەوای (نێوخۆی لەخۆیە), بۆ دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی...

لێرەدا پێویستە ئەوە بڵێم, هێڵە گشتییەکانی ئەم لێکۆڵینەوەیەم لە ساڵی 1994دا, تەواو کرد. دیارە لەو کاتەوە تاوەکو ئێستێ چەندین گۆڕانکاریی ترسناك لە کوردستاندا ڕوویانداوە, هەرچۆنێك بۆم کرابێت, نووسینەکەمم لەگەڵ ئەو گۆڕانکارییانەدا گونجاندووە و بەپێی توانا سەرلەنوێ دەستکاریم کردووەتەوە.

هەروەها لە ڕۆژی 16-07-1991دا, هزری ئەم نووسینەم زۆر بەکورتی, لە وانەیەکدا بۆ چەند خوێندکارێکی پەیمانگای کادیرانی پاسۆك لە شەقڵاوادا, گووتەوە و پرس و ڕا و

باسوخواسێکی زۆری لەلایەن ئەو خوێندکارە بەڕێزانەوە لەسەرکرا...

زۆرجار هەڵکردنی ئاڵای کورد لە زۆر شوێندا دێتە گۆڕێ و زۆرجاریش بۆ ماوەیەکی مێژوویی لەبیرکراوە, یان لەبیردەکرێت!... بەڵام هەڵکردنی ئەو ئاڵایە کارێکی ئاستەم نییە و لە پاشەڕۆژدا بووەتە کارێکی ڕەها...

بەهیوای ئەو ڕۆژە,... و بینینی ئاڵای کورد...

هاوڕێ باخەوان
خرۆنینگن – هۆڵندا
1996-05-20

## (بەشی یەکەم)

# نووشووستیهێنانی
# قوتابخانەی بیریی کورد

نەتەوە, دامەزراوێکی بەدەستەڵاتی وەکو (دەوڵەت), ڕێکیدەخات و بەرەوپێشی دەبات و دەیپارێزێت. دیارە ئەم دامەزراوەش هەر لەخۆوە نەگەیشتووەتە ئەو ئاستەی کە ئێستا دەیبینین, بەڵکو بەپێی تێپەڕبوونی کات و هەر لە پەیدابوونی سادەترین دەوڵەتی سەردەمانی زووەوە گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووە, تا گەیشتووەتە ئەم ئاستە ئاڵۆزەی ئێستای, کە بووەتە ڕێکخەر و پارێزەری بەرژەوەندییە هاوبەشەکانی تاکەکانی گەلێك یان نەتەوەیەك. بەو پێیە هەر نەتەوەیەك خاوەنی ئەو دامەزراوە نەبێت, یەکگرتوو و ڕێکوپێك نییە, پێشکەوتوو و پارێزراویش نییە...

مرۆڤی کۆن تێبینیی ئەوەی کردووە کە کۆمەڵە مرۆڤێکی تر بێجگە لە خێزانەکەی خۆی, هەن و لەوەوە نزیکن, بەهەمان زمانی ئەو ئاخاوتن دەکەن و هەمان دابونەریتی ئەویان هەیە و هەمووشیان پێکەوە خاوەنی بەرژەوەندییەکی هاوبەشن, کە لەو سەردەمەدا لە ڕاوکردن و دواتریش لە کشتوکاڵ و کارکردندا خۆیی بینیوەتەوە, ئەمە جگە لەبوونی ئایدۆلۆژیایەك کە بەشێوەیەکی شاردراوە لە دەروونی ئەو مرۆڤانەدا هەبووە و ئەویش هەستی ئایینییە, کە دیاردە

سروشتییەکانی وەك باران و با و مانگ و خۆر و ئەستێرەکانیان پەرستووە و لە خوداوەندێکدا بەرجەستە بووە... هەموو ئەوانە بەرژەوەندییەکی هاوبەشی لە نێوانیاندا دروستکردووە و بووەتە هۆی ئەوەی کە کۆمەڵە خێزانێك لە هی تر جوودابن و بەیەکەوە بژین و خۆیان بەڕێوەبەرن. هەربۆیە لە کەسانی تر دابڕاون و زمان و دابونەریتیشیان لە هی تر جیاواز بووە و خاوەن خوداوەندێکی تایبەتیی خۆشیان بوون. ئەو ناوچەیەشی کە تیایدا ژیاون و ڕاو و کشتوکاڵیان تێدا کردووە, بووەتە نیشتمانی خۆیان و جۆرە خۆشەویستییەکیش بەرامبەر ئەو خاك و ئاوە, لە مێشکیاندا دروستبووە و هەر ڕەگەزێکی بێگانە هاتبێتە نێوییەوە, کەوتوونەتە بەربەرەکانێی و بەرگرییان لێی کردووە, بەو پێیەی کە ئەوان کۆمەڵە مرۆڤێکن و ئەو خاکەش نیشتمانی ئەوانە و تەنها بۆ ئەوانە.

لۆللۆ و گۆتی و کاشی و هۆری و.... لەو ڕەگەزی مرۆڤە کۆنانەن کەلە دوای هەزارەی چوارەمی پێش زایینەوە, لە کوردستاندا ژیاون و بوونەتە باپیرە گەورەی ماد و کورد.

هەریەك لەم ڕەگەزانە لە چاو ڕەگەزەكانی تری خۆرهەڵاتی نزیكدا كە ناوچەكانی خوارووی میزوپۆتامیا و ئاسیای بچووك و ئیلام و خۆرهەڵاتی نێوەڕاستن, جیاوازییان هەبووە, چونكە بە زمانی تایبەتیی خۆیان دواون و دابونەریت و بەرژەوەندیی هاوبەشی خۆیانیان هەبووە و لە هەمووشی گرنگتر خاوەنی ئایینی تایبەتیی خۆیان بوون, كە لە دیاردەیەكی سروشتیی وەكو خۆردا بەرجەستە بووە, ئەویش بەهۆی سارد و سەختی و چیاێتیی نیشتمانەكەیانەوە, كە كوردستانی ئەوسا بووە.

ئەمانە, بەهۆی زمان و دابونەریت و بەرژەوەندیی هاوبەشیان و ئایدۆلۆژیایانەوە, هەستیان كردووە, كە كۆمەڵە مرۆڤێكی جیاوازن لەوانی تر و دانیشتوانی ناوچەكانی دراوسێیان بە بێگانە زانیوە و هەر بۆیە هەوڵی ئەوەیان داوە كە خۆیان, خۆیان بەڕێوەبەرن و بەرگری لە بەرژەوەندیی هاوبەش و ئایینی خۆیان بكەن, بەهۆی دامەزراوێكەوە كە هێناویانەتە بوون.

ڕەگەزەكانی دراوسێیان, لە دوای لەنێوچوونی بنەماڵەی سۆمەرەوە و بەتایبەتی ڕەگەزی بابلی و ئەكەدی و ئاشووری, هەمیشە هەوڵی داگیركردنی كوردستانی ئەوسایان داوە و لە

بەرژەوەندیی خۆیان تاوەکو لە ژێر دەستی ڕەگەزە کوردستانییە کۆنەکانی دەربهێنن. دیارە هەموو کاتێك ئەمەیان بەتەواوەتی بۆ نەچووەتەسەر, بەڵکو بەرەوڕووی بەرگریی سەختی لۆللۆ و گۆتی و کاشی و... بوونەتەوە. هەرچەندە ڕووی داوە کە ئەو ڕەگەزە بێگانانە بەتەواوەتی دەستبگرن بەسەر ناوچەکەیاندا و بەجارێك کاولی بکەن و ببێتە هۆی ماڵوێرانییەکی گەورە بۆسەر دانیشتوانی ناوچەکە, هەروەکو لە میلەکەی ئاشوورییەکاندا دەردەکەوێت, کە لە دەربەندی (گاور)ی ناوچەی (قەراخ)دا, هەڵیانکەندووە و تێبینیی ئەوەی لێدەکەین کە چۆن ئاشوورییەکان خەڵکی ئەو ناوچانەیان هێناوەتە سەرچۆك و دیلیان کردوون. ڕەگەزەکانی کوردستانیش هیچ کاتێك بەو ژێردەستەییە نەسازاون, بەڵکو دوای هەر تێکشکانێك, خۆیان ڕێکخستووەتەوە و نەك هەر نیشتمانی خۆیانیان لەوان پاك کردووەتەوە, بەڵکو جاری وابووە بەجارێك دەستیان گرتووە بەسەر ناوچەکانی دراوسێشیاندا, بەتایبەتی ناوچەی میزوپۆتامیا, کە سەرچاوەی هەموو ئەو هێرشانە بوون کە کراونەتەسەر کوردستان..., بۆ نموونە گۆتییەکان بۆ زێتر لە سەدەیەك (2250–2120

پ.ز)[1], فەرمانڕەوایی تەواوی ناوچەی میزوپۆتامیایان کردووە و کاشییەکانیش بۆ ماوەی 433 ساڵ (1595–1162 پ.ز)[2].

دەوڵەتەکانی ئەم ڕەگەزە کۆنانەی کوردستان هەمیشە لە گۆڕانکاریدا بوون و جاری وا هەبوون گەیشتوونەتە ئەوپەڕی پلەی هێز و شارستانی و کاتی واش هەبووە بەجارێك شوێنەواریان نەماوە, بەڵام ئەمە نەبووەتە هۆی مردنی گیانی دامەزراندنی دەوڵەتێك یان دامەزراوێکی نوێی تر, کە بەڕێوەیان بەرێت و لە زەبر و زەنگی بێگانەکانی دراوسێ ڕزگاریان بکات.

زیندووبوونی ئەو گیانە و بەردەوام گەشەکردنی بەهۆی ئایدۆلۆژیای خودی ئەو ڕەگەزانەوە بووە, کە لە ئایین یاخود خوداوەندا خۆی بینیوەتەوە, کە وەك هێزێکی شاردراوەی پاڵپێوەنەر هانی داون, سەرلەنوێ کیانێکی تایبەتی دابمەزرێننەوە و مل بۆ دەستەڵات و ئایینێکی تری بێگانە نەدەن..., لەبەرئەوە چەندێك زمان و دابونەریت و بەرژەوەندیی هاوبەشیان, بەهانەی دروستکردنی کیانێکی

---

[1] بڕوانە لاپەڕە 666 – جۆرج ڕۆ – العراق القديم – ترجمة و تعليق: حسين علوان حسين – الجمهورية العراقية – منشورات وزارة الثقافة والاعلام – سلسلة الكتب المترجمة: 127 – دار الحرية للطباعة – بغداد – 1984.

[2] بڕوانە سەرچاوەی پێشوو لاپەڕە 332 – جۆرج ڕۆ.

سەربەخۆی خۆیان بوون, ئایینیش هێندە و بگرە زێتریش بەهانەی بووە و بەهۆیەوە چەندین جەنگی مەزن هەڵگیرساوە و هەزاران پەرستگا ڕووخێنراون و هەزارانی تری لە شوێندا دروستکراونەتەوە, تاوەکو بەپێی بیروڕای ئەو ڕەگەزانە, خۆیان نەکەونە بەر هەڕەشە و سزای خوداوەند و هەمیشە پەرستگاکانی ئاوەدان بێت و قوربانیی بۆ سەربڕدرێت.
ئاوەدانی و باش بەڕێوەچوونی ئەو پەرستگایانە, بەهۆی دامەزراوێکەوە بووە کە لە هەمان کاتدا دەوڵەتیش بووە و نەتەوەشی ڕێك خستووە و بەرەوپێشی بردووە و پاراستوویەتی, بەوپێیە دەوڵەتیش و بڕیاری جەنگ و بەرگریش هەر لەم پەرستگایانەوە دەردەکران, کە "زەیوانی مەزن – الكاهن الاعلى" بەرپرسیاریان بووە و هەموو شتێکیش لە پێناوی پەرستن و دڵڕاگرتنی خوداوەندا بووە, کە خاوەنی مەزنترین هێزی گەردوونی بووە لەلای ئەو ڕەگەزانە...

کەواتە تاڕادەیەکی زۆر ئایدۆلۆژیای ڕەهای مرۆڤی کۆن بۆ دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ, ئایین یاخود خوداوەند بووە, کە هەر لەگەڵ سەرەتای دروستبوونی هەستە ئایینییەکانەوە لە نێو مێشکی مرۆڤدا سەری هەڵداوە و هەتاوەکو ڕۆژگاری

ئەمڕۆش بەزیندوویی لەبەرچاومانە و دەبینین کە چۆن هەستی ئایینی فەلە, بووەتە ئایدۆلۆژیا و دامەزرێنەری دەوڵەتی (ڤاتیکان) لە ڕۆما و خودانی سەرۆك و کەسایەتییەکی نێودەوڵەتییە لە ڕامیاریی جیهانیدا. هەمان ئایدۆلۆژیای ئایینی جوولەکەش, بووە هۆی دامەزراندنی دەوڵەتی ئیسرائیل و کۆکردنەوەی نەتەوەی جوولەکە لە کیانێکدا و پاراستنیان لەو خاکەی کە بەهی خۆیانی دەزانن.

زۆربەی زۆری ئەو دەوڵەتە مەزنانەی کە بەدرێژایی مێژوو هەتاوەکو سەرەتای سەدەی بیستەم هاتوونەتە کایەوە بەهۆی ئایین و ئایدۆلۆژیی ئایینییەوە بووە. کە بووەتە هێزێکی شاردراوەی پاڵپێوەنەر لە مێشکی ڕۆڵەکانی نەتەوەیەکدا, تاوەکو کیانێکی سەربەخۆی تایبەت بە ئایینەکەی خۆیان دابمەزرێنن و بەهۆیەوە لە دەستەڵات و ئایینی بێگانە ڕزگاریان ببێت.

لە مێژووی کوردستانیشدا, نموونەی ئەم دەوڵەتانەمان هەیە و مەزنترینیان دەوڵەتی (ماد)ە, کە لە (701 پ.ز)دا دامەزراوە و لە سەردەمی خۆیدا بەبەهێزترین ئیمپراتۆری ناوچەی خۆرهەڵاتی نێوین دادەنرێت, بەڕادەیەك کە هێز و توانای

گەیشتە ئاستێکی وا کە لە 612 پ.ز, ئیمپراتۆری زۆر بەهێزی ئاشووری بڕوخێنێت و نەینەواش داگیربکەن...

ڕاستە کە دانیشتوانی دەوڵەتی ماد هەموویان تاڕادەیەك بەیەك زمان ئاخاوتنیان کردووە و خاوەن دابونەریتێکی یەکگرتوو و بەرژەوەندییەکی هاوبەش بوون, بەڵام دروستبوونی تۆوی ئەو ئیمپراتۆرە مەزنە, بەهۆی خودی ئایینی مادەکان خۆیانەوە بووە, کە وەك ئایدۆلۆژیایەك کۆمەڵگەی مادیی ڕێکخستووە و هەستیان کردووە کە ئەمانە لە خەڵکانی تر جیاوازن و دەبێت خۆیان سەربەخۆ بژین...

کتێبی پیرۆزی (ئاڤێستا), کە لەلایەن (زەردەشت) پێغەمبەرەوە هاتبووەکایە, هۆی ڕێکخستنی ئەو کۆمەڵگەیە و پاڵپێوەنەری دامەزراندنی ئیمپراتۆری (میدیا)یە, کە بووبووە ئایینی ڕەسمیی وڵات و کۆمەڵگەی مادیش بەهەموو کیانێکیانەوە باوەڕیان پێی هەبوو و دەیانپەرست, هەربۆیەشە کۆمەڵگای ماد, لە سەردەمێکی دیاریکراودا بە کۆمەڵگەیەکی یەکگرتوو و بەهێز دادەنرا, چونکە ئایینێك کە خاوەنی هێزێکی جەختکار بوو, بەڕێوەیدەبردن.

گواستنەوەی ئەو دەستەڵاتە مەزنەی مادەکان, بۆ هەخامەنشی و ساسانییەکان, بگرە و بەردەیەکی زۆری لەسەرە و جێی گرنگیی مێژوونووسان بووە, هەندێك دەڵێن ئەمانە "هەخامەنشییەکان" هەندێکیان هەر مادن و ئەو نێوەش نێوی بنەماڵەیەکی مادە و بەردەوامیی هەمان ئیمپراتۆریەتی میدیان.

لەمبارەیەوە مامۆستا (ڕەشید یاسمی), لە لێکۆڵینەوەی ڕەگەزی ساسانییەکانەوە, بەو ئەنجامە گەیشتووە, کە باپیری (ئەردەشێری بابەك), واتە ساسان, لە بنەماڵەی شوانکارەی کورد بووە و دایکیشی هەر کورد بووە[1].

هەرچی چۆنێك بێت, پادشاکانی ماد لە (550 پ.ن), دەستەڵاتیان لەدەست دەرچوو, ئەویش بەهۆی هێرشی هەردوو فارسەکان و بابلییەکانەوە بوو[2] و مادەکانیش بوونە ژێردەستەی هەخامەنشی و ساسانییەکان, بەڵام ئەوەی جێ سەرنج و لێکۆڵینەوەیە کە ئایا چۆن و بە چ شێوەیەك

---

[1] ب.لا. 102 – احسان نوری – تاریخ ریشه نژاد کورد – ناشر: کتاب فروشی بزرك سیدیان – چاپخانه پیروز – 1361.

[2] ب.لا. 16 – ئاسۆ گەرمیانی و ئامەد تیگریس – کورتە مێژووی کورد و کوردستان – چاپی یەکەم – سوید – زستانی 1992.

بەرگرییان لە دابونەریت و ئایدۆلۆژیای خۆیان نەکرد؟, کە لە ئایینی زەردەشتی و کتێبی پیرۆزی (ئاڤێستا)دا بەرجەستە بوو بوو, و بووبووە بەهانەی پێشکەوتنی ئیمپراتۆرەکەیان؟!...

ڕووخانی دەوڵەتی ماد چ بەهۆی لەڕێلادان و گوێ پێنەدانی کاروباری وڵاتەوە بێت, لەلایەن دواهەمین پادشاوە, یان بەهۆی قەیرانێکی ئابووریی سەختەوە بووبێت, کەوای لەو دەوڵەتە کردبێت بێهێز بێت و چیدی نەتوانێت خەرجیی سوپا و هێزی سەربازیی وەکو جاران بەڕێوەبەرێت, یا بەهۆی دووبەرکایەتیی تیرە سەرەکییەکانی خودی کۆمەڵگەی مادەوە بووبێت[1], و سەرکردەکانی ماد خیانەتیان لە ئیمپراتۆرەکەیان کردبێت[2], یاخود بەهۆی هەر هۆیەکی دەرەکیی تر بێت, چەند هۆکارێکی گونجاون بۆ لەنێوچوونی دەستەڵاتێکی دەوڵەتی, بەڵام ئەوەی

---

[1] بەڕای من, دوورییەکانی شەڕی براکوژی و نایەکانگیریی نەتەوەییانەی کورد (التلاحم القومی), دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانی ماد و بوونی ئەو چەند تیرە سەرەکییەی نێو کۆمەڵگەی ماد, کە لەبەر بەرژەوەندیی خۆیان دووبەرەکی کەوتۆتە نێوانیانەوە, دیارە ئەوەشیان هەر دەگەڕێتەوە بۆئەوەی کە لە کوردستانی کۆندا چەند ڕەگەزێکی تێدا ژیاوە و هەموویان لە دواتردا ڕەگەزی کورد پێکدێنن...

[2] ڕووخانی دەوڵەتی ماد, گەلێك هۆی هەیە, کە هەندێکیان لە کتێبی بەنێوبانگی (میدیا)ی (دیاکۆنۆف)دا باسکراوە, بەتایبەتی لە لاپەڕە 567 تا 578.

بڕوانە – میدیا – ئی.م. دیاکۆنۆف – بورهان قانیع: لە فارسییەوە وەریگێڕاوە – چاپی یەکەم – بەغدا – 1978.

که له هەموویان کاریگەرتر بێت, بێهێزبوونی ئایدۆلۆژیا, یاخود له نێوچوونیەتی لەنێو ئەو کۆمەڵگەیەدا.[1]

دیاره ڕێی تێناچێت که ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ماد لەو کاتەدا لەنێوچووبێت, چونکه تاوەکو ئەمڕۆش پەیڕەوکارانی زەردەشت و ئاڤێستا له کوردستاندا ماون و گەلێکیش دەمارگیرن بۆ بیرەکەیان و باشترین نموونەش ئەو کوردانەن که بەهۆی ئایینەکەیانەوه بەهەڵە پێیان دەگووترێت (ئێزیدی) و ژمارەشیان چەند سەد هەزار کوردێك دەبێت. بەڵام زەردەشت و ئاڤێستا لەلای ئەمانه هەندێك گۆڕانکاریی بەسەردا هاتووه, کەچی هێڵه گشتییەکانی ئەو ئایینەیان هەر ون نەکردووه و به بەراوردێکی زۆر هاسان ئەو نزیکییەمان بۆدەردەکەوێت.

بەهەمان شێوەی ئێزیدیەکان, (ئەهلی هەق)یش ئایینی زەردەشتی بەلایانەوه, ئایینێکی پیرۆزه و "بەڕادەیەك, که زۆربەی وەخت و بەتایبەتی بۆ وێنەگرتنی سۆفییەتییەکی پاك و بێگەرد, ئایینی زەردەشتی و بەوێنه دەهێننەوه. دروشمی

[1] شانبەشانی بێهێزبوونی ئایدۆلۆژیای مادەکان, خۆفرۆشتنی (هارپاك)ی فەرماندەی گشتیی هێزەکانی ئەستیاگی دوا پادشای ماد, به کۆرشی فارس, هۆیەکی گرنگی تری ڕووخانی دەوڵەتی ماد بوو. هەربۆیه (هیرۆدۆت), هارپاکی به گەمژەترین و بیٚ ویژدانترین کەس داناوه.
ب.لا. 53 – عەبدولڕەقیب یوسف – شوێنەوارەکانی نەویٚ له شاخی سورێن..

ئایینی زەردەشتی و ئەهلی هەق, لەیەك سەرچاوەوە هەڵقوڵاون, یاخود ئەمەی ئەهلی هەق, ڕواڵەتی نوێی ئەوەی زەردەشتییە"[1]. دیارە کاکەییش هەربەو شێوەیەیە.

کەواتە ئایدۆلۆژیای دەوڵەتی ماد تەنها بێهێز بووە و ئەو پیرۆزییەی جارانی لە نێو کۆمەڵگەی مادیدا نەماوە, کە ئەویش ئایینی زەردەشتی بووە. دیارە هەر دیاردەیەکیش لە دژایەتیی بەرژەوەندی و ژیانی کۆمەڵگەدا بوەستێتەوە, لەلای کۆمەڵگەش لە ئاستی پیرۆزیی دێتە خوارەوە و لێی دەبێزرێن.[2] بەڵام ئایا بۆچی کۆمەڵگەی ماد لە ئایینی زەردەشتی بێزاربوون و وەکو جاران ڕێکی نەدەخستن و کۆمەڵگەکەشی پیٚ کەرت بوو؟!.

ئایینی زەردەشتی, بووە ئایینێکی ڕەسمیی دەوڵەتی ماد و بەهۆی ئەمەوە پەرستگاکان و پیاوە ئایینییە زەردەشتییەکان بوونە خاوەن پایەیەکی مەزن لە نێو کۆمەڵگەدا, بەڕادەیەك

---

[1] ب.لا. 247– 250 – محەمەد ئەمین هەورامانی – کاکەیی – چاپخانەی ئەلحەوادیس – بەغداد – 1984.

[2] زۆر بەداخەوە, هەر بۆ نموونە جاران نێوی شۆڕش و پێشمەرگایەتی لە باشووری کوردستاندا, چەندێك پیرۆز و جوان بوو, کەچی لەبەرئەوەی بەهۆی شەڕە گورز و بەرژەوەندیی لایەنەکانی باشوورەوە, ئەو نێوانە پیرۆزییەکەی جارانی نەماوە... ئایینی زەردەشتیش لە سەردەمێکی دیاریکراودا واهیی بەسەر هاتووە...

**وایلێهات کە پاش بنەماڵەی پادشا و هەندێك دەست و پێوەندەکانی, پیاوە ئایینییەکان کە پێیان دەگووترا (موغ), بوونە دووەمین توێژی دەستەڵاتداری کۆمەڵگە و ئەمانیش بەهۆی ئەو دەستەڵاتە دنیاییەوە ئەرك و بیرە ئایینیەکەی خۆیانیان فەرامۆش کردووە و کەوتوونەتە خولیای خۆ دەوڵەمەندکردن و موڵکداری, کە دیارە ئەمەش باجەکەی هەر هەژارانی کۆمەڵگەی ماد داویەتی و بەهۆیەوە خەڵکی تاڕادەیەك لە ئایین و پەرستگا و پیاوەکانی بێزاربوون و ئەو پیرۆزییەی جارانی نەماوە, هەربۆیە ئەو هێزەی کە کۆمەڵگەی مادی یەکخستبوو, وەك جاران نەما و کارێکی زۆر ترسناکیشی کردە سەر چارەنووسی خودی کۆمەڵگە و دەوڵەتی ماد, لەبەرئەوە بەرەی نێوخۆیی دەوڵەتی ماد هاتە کزی و ڕێخۆشکەرێکیش بوو بۆ ئەوەی کە ڕەگەزی بێگانە لێزانانە دەستبگرن بەسەر دەوڵەت و کۆمەڵگەی ماددا, لەمەدا دووبەرکیی هۆزەکانی ماد یارمەتی دەرێك بوو.**[1]

---

[1] مامۆستا (مەسعود محەمەد) لەم بارەیەوە دەڵێت:

(ئەرك و زەحمەتێکی کە پیاوە ئایینییەکانی دینی زەردەشت بەنێوی دینەوە خستبوویانە سەرشانی خەڵکەکە یەکەم هۆی بەرەوپیرچوونی کوردەکان بوو بۆ ئایینی ئیسلام. زەردەشتی بەدینێکی ئاسمانی لەقەڵەم درابوو, وەك عیسایی سەیری دەکرا لەلایەن سوپای ئیسلامەوە, کوردەکان دەیانتوانی وەك دیانەکان لەسەر دینی خۆیان بمێننەوە, بەڵام وادیارە هاتنی حاکمێکی نوێ

ڕەگەزەکانی هەخامەنشی و ساسان بەرەبەرە, دەستیانگرت بەسەر دەستەڵاتی ماددا و کۆمەڵگەی مادیشیان کردە بندەستەی فەرمانڕەوا و کۆمەڵگەکەی خۆیان, بەڵام بەهیچ جۆرێك نەیانتوانی توخنی دژایەتیی ئایینی زەردەشتی بکەون, بەڵکو ئەمانیش بانگەشەی هەمان ئایینیان کرد و کەوتنە پەرەپێدانی پەرستگاکان و لەڕێ پێلادانی تێکستەکانی ئاڤێستا[1] و پاشان تۆمارکردنیان بەزمانی خۆیان, تاوەکو وایلێهات خۆیان کردە خاوەنی ڕەوای ئەو ئایینە و تاوەکو

---

بەدینێکی نوێوە هەلێك بووە و هەڵکەوتووە بۆ زۆربەی خەڵکەکە کە خۆیان لەدەست پیاوە بێ ڕەحمەکانی زەدەشتی قوتار بکەن).

ب.لا. 378 – حاجی قادری کۆیی – بەشی یەکەم.

من لەگەڵ بەشی یەکەمی ڕایەکەی مامۆستادام, بەڵام لەو بەشەی تردا کە دەڵێت, زەردەشتی بە ئایینی ئاسمانی سەیر دەکرا, کەمێك لێی بەگومانم, چونکە عارەبەکان بە توندی لەدژی ئایینی جوولەکەش وێستانەوە, لەگەڵ ئەوەشدا ئاسمانی بوو... گەورەترین هۆی داگیرکارییەکانی عارەب بەنێوی ئیسلامەوە, دەستکەوتی مادی و تاڵانییەکان بوون, خۆ ئەگەر لە لایەك و لە ئایینێك بووردرابن, ئەوا تاکتیکێك بووە و هیچی تر...

[1] شارەزایانی ئایینی زەردەشتی و ئاڤێستا دەڵێن, کە لە تەواوی گاتەکانی ئاڤێستادا, تەنێ هەڤدەیان هی زەردەشتن و ئەوانی تریان زۆر لەگەڵ گاتە ڕەسەنەکاندا جوودان. وەك زانراوە زۆر شت لە ئاڤێستادا نەبوون و بە فەرمانی شاپووری یەکەم خرانە نێو ئاڤێستاوە. پاشان هەندێك بەشی تر لە لایەن (ئازەر پاد مهراسیند)ەوە, لە سەردەمی شاپووری دووەمدا خرایە سەر ئاڤێستا و زۆر کەس لە پیاوانی ئایینی زەردەشتی بەوە ناسازاون و بەرهەڵستییان کردووە.... بەڵام سەرەنجام تەرازووی هێز هەربەلای فارسەکاندا شکاوەتەوە....

ب.س.پ.لا. 55– عبدلڕەقیب یوسف– شوێنەوارەکانی نەوێ لە شاخی سورێن....

ئێستا بەهەڵە زەردەشت و کتێبی پیرۆزی ئاڤێستا, دەبردرێتەوە سەر ئێران و ڕەگەزی فارسی ![1].

ماد — یان کورد, بەو شێوەیە بوونە ژێردەستەی فارسەکان و ئایدۆلۆژیاکەشیان داگیر و بەبێگانەکرا, کەچی بیری ئایینی زەردەشتی هەرلەنێو مێشکی خەڵکی کورددا نەکوژرایەوەو پەیڕەوکەری بوون, بەڵام بەبێ ئەوەی ئەو هێزەی جارانی بمێنێت ! .

کورد, بەهۆی لەدەستدانی دەوڵەتەکەیەوە هێز و شکۆ و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتی و یەکانگیربوونی نەتەوەیی لەدەست دەرچوو و ڕۆڵێکی ئەوتۆی لە ڕووداوەکانی ئەو سەردەمە ژێر دەستەییەیدا یاری نەکرد و لە جەنگەکانی نێوان ئەسکەندەری مەکدۆنی و کۆرشی فارسیشدا, بوونە گۆڕەپان و سووتەمەنیی ئەو جەنگە و گەڵێك ماڵوێرانییان بەسەردا هات, چونکە هەمیشە بۆ مەبەستی شکۆ و سەرکەوتنەکانی ئیمپراتۆری فارسی بەکار دەهێنران.

---

1 ب.لا.15– محەمەد ئەمین هەورامانی– فەرهەنگی ئێریەن ڤاچ – کوردیی کۆن و هی نوێ – چاپخانەی سۆمەر– بەغداد–1987.

سەردەمی ئیمپراتۆری میدیا بە چاخی زێڕین بۆ کورد دادەنرێت, چونکە سەرباری سەربەستیی کورد, خاوەنی دەوڵەتێکی ڕێکوپێك و یاسا و ئایینی تایبەتیی خۆیان بوون. ئەم ژێر دەستەییەی کورد, هەتاوەکو جەنگی قادسیەی نێوان عارەب و ئیمپڕاتۆری فارسی درێژەی کێشا. پاش بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام, لە دورگەی عارەبیدا و هاتنە کایەی دامەزراوێکی عارەبی بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە, عارەبەکان بەنێوی (فەتح و بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیانەوە) کەوتنە داگیرکردنی ناوچەکانی دراوسێیان, یەکەمین هێزێکیش کە ترسی خستبووە دڵی عارەبەوە ئیمپراتۆری فارس بوو, کە کوردیش بەشێك بوون لێی و سوپاکەشیان ژمارەیەکی زۆری کورد جەنگاوەر بوو تێیدا.

عارەبەکان پاش ئەوەی بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە بوونە یەك ریز و بەهێز بون, کەوتنە پیلان گێڕان لە دژی ئیمپراتۆری فارسی, شەڕی (ذي قار) کە بە چەند ساڵێك پێش جەنگی (قادسیة) لە نێوان فارس و عەرەبدا روویدابوو, (محەمەد)یش کە دواتر بووە پێغەمبەری عارەب, بە ئاکامی ئەو شەڕە زۆر خۆشحاڵ ببوو, هەر بۆیە رابەرانی عارەب پاش ئەوەی بوونە

خاوەن دەستەڵات و سوپا, کەوتنە بەرزکردنەوەی گیانی دژایەتی دژی فارسەکان.

لە (636 ز) لەشکری عارەب لە ناوچەی قادسییە و بە سەرۆکایەتی (سەعدی کوڕی ئەبی وەقاص) بەرامبەری لەشکری ئیمپڕاتۆری فارسی بوونەوە و سەرکەوتن بەسەر فارسەکاندا و پاشان (مەدائین)یان گرت, کە پێتەختی ئیمپڕاتۆری فارس بوو. شایانی باسە کە ژمارەیەکی زۆری کورد لەو جەنگانەدا کوژراون, بە تایبەتی لە ناوچەی (جەلەولا), کە عارەبەکان دوای لەشکری تێکشکاوی فارس کەوتن. ئەم قەسابخانەیەی ناوچەی جەولەلا هەروەکو باسی دەکەن لە (637 ز)دا[1], هێندە مەزن بوو کە پاش چەند مانگێکیش ناوچەکە بۆنی تەرمەکانی هەر تێدا مابوو.

پاش رووخانی ئیمپڕاتۆری فارس, بەهۆی عارەبەکانەوە, کورد بەبێ رێکخستن مایەوە, بەڵام بە کەوتنی دەستەڵاتی فارسی, عارەبەکان نەیانتوانی یەکسەر جێی دەستەڵاتی فارسەکان لە

[1] ب.لا. 65 – مصطفى حاج علي اميدي – حوادث العالم منذ السنة الاولى الميلادية – الجزء الاول – من مطبوعات الامانة العامة للثقافة و الشباب – مديرية دار الكتب للطباعة و النشر, جامعة الموصل – 1987.

هەروەها بڕوانە لاپەڕە 14 – ساڵح محەمەد ئەمین – کورد و عەجەم: مێژووی سیاسیی کوردەکانی ئێران – چاپی یەکەم – 1992.

کوردستاندا بگرنەوە, چونکە تاوەکو ئەو کاتە کورد هەرلەسەر ئایینەکەی خۆیان بەردەوام بوون و هەروا بەو ئاسانییەش وازیان لێنەدەهێنا.

پاش گرتنی مەدائن, عارەبەکان هێرشیان هێنایە سەر کوردستان[1], خۆ ئەگەر ئەم هێرشەی عارەبەکان زۆر پاشتر بووایە, ئەوا کورد وەك بەرگری کردنێك لە ئایینەکەی و بەهۆی نەمانی دەستەڵاتی فارسییەوە بەسەریدا, دەیتوانی کیانێکی تایبەت بەخۆوە دابمەزرێنێتەوە, بەڵام بەهۆی پشێوی بارودۆخی وڵاتەوە و هێرشی یەکسەری عارەب بۆ کوردستان, کورد تەنها هەر بەرگریی پێ دەکرا و چیاکانی کوردستانیش باشترین یارمەتیدەری کورد بوون. عارەبەکان وایان دەزانی کە چونکە توانیویانە ئیمپراتۆری فارسی بڕوخێنن و کوردیش ژێر دەستەی ئەوان بووە, زۆر بە ئاسانی دەتوانن دەست بەسەر کوردستانیشدا بگرن!. بەڵام ئەمەیان وا دەرنەچوو و بەرامبەری بەرگرییەکی زۆر سەختی کوردەکان بوونەوە.[2]

---

[1] ب.لا. 68 – سەرچاوەی پێشوو – مصطفى حاج علي اميدي...

[2] هەروەکو لە کتێبە مێژووییەکاندا هەیە, یەکەمین کەسانێکی کورد کە بووبێتنە موسڵمان, دوو کەس بوون بەنێوی (کابان و مەیمون)ەوە. ئەم کابانە بە گاوان و گاڤانیش ناوی هاتووە. ئەمانە پێدەچێت کە باوك و کوڕ بووبێتن و لە سەردەمانی بڵاوبوونەوەی ئیسلامدا لە عارەبستاندا بوون و بوونەتە یاوەری محەمەد و چەندین حەدیسی ئەوی لێدەگێڕنەوە.

عارەب, بە بیانووی بڵاوکردنەوەی ئایینی ئیسلامەوە هاتنە کوردستانەوە و بە شێوەیەکی ناڕەوا ویستیان وڵاتەکە داگیربکەن و لەژێر پرنسیبی (یان موسڵمان ببە یا خود جزية[1]–پارە بدە)؟!, کەوتنە داگیرو کاولکردنی کوردستان!.
دایە رەزوارو پیرشالیاری زەردەشتی و زێڕینیای ئامێدی[2] و پیرەکانی هەورامان و دۆڵی کافران و ناوچەی هەزار مێرد و...هتد, داستانی بەرگریی کورد لە کوردستان و ئایینی زەردەشتیمان بۆ دەگێڕنەوە, کە چۆن دژی عارەب داکۆکییان لە کوردستان کردووە.
"دایە رەزوار" ئەو ئافرەتە قارەمانە کوردەیە, کە پاش شەهیدبوونی کوڕەکەی لە جەنگی بەرگریدا لە دژی عارەبەکان, دەچێتە ریزی جەنگاوەرە کوردەکانەوە و لەو تەمەنە پیرەیدا بەشداری جەنگی بەرگریی کردووە. زێڕینیای

---

[1] جزية: جۆرێکە لە باج, کە عارەبە موسڵمانەکان بەسەر ئەو کەسانەدا سەپاندبوویان کە نەدەبوونە موسڵمان و دەبووایە بەرامبەر ناموسڵمانییان, جزیەیان بە عارەبەکان بدایە!.

[2] بڕوانە, میرزا محەمەد ئەمین مەنگوڕی – زێڕینیای ئامێدی, کچە کوردی قارەمان – چاپخانەی (غەری حەدیسە) – نەجەف – 1971.

زێڕینیا, لە جەنگی (قادسیە)دا, دژی عارەبەکان بەشداریی کردووە و قارەمانێتییەکی زۆری پیشانداوە, پاشان هەر لە شەڕەکانی دواتری نێوان عارەب و کوردا لە شاری وان شەهید کراوە. ب.س.پ.لا. 12.

ئامێدیش , ئافرەتێکی تری ناوچەی بادینانەو شۆڕشێکی مەزنی لەو ناوچەیەدا دژی سوپای عارەب هەڵگیرساندووە. لە ناوچەی هێرۆی قەڵادزێشدا پاڵەوانێك بەنێوی (گوڕنەڵ)ەوە, دژی داگیرکاریی عارەب وەستاوەتەوە[1].

ئەو بەرگری و جەنگەی کە لە دژی سوپای عارەبدا روویداوە, بووەتە هۆی شەهیدبوونی هەزاران گەنجی کورد کە ئەمڕۆ لە کوردستاندا بە گۆڕی کافران! نێویان رۆیشتووە و سەرنجی دۆڵی کافرانی ناوچەی قەندیلی نزیك قەڵادزێی باشووری کوردستان بدەن, کە تەرمی ئەو شەهیدانەی لێنێژراوە کە لەو جەنگانەدا و بەدەستی عارەب شەهید کراون. کەچی هەمان گۆڕی ئەو عارەبانەی کە کورد بۆ بەرگریی خۆی کوشتوونی, ئەمڕۆ لە کوردستاندا بوونەتە شەخس و شوێنی پیرۆز و خەڵکی دەچنە سەریان...!.[2]

---

[1] ب.لا. 438 – مەسعود محەمەد – گەشتی ژیانم – چاپی یەکەم – ستۆکهۆڵم – سوید – 1992.

[2] دەربارەی ئەو شەخسانە, کاك (ك.ا.ف)ی خەڵکی هەڵەبجە, ڕۆژی 08–01–1986 لە موسڵ, کە ئەوسا خوێندکاری پۆلی دووی کۆلیژی پەروەردە بەشی عارەبی بوو, ئەم چیرۆکەی بۆ گێڕامەوە: (گۆڕێك هەیە لە نێوان هەڵەبجە و عەبابەیلیدا, ئەم عەبابەیلێیە نێوی ڕاستینەی (ابي عبيدة الثقفي)یە, کە کوردکوژێکی سەردەمی داگیرکاریی عارەبی بووە, گۆڕەکە یەکێك بووە لە هەرە ناودارەکانی ئەو ناوچەیە و لە سەردەمی خۆیدا سەرکردەی سوپای بەرگری ناوچەکەی خۆی بووە کە کاتێك موسوڵمانەکان هاتوونەتە سەریان کوژراوە و ئنجا ئەفسانەیەك هەیە کە دەڵێن گوایا ئەوە گۆڕی جوولەکەیەکە, ئەگەر هەر کەسێك چووە سەر گۆڕی عەبابەیلێ و ویستی زوو بگات ئەوا بەرد

کورد هەروا بە ئاسانی بەخێرهاتنی عارەبی نەکرد و نەبووە موسڵمان, لە ناوچەی هەورامانیشدا عارەب تووشی بەرگرییەکی زۆر سەخت بوون و بەهیچ شێوەیەك نەبوونەتە موسڵمان و هەر لەسەر ئایینە کۆنەکەی خۆیان ماونەتەوە بەڵام تاکە تاکە خۆیان بە دەستەوەداوە (واتە موسڵمان بوون), تاوەکو ئەمڕۆ کە زەردەشتیی تێدا نەماوە.

عارەبەکان تەنها بە مەبەستی بڵاوکردنەوەی ئایینەکەیان لە دوورگە بیاباناوییەکەیان نەهاتنە دەرەوە, بەڵکو لەوەدا بەرژەوەندییەکی مادیی گەلێك باشیان دەست دەکەوت, چونکە ئەو شوێنانەی کە داگیریان دەکرد, بەجارێك تاڵانیشیان دەکرد و هەموویان لەژێر نێوی (غنيمة)دا دەبرد بۆ خۆیان ئەگینا عارەبێکی بیابان نشین! چی دەیەگەیەنێتە کوردستان کە هەزار کیلۆمەتر زێتر لە یەکەوە دوورن و بۆ دەگەنە دۆڵی ئەسحابان تاوەکو کورد شەبەیخوونیان لێ بکات و چ کارێکیان بە دەشتی شارەزوور و عەربەت هەیە, تاوەکو نیوەی سوپاکەیان بە دووپشکە ڕەشە لەنێو بچێت....؟!.

---

بگرێتە ئەو گۆڕی —بەجوولەکەکراوە— واتە ڕەجمی بکات, ئیتر زوو دەگاتە ئەویَ). ئەمە چیرۆکەکە بوو و لە ڕاستیدا دەبووایە بە پێچەوانەوە بووایە؟!...

ئەم تالاَن و برۆ و وێرانکارییە, (پیر شالیاری زەردەشتی), لە هەڵبەستە بەنێو بانگەکەی خۆیدا, بۆی تۆمار کردووین, کە خۆی گەواهی ئەو کارەساتانەی ئەو کاتەی کوردستان بووە, کە ئەمەش هەڵبەستەکەیە:—

هورمزگان رمان ئاتەران کوژان
وێشیان شاردەوە گەورەی گەورەکان
زۆرکار عەرەب کەردنە خاپوور
گناو پاڵەیی هەتا شارەزوور
شن و کنیکان وەدیل بەشینا
مێرد ئازا تلی وەڕووی هوینا
رەوشت زەرتوشترە بیٚ دەس
بەزێکا نێکا هۆرمز وە هێوچ کەس[1]
...............
..............

ئەم هەڵبەستە کە بە مێشك و خامەی پیرشالیاری زەردەشتی هاتۆتە نووسین, کە خۆی زەیوانێکی ئاینی زەردەشتی بووە

---

[1] ب.لا. 38 و 39 – صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە) – مێژووی وێژەی کوردی – بەرگی یەکەم – چاپی یەکەم – بانە, انتشارات ناجی – 1370.

له کوردستاندا, وێنەی ئەو ڕووداوانەمان بۆ دەکێشێت کە لە کاتی هێرشی عارەبدا بۆسەر کوردستان ڕوویداون. بیرشالیار دەڵێت: عارەبەکان کە هاتنە کوردستانەوە و داگیریان کردین, ئەمانە ڕەفتارەکانیان بوون: "پەرستگا تایبەتییەکانیان ڕووخاندین و کتێبە پیرۆزە ئایینی و زانستییەکانمانیان سووتاند و ئاگرە پیرۆزەکانمانیان کوژاندەوە, عارەبە زۆردارەکان گوند و شارەکانیان تا شارەزوور خاپوور کرد, گەورەکانمان لە ترسی دڕندەیەتی عارەب خۆیان شاردەوە, ژن و کچەکانمانیان بەدیل لەگەڵ خۆیان برد و وەکو (جارية) لە دوورگەکەیاندا خراپیان کردن..., ئەو کەسانەشی کە جەنگاوەر بوون و غیرەتیان ئەو داگیرکاری و چەوساندنەوەیان دایە دواوە, شەهیدبوون و لە خوێنی خۆیاندا تلیان خوارد, ڕەوشت و ئایینی زەردەشت بێدەستەڵات مایەوە و ئاهورامزدا بەزەیی بەهیچ کەسێکدا نەهاتەوە".....[1]

---

[1] ئەم هەڵبەستە هەندێك کەس دەیدەنە پاڵ (پیر شالیاری زەردەشتی), بەڵام مامۆستا (د. سەعید خانی کوردستانی), دەڵێت:

ئەم هەڵبەستە نزیکەی سەد ساڵێك لەمەوبەر لەسەر پارچە پێستێك لە ئەشکەوتی جێشانەی سلێمانیدا دۆزراوەتەوە, کە بە زاراوەی گۆرانی نووسراوە و مێژووەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی داگیرکاریی عارەب بۆ کوردستان.

ب.س.پ.لا. 38 – صدیق بۆرەکەیی (صفی زادە).

ئەمە بۆچوونی راستینەی کوردێکە, کە لە کاتی داگیرکارییەکانی عارەبدا, بە خامەی خۆی بۆی تۆمار کردووین و ئەو ئەنفالانەمان بیر دەکەوێتەوە کە عارەب بۆ جارێکی تر لە ساڵی 1988 ز دا, لە باشووری کوردستاندا گێڕای و هەمان ئەو رووداوانەی کە لەو هەڵبەستەدا هاتوون لە ئەنفالەکانیشدا روویداون, جگە لەوەی کە هورمزگاکان بوونەتە مزگەوتەکانی خۆیان...!. خۆ بەعسییان بۆ جارێکی تر ژن و خوشك و دایکمانی بەدیل بردە دوورگەی عارەبی و فرۆشتنی بە کوێت و سعودییەکان....

ئەو هێرشە دڕندەیەی عارەب بۆسەر کوردستان بووە هۆی بەجارێك وێرانکردنی کوردستان و شوێنەواری ژیان و شارستانی و ئایینی زەردەشتیی لە کوردستاندا نەهێشت. چونکە پاش ئەو هەموو کوشت و کوشتارە, هەرچی سامانی وڵاتەکە هەبوو بە تاڵانی بردیان و لەژێر نێوی (الغنيمة - تاڵانی)دا, لەنێو خۆیاندا دابەشیان کرد, تەنانەت خوشك و دایکیشمانی گرتەوە, تەنها ئەسپی رەسەنی کوردی نزیکەی سەد هەزاریان بە تاڵانی برد.[1] ئەمە جگە لە سووتاندنی هەموو

[1] ب.لا. 130 – داماو حسێن حوزنی موکریانی – کوردستانی موکریان یا ئاترۆپاتین – چاپی یەکەم – چاپخانەی زاری کرمانجی – ڕەواندز – 1938.

ئەو تێکستە ئەدەبی و ئایینی و زانستییانەی کە بە خامەی زانایان و ئایینی و وێژەوانەکانی کورد نوسرابوون و زیانێکی زۆر مەزنیان لە کولتوور و شارستانیی کورددا و تەواوی پەرستگا زەردەشتییەکانیان خاپوور کرد و ئایینەکەی خۆمانیان لە وڵاتی خۆماندا لێ یاساغ کردین و بەزۆر و بە زەبری شمشێر, کەوتنە سەپاندنی ئایینی بێگانەی بیابان بەسەرماندا, بەبێ ئەوەتی رەنگدانەوەی ناخ و دەروونمان بێت و تاکە وشەیەکیش چییە لە ئایین و زمانەکەیان تێبگەین![1], ئەمە لە کاتێکدا کە یەکێك لە پرنسیبەکانی ئەو ئایینە دەڵێت:

[1] لە ڕاستیدا کورد, بەهیچ جۆرێك لە ئایینی ئیسلام تێنەگەیشتووە, تەنێ کەمینەیەکی زۆر کەمی مەلاکان نەبێت!. ئەم تێنەگەیشتنە, تا چارەکە سەدەیەکیش لەمەوبەر هەر بەردەوام بووە, چونکە ڕادەی خوێندەواری لە نێو کوردا زۆر بەرز نەبووە. بەڵام دەتوانین بڵێین کە ئێستا لە باشوور و خۆرئاوای وڵاتدا, بەهۆی خوێندنی "بەزۆریی" زمانی عارەبییەوە ئەو تێگەیشتنە بەرز بووەتەوە, کە ئەمە زۆر درەنگە. بۆ زێتر زانینی ئەوەی کە کورد لە ئایینی ئیسلام تێنەگەیشتووە و وەکو کەڕوولاڵ پێنج فەرزە سەری بەهەردا داوە, سەرنجی ئەم ڕووداوە ڕاستینەیە بدەن:

"لە گوندێکی کوردەواریدا, ئاغای گوندەکە مەلای مزگەوت بانگ دەکات و پێی دەڵێت کە ئیتر لە وتاری ڕۆژی هەینیدا, دەبێت لە جیاتیی نێوی سوڵتان نێوی من بخوێندرێتەوە و بەرامبەر ئەوەش (30) سەر مەڕت دەدەمێ. مەلاش بەو کارە دەسازێت و بەڵام دەبێت کارێکی وابکات کە دڵی سوڵتانیشی لێ زویر نەبێت!, هەربۆیە لە ڕۆژی هەینیدا بەم شێوەیە لە وتارەکەیدا نێوی ئاغا دێنێت و دەڵێت (ایها الاغا, انك دب كبير, مكانك جهنم و بئس المصير!), واتە (ئەی ئاغا, تۆ ورچێکی گەورەیت, و جێگاشت دۆزەخە و لەوە لاتریش!). بەبێ ئەوەی کەس تێبگات!. بەڕێکەوت مەلایەکی گوندێکی تر کە بۆ نوێژی هەینی هاتووەتە ئەوێ لە مەبەستی مەلا

(لا اكراه في الدين – واته زۆر و زۆرداری له ئایندا نییه...!).

هەرچی چۆنێك بێت و پاش ئەو هەموو پێكدادان و نەبەردانە, عارەب توانی كوردستان داگیر بكات. بەڵام ئەم داگیركردنە لەچاو هەر داگیركردنێكی تردا جیاوازییەكی هەیە, چونكە عارەب جگە لە نیشتمانەكەمان و لەنێوبردنی ئایین و كلتوورمان, ویستیان ژیرو بیركردنەوەشمان داگیربكەن و لەمەدا بەداخەوە پێشكەوتنێكی باشیان بەدەستهێنا و بەزۆری زۆردارەكی ئێمەیان موسڵمان كرد و ئایینەكەی خۆیانیان پێ لەبەركردین و لە شوێنی پەرستگاكانمان, مزگەوتەكانی خۆیان پێ دروست كردین و بۆ هەر ناوچەیەكیش عارەبێكیان دانا كە شارەزایی لە بنەماكانی ئایینەكەیاندا ببێت, تاوەكو ببێتە رابەر و فێركەری خەڵكی كورد و ئایین و ئایدۆلۆژیای خۆمانیان لەبیر بردینەوە و مێشكیشیان داگیركردین. تەنانەت جەژنە

---

تێدەگات و دەڵێت (نا وانییە), مەلای خاوەن وتاریش بەم جۆرە وەڵامی دەداتەوە: (اسكت يسكتون. الغنم ثلاثون, لك منها عشر و لي عشرون), واتە (بێدەنگ بە بێدەنگ دەبن, مەڕەكان سین, دەی بۆ تۆ و بیستی بۆ من). بەو جۆرە نێوی ئاغا لە وتاری ڕۆژی هەینیدا دێت و مەڕەكانیش لە نێوان هەردوو مەلادا دابەشدەكرێن و كەسیش تێناگات چی وتراوە و ڕوویداوە...؟!.

ب.لا. 71 – باسیل نیكیتین – الاكراد...

نەتەوەییەکانمانیشمان پێ لەبیر بردینەوە و لەجێی ئەوان جەژنەکانی خۆیانیان بەسەردا سەپاندین و تاوەکو ئەمڕۆش هێندەی کورد بە هەردوو جەژنی رەمەزان و قوربان و ئەوانی ترەوە ئاهەنگ دەگێڕن, بەو شێوەیە بە جەژنی نەورۆزەوە دەربەست نین, سەرنجی ئەو هەموو جلە نوێیانە و سەربڕینی ئەو مەڕ و ماڵات و بەخشینەوەی شیرینییانە بدەن بەهۆی جەژنە ئیسلامییەکانەوە و بەراوردێکی بکەن لەگەڵ جەژنی نەورۆزدا, کە لە سووتاندنی چەند تایە کۆنێك زێتر هیچی دی ناکرێت, کە ئەویش کاری پیرەمێرد راست بێت ئەو جەژنە نەتەوەییەی وەبیرهێنایەنەوە و خەریکە دەبێتە باوێکی تەواو لە نێو کوردەواریدا.[1]

هۆیەکی گرنگی تریش بۆ بە موسڵمان بوونی کورد ئەو ئەرکە گرانانە بوون کە پیاوە ئایینیەکانی زەردەشتی بەنێوی دینەوە, خستبوویانە سەرشانی خەڵکەکەو بۆیە بەشێکی کورد ئایینی ئیسلامیان کردە هەلێك بۆ خۆ رزگارکردن لە دەست

---

[1] لە ڕاستیدا پارتیا کارگەرێن کوردستانێ PKK, بە کارێکی گەلێك بێ وێنە هەڵستا لە دەرەوەی وڵاتدا, ئەویش بە گێڕانی چەندین ئاهەنگ و ڤیستیڤاڵ و خۆپیشاندانی مەزن لە شارە گەورەکانی ئەوروپادا و کارێکی وایانکرد کە تەواوی جیهان جەژنی نەورۆز بەتەواوەتی بەهی کورد بزانن.

پیاوە توندڕەوەکانی ئایینی زەردەشتی.[1] بۆ نموونە وەك دەڵێن ناوچەی بانەی خۆرهەڵاتی کوردستان بە خواهیشی خۆیان چوونەتە نێو ئایینی ئیسلامەوە,[2] بەڵام نەیانزانی چاکردنی ئەو هەڵەیە, بە هەڵەیەکی مێژوویی مەزن دەکەن و بۆ سەدان ساڵ دەبنە کۆیلەی بیری بێگانە...!.

دیارە کە کورد ماوەیەکی زۆر بوو پەیڕەوکەری ئایینە تایبەتیەکەی خۆیان بوون و نەدەکرا بە جارێك هەموو ئایینەکانیان بە ئاینێکی عارەب بگۆڕنەوە, بەڵکو خەڵکانێکی زۆر هەر بەدزییەوە خەریکی پەرستنە تایبەتییەکەی خۆیان بوون و ئەمەش لە باوکەوە بۆ وەچە تاوەکو ئێستا هەر بەردەوامە و ئێستاش لە کوردستاندا, سەدان هەزار کەس هەر پەیڕەوکاری ئایینی زەردەشتین, کە بە هەڵە پێیان دەگوترێ (یەزیدی). ئەمانە نزیکەی هەزار و چوارسەد ساڵە لە بەربەرەکانێی ئەوەدان کە لەسەر ئایینە رەسەنەکەی خۆیان بمێننەوە و لەوەدا سەرکەوتنێکی باشیان وەدەست هێناوە,

---

[1] ب.لا. 378 – مەسعود محەمەد – حاجی قادری کۆیی – بەشی یەکەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاریی کورد – بەغداد – 1973.
[2] ب.لا. 412 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ – کوردستان و کورد – جلد 1–2–3 چاپخانەی دار السلامی بەغداد – 1931 – انتشارات سیدیان – مەهاباد.

هەرچەندە هەندێك گۆڕانكارییان بەسەر ئایینەكەیاندا هێناوە, بەڵام وەك گووترا هێڵە گشتییەكانی ئایینی زەردەشتییان ون نەكردووە. سەرباری بەربەرەكانێی زەردەشتییەكان, كوردە موسڵمانەكانیش هەر كەوتنە بەربەرەكانێی عارەب و فەرمانڕەواكانیانەوە, چونكە عارەب هەر بە موسڵمانێتی كورد وازی نەهێنا, بەڵكو دەیان ویست بە عارەبیشیان بكەن, بۆ ئەم مەبەستە بەجارێك كەوتنە چەوساندنەوەی كورد. هەربۆیە كە كورد یەكەمین بەشداركاری هەر بزوتنەوەیەك بووە كە دژی دەستەڵاتدارێتی ئیسلامی هاتبێتە كایە, كە لە خەلیفەی موسڵماناندا خۆی نواندووە. لە شۆڕشەكانی زنج و خەواریج و شعوبی كە لە دژی خەلیفە یەك لەدوای یەكەكانی عارەب هەڵگیرسان, كورد یەكێك بووە لەو رەگەزانەی كە بەشداریی تێدا كردوون, ئەمە بێجگە لەو شۆڕشە مەزنەی كە سەرداری كورد( ئەبو موسلیمی خۆراسانی), رابەرایەتی كردووە, لە دژی دەستەڵاتدارێتی عارەبی.....

پاش رووخانی ئایدۆلۆژیی كورد, كورد نەیتوانی بە ئایدۆلۆژیای بێگانەوە كیانێكی سەربەخۆ بۆ خۆی دابمەزرێنێتەوە, چونكە دامەزراندنی كیانێك بۆ نەتەوەیەك, هەر دەبێت بە

ئایدۆلۆژیایەکی تایبەت بەو نەتەوەیە بێت, کە رەنگدانەوەی ناخی بێت و هەروەها نەشی توانی کە ئایدۆلۆژیای بێگانە بۆخۆی خۆماڵی بکات. دواتر دێمە سەر ئەو هەوڵانەی کە کورد بۆ خۆماڵیکردنی ئایینی ئیسلام داویێتی.

تێبینی دراوسێکانی کورد بکەن, کە عارەب و فارس و تورکن, ئەمانە هەموویان بوونە خاوەنی کیانی سەربەخۆی خۆیان, هەربەهۆ ئایینی ئیسلامەوە.

یەکەمیان کە عارەبە هەربەهۆی ئایینەکەیانەوە بوو کە خۆیان رێکخست و بوونە خاوەنی دامەزراوی خۆیان و نووکی شمشێریشیان تا ئەوروپا و ئەوپەڕی ئاسیا رۆیشت, خۆ ئەگەر ئەو ئایینە نەبوایە ئەوا تاوەکو پێش دۆزینەوەی نەوت, هەر لە دوورگەکەی خۆیاندا( ئەوس و خەزرەج),[1] هەر لە ناکۆکی دابوون و ژیانێکی زۆر سەرەتایی دەژیان و خەریکی ژیانی کۆچەرییان دەبوون و باکووری ئافریکا و ئێراقی ئێستا و وڵاتی شامیش نەدەبوونە عارەب...!.

---

[1] ئەمانە دوو تیرەی عارەبیی هەردەم دژ بەیەك بوون لە پێش ئیسلامدا, پاش بوونی محەمەد بە پێغەمبەر تەبایی خستە نێوانیانەوە.

بەڵام فارس وتورك, سەرباری ئەوەی کە بوونە هەڵگری هەمان ئایینی عارەبی, کەچی توانیان لێزانانە کیانی سەربەخۆ بۆ خۆیان دابمەزرێنن, چونکە فارسەکان توانیان ئایینی ئیسلام خۆماڵی بکەن و ڕێبازێکی تایبەت بە خۆیان کە لە ڕێبازی (شیعە)دا خۆی دەنوێنێت, بهێننەکایە, کە بووە هۆی دروستبوونی ئیمپڕاتۆری سەفەوی لەسەر دەستی ( شاسمایلی سەفەوی) دا (1502–1524 ن).[1]

تورکەکانیش بەهۆی لێزانی و سیاسەتمەدارەکانیانەوە, کەوتنە پیلانگێڕان دژی عارەب و خەلافەتیان برد بۆ خۆیان و پایتەختیشیان لە بەغدادەوە بردە ئەستانە[2] و بوونە

---

[1] ب.لا. 30 – جمال نبز – حول المشكلة الكردية – من منشورات الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في اوروبا – طبع على مطابع الاتحاد القومي للطلبة الاكراد في اوروبا – 1969.

لەڕاستیدا خۆماڵیکردنی ئایینی ئیسلام بۆ فارسەکان, لەلایەن (صەفییەدین) نێوێکەوە بوو, کە نێوی سەفەویش هەر لەمەوە هاتووە. ئەم کابرایە سۆفییەکی خەڵکی شاری ئەردەبیل بووە و لەنێوان ساڵانی 1252 – 1334دا ژیاوە, خەڵکێکی زۆری لە خۆی گردکردووەتەوە. پاشان (جونەید)ی باپیری شاسمایلی سەفەوی بووەتە ڕێبەری ئەم ڕێڕەوە و لەسەردەمی شاسمایلی کوڕەزایدا بووەتە ڕێبازێکی ڕەسمیی ئێران و ئەو شوێنانەی کە ژێردەستەی بوون...

ب.لا. 363 – مارتین فان برونەسن – ئاغا و شێخ و دەوڵەت – کوردۆ, لە ئاڵمانییەوە کردوویە بە کوردی – بەرگی یەکەم – بنکەی چاپەمەنیی ڕۆژ لە سوید – 1996.

[2] خەلیفە (موعتەصەم بیللا) کە دایکی تورك بوو, خاڵەکانی بوونە هەموو شتێك لە کۆشکی خەلیفەدا و خەلافەتیان برد بۆ خۆیان.

بەڕێوەبەری زۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکان و تا ئێستاش هەر خاوەنی دەوڵەتی خۆیانن. تەنانەت دوای رووخانی پیاوە نەخۆشەکەی تورك کە لە سەدەی بیستەمدا, بانگەوازی تورکەکان ئەوە بوو کە دەیانگوت (پێویستە هەموو برای دینییەکان کار بۆ ئەوە بکەن کە جارێکی دیکە یەکێتیی حکومەتی عوسمانی بێتەوە دی.... تاوەکو موسڵمانە راستگۆکان! دووبارە هەوای ئازادی هەڵمژنەوە)!.[1] دیارە تورك سوودێکی وای لە ئایینی ئیسلام بینیوە بۆ پێکهێنانی کیانێکی دەوڵەتیی خۆیان, هەر بۆیە ئەو بانگەوازە هەڵخەڵەتێنەرانەیان دەکرد.....!.

بەڵام کورد, پاش لەدەستدانی ئایینەکەی خۆی و بوونە پەیڕەوکاری ئایینی عارەب, نەیانتوانی ئەم ئایینە بۆ خۆیان خۆماڵی بکەن و ڕێبازێکی تایبەت بە خۆیان بهێننە کایەوە, بۆیە هەر بە ژێردەستەیی عارەب مانەوە.

پاش شکستی ئایینی زەردەشتی و نەهێشتنی شارستانی لە کوردستاندا بەهۆی هێرشی عارەبەکانەوە, بیرکردنەوەی کورد بە گشتی بووە وابەستەی عارەب و ئایینەکەیان, چونکە

---

[1] ب.لا. 223-224 – سي. جي. ادموندز – كرد و ترك و عرب – ترجمة: جرجيس فتح الله – مطبعة التايمس – بغداد – 1971.

هەرچی چۆنێك بێت کورد بووە موسڵمان و مزگەوتیش کە ڕەنگدانەوەی بیری شۆڤێنیزمی عارەبییە بووە ڕێکخەری کۆمەڵگەی کوردەواری و زاناکانی کوردیش, بوونە خزمەتکاری ئایینی ئیسلام و عارەب و ئەو خەڵکە کەمەشی کە هەر پەیڕەوکاری ئایینی زەردەشتی بوون, کەوتنە دوبەرەکییەکی توندی نێوان کوردە موسڵمانەکانەوە, تاوەکو وردە وردە ژمارەیان کەمبووەوە و ئێستاش هەر ئەو کەمینەیەیان لێ ماوە کە پێیان دەگووترێت ئێزیدی و ڕۆش بەرۆژ لە کەمبوونەوەدان.[1] لەبەرئەوە جارێکی تر ئایینی زەردەشتی نەیتوانی ببێتەوە ئایدۆلۆژیا و ڕێکخەری کۆمەڵگای کوردەواری, تاوەکو کیانێکی سەربەخۆ دابمەزرێننەوە. ئێزیدییەکانیش لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا هەر ئەوەندەیان پێدەکرا کە پارێزگاریی خۆیان و ئایینەکەیان بکەن و زۆر جاریش پێکدادانی خوێناوی لەنێو کوردی ئێزیدی و موسڵماندا ڕوویداوە و لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا نێویان زڕاوە, بە بیانووی ئەوەی کە ئێزیدییەکان شەیتان پەرستن و کافرن؟!. فەتوای پیاوە ئایینییە موسڵمانە کوردەکان, هێزکارێکی زۆر

---

[1] ب.لا. 5 – پروفیسور توفیق وهبی – بررسی مختصری از تاریخ ادیان کردان – مترجم: سید جمال الدین حسینی – انتشارات سیدیان – چاپخانه احمدی – 30-08-61.

خراپی بۆ نێو بەسەر دابڕانی (شەیتان پەرست) بەسەر ئێزیدییەکاندا هەبووە. بۆ نموونە (شێخ لئیسلام ئەبو سعودی ئامێدی),(1490–1574) فەتوایەکی ئایینیانەی دژی ئێزیدییەکان دەرکرد و بە (شەیتان پەرست)ی نێو بردن...؟!.[1] ئێنجا ئاخۆ دەبێت کەسانی بێگانە چییان بەم ئێزیدییانە گووتبێت!. ئەو پێکدادانە خوێناوییانەی لەنێوان ئێزیدییەکان و کوردە موسڵمانەکان, لە چەند سەردەمێکی جیاوازدا بووە و هەر تەنها پاشا کۆرە هێرشی نەکردوونەتە سەر. بەڵکو لە ساڵی 1799 ز, دا سێ سەد سواری بابانییەکانیش هێرشیان کردۆتە سەر کوردە ئێزیدییەکان..؟!.[2] جگە لە ئێزیدییەکان (عەلی ئیلاهی)یەکانیش لە هەندێك ناوچەی کوردستاندا هەن کە لەگەڵ موسڵمانەکاندا لە دوژمنایەتییەکی بەردەوامدا دەژیان...[3]

---

[1] ب.س.پ.لا. 98 – پروفسور توفیق وهبی.
[2] ب.لا. 250 – ستيفن هيمسلي لونكريك – المفتش الاداري في الحكومة العراقية سابقا – اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث – نقله الى العربية: جعفر الخياط – الطبعة السادسة – منشورات مكتبة اليقظة العربية – مطبعة الاركان – بغداد – 1985.
[3] ب.س.پ.لا. 122 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

بەلای منەوە ئەم عەلەوییانە, ئایینە کۆنە کوردییەکانیان لە ئایینی ئیسلامدا بەرجەستە کردووە و پەیڕەوکارانیشی زۆر بە توندی گرتوویانە, بەرادەیەك لە کۆبوونەوەکانی ئەم عەلی ئیلاهییانەدا زیکر و لەهۆش خۆچوونی دەروێشێکیان گەیشتۆتە رادەیەك کە لە بەردەم گۆڕەکەوە, "مینۆڕسکی مەبەستی گۆڕی بابا یادگارە", خۆی فڕێداوەتە چەمەکە بۆ خوارەوە و بانگی کردووە (هاتم بۆ لات ئەی بابا یادگار[1], وەرم بگرە) ئەم هەوەسە بەکوڵە وەرگەڕا و بوو بە کارەسات, بینەرانی رووداوەکە وتوویانە دەروێشەکە پارچە پارچە بووە و مردووە.[2] ئەمە نیشانەی بەهێزی و کاریگەریی ئەو بیرە بووە کە ئەو دەروێشەی والێکردووە لە هەزار بە هەزارێکەوە بۆ لای گیانی رابەرەکەی خۆی فڕێ بداتە خوارەوە, بەڵام بە داخەوە لەبەر ئەوەی ئەم عەلی ئیلاهییانە زۆرینەی کوردی پێك نەدەهێنا, هەربۆیە ئەو بیرە نەبووە تۆوی دامەزراندنەوەی شکۆی لەنێوچووی کورد....

---

[1] ئەم بابا یادگارە پیاوێکی ئایینیی زۆر مەزنی عەلی ئیلاهییەکان بووە.

[2] ب.لا. 125 – مینۆڕسکی – کورد – حەمە سعید حەمە کریم – کردوویەتی بە کوردی – چاپخانەی زانکۆی سەلاحەدین – هەولێر – 1984.

هێندەی کورد موسڵمانێتی بەدڵسۆزی وەرگرتووە و کردووە, ئەوەندە نەتەوەکانی تر گوێیان پێی نەداوە, تەنانەت خودی عارەب خۆشی, هەربۆیە کە کورد بەجارێك ژێرێتی و بیرکردنەوەی لە لایەن عارەبەوە داگیرکرا و, کارێکی زۆر ترسناکی کردە سەر ژێرێتییە رەسەنەکەی خۆی, بەرادەیەك کە ژیانی رۆژانە و داب و نەریت و کلتووریشیان[1] گۆڕانکاریی بەسەردا هات و ئاییبنی ئیسلام ئاڕاستەی دەکردن.....

---

[1] ئەم هێزکارە ڕۆڵێکی زۆر ترسناکی لەسەر کلتووری کوردەواری بینیوە و زۆر شتی کوردەواریی پێ لەیاد کردووین, بۆ نموونە ئەم چەند ساڵەی دوایی لێ دەرکەین دەبینین بەدەگمەن کەسێك نێوێکی کوردیی هەبووە و هەمووی محەمەد و عەباس و فەتاح و..., نێوی عارەبی بووە.

کەرەتێك تۆمارێکی کۆنی شارەوانیی سلێمانیم کەوتە بەردەست کە هی ساڵی سییەکان و چلەکان بوو, لەو تۆمارەدا لیستەی نێوی خوێندکارە هەژارەکانی قوتابخانەی ئەیوبیی (سەرەتایی) تێدا بوو, لەنێو ئەو هەموو خوێندکارانەدا تەنێ دوو کەس نێویان کوردی بوو بەنێوی (فەرەیدوون و شوان)ەوە, لیستەی ئەو نێوانە لە ڕۆژی 22–09–1949دا نووسرابوون تاوەکو یارمەتی وەربگرن. خۆ تا ئێستاش گەر یەکێك نێوی باوکی کوردی بێت, ئەوە پێمان سەیرە, لەوەوە برۆ بۆ باپیر و باوکی باپیر...

هەر لەنێو ئەو تۆمارەدا و بۆ ئەوەی بزانین کە هێزکاری زمانی عارەبی لەسەر کوردی, تاوەکو ئەم سەدەیە چەندە, با سەرنجی ئەم تۆمارەی ڕۆژی 27–04–1939ی شارەوانیی سلێمانی بدەین, کە چۆن نووسراوە واهی ڕوونووسم کردووەتەوە:

ژمارە – 290

تحریرات مقام متصرف و صورتی ڕاپوری کشفیەی مربوتی لە مجلس بلدیەدا متالعە و تدقیق کرا:

کاریگەریی ئەم ئایینە تاوەکو ئەم سەردەمی بیستەمە هەر لە بەهێزیی دایە, بە جۆرێك (مەلیك فەیصەڵی یەکەم)ی ئێران, لە هەموو وڵاتە عارەبی و ئیسلامییەکاندا کەس نادۆزێتەوە بیکاتە مامۆستای خۆی لە ئیسلامەتیدا, (مەلای گەورەی کۆیی مەلا محەمەد) نەبێت؟!, کە پێی گوتووە (ارید ان استکمل معلوماتي في الدین و في العربیة عند سماحتك), واتە: (دەمەوێت زانیارییەکانی خۆم لە ئایین و زمانی عارەبیدا لە لای

---

وقتی خوی لە اسنای فتح و گشادی جادە تازە (... ئەمە وشەیەك بوو بۆم نەخوێندراوەتەوە) لە حمامی قشلە کە عائد بە حمە اغای اورحمان اغا بر جادە کەوتوە و دیواری حمامەکە بی اسناد ماوەتەوە و لە ڕوخاندن ختری هەیە و لەو جیگەیەدا وکو محلیا کشف کراوە پارچە ارزیك مسلسی الشکل کە مساحەکەی عبارەتە لە شش مترە مربعی و عائدە بە دائرەی بلدیە موجودە و ام پارچە ارزە بە هیچ نوعیك بە کلکی بلدیە نایەت و بە دوکان و یاخود بە شتێکی تر کە بلدیە استفادی لی بکا لە بر امە مجلس بلدیە موافقتی ابینی کە ام پارچە ارزە بە بدل مسل بفروشری بە حمە اغای عبدالرحمن اغا کە لەو موقعەدا بو محافزەی حمامەکەی دعامە و اسنادی لی دروست بکا ام جهتە بە مقام متصرفی لدی العرز اگر اوانیش موافقیان بینی لترف هیئکەوە کە عبارەت بی لە ملاحز فنی بلدیە سید نورالدین عبدالوهاب و مهندس اول تاپو سید رفیق و اعزای مجلس ادارە یکتابگ و اعزای مجلس بلدیە ملا خالد اخف بچن بە اعتباری مترە مربعی تقدیری قیمتی او ارزە بکری و قیمتی او ارزە با راپور بیان بکن بم صورتە کیفیت جوابا بە مقام متصرفی عرز کردنی بە اتفاق قرار درا.

ئەمە تۆمارەکە بوو, ئەگەر یەکێك عارەبی نەزانێت ئاستەمە لەم تۆمارە بگات. بەڵام ئەوەی باشە کە زمانی نووسینی ئێستامان هەرچەندە ستاندارد نییە, بەڵام لەم تۆمارە پاکژترە.

بەڕێزتدا تەواو بکەم)؟[1]!. ئەم داوایەی مەلیك فەیسەڵ لەوانەیە بۆ تاکتیك و رامیاری بووبێت, بەڵام خۆ ئاستی زانیاریی مەلای گەورە دەردەخات لە ئایین و زمانی عارەبیدا, کە دەبێت زۆر باڵا دەست بووبێت تێیدا, هەر بۆیە مەلیك لەنێو هەموو وڵاتە عارەبی و ئیسلامییەکاندا رووی لە مەلای گەورە ناوە, کە کوردێکی نەتەوەییش بووە بە هەڵبەستەکانیدا.

ئەم قۆناغە لە سەردەمی داگیرکردنی عارەبەوە بۆ کوردستان بەردەوام بووە تا رۆژی ئەمڕۆ و بە ئایدۆلۆژیای بێگانەی رووتەوە نەتوانرا سەربەخۆیی وەدەست بهێنرێت, روویداوە کە لە لایەکی کوردستان و هەرێمێکی دیاریکراودا دەوڵەتێکی کاتی یاخود میرنشینێك هاتبێتە کایەوە, بەڵام ئەویش تاسەر بەردەوام نەبووە و تێکشکاوە. چونکە خاوەنی بیرو باوەڕێکی رەسەنی هەڵقوڵاوی ناخی کۆمەڵگای کوردەواری نەبوون و هەر بە بیروباوەڕی بێگانەوە بووە, نموونەی ئەم دەوڵەت و میرنشینانە هەر لە دوای داگیرکردنی عارەبەوە بۆ کوردستان, تاوەکو ئێستا زۆرن, دەوڵەتەکانی دۆسکی و مەروانی (990–1096 ز)[2] و حەسنەوی (956–1015 ز) و میرنشینەکانی

---

[1] ب.س.پ.لا. 103 – مەسعود محەمەد – گەشتی ژیانم..

[2] ب.س.پ.لا. 63 – مینۆرِسکی...

ئەردەڵان و بۆتان و بابان و سۆران و بادینان و.....هتد, لەو دامەزراوانەن کە هەریەکەیان لە ناوچەیەکی دیاریکراوی کوردستاندا و بۆ ماوەیەکی دیاریکراو فەرمانڕەواییان کردووە, بەبێ ئەوەی تاسەر بەردەوام بن و هەموو ناوچەکانی کوردستان بە تەواوەتی بکەنە ژێر رکێفی خۆیانەوە و کوردیش لە وابەستەیی ئەم و ئەو رزگار بکەن.....

لە سەردەمی دوازدەهەمی زایینیدا سەردارێکی کورد لە ریزی دەوڵەتی ئیسلامیدا هاتە کایەوە و بووە خاوەن نێوبانگ و دەستەڵاتێکی زۆر مەزن لە ناوچە ئیسلامییەکاندا, کە نێوی (سەلاحەدینی ئەیوبی) بوو, (1137-1193 ز)[1]. سەلاحەدین بەهۆی ئازایەتی و پێکهێنانی سوپایەکی زۆر بەهێزەوە, بووە رابەری تەواوی موسڵمانان و تەنانەت عارەبیشی لە نەمانی یەکجارەکی رزگار کرد و قودسیشی گرت[2], لەشکری خاچپەرستەکانی تێك شکاند و (ریتشارد شێردڵ)ی هێنایە سەر چۆك. ئەم کابرایە تا ئەو رۆژەی مرد

[1] تێبینی: ئەم مێژووی لەدایکبوون و مردنەی سەلاحەدین لەو سەرچاوانەی کە من دیومن وەکو یەك نییە.
[2] ب.س.پ.لا. 29 – جمال نبز – حول المشكلة الكردية.

هەر خەریکی خزمەتکردنی عارەب و ئایینەکەیان بوو, هیچ گرنگییەکی بە پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆی بۆ وڵاتەکەی نەدا, کە ئەگەر خاوەنی بیروباوەڕێکی کوردەواریی رەسەن بووایە, بەهۆی نێو و دەستەڵاتییەوە زۆر بە ئاسانی ئەوەی بۆ دەچووە سەر, وەکو ئەوەشی نەکرد!, کەوتە دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێزی عارەبی, بەنێوی (فاطمي)یەوە و رۆڵەکانی نەتەوەکەیی وەك سووتەمەنیی جەنگەکانی بەکار دەهێنا, دژی خاچپەرستەکان و لە بەرژەوەندیی عارەب و وەك دەڵێن زۆربەی سەربازانی نێو سوپاکەی کورد بوون و کردوونی بەگژ خاچپەرستەکاندا, بەو شێوەیە بووە جێ شانازیی عارەب و مێژووەکەی و ئێستاش لەسەر مێژووی کورد حساب دەکرێت....؟!.

لە سەردەمی دوازدەهەمدا, باشترین هەل بۆ پێکهێنانی دەوڵەتێکی کوردی هاتەکایەوە, تەنانەت پێش فارس و تورکیش, بەڵام بەهۆی جەنگەکانی سەلاحەدینەوە و فەرامۆشیی بۆ کوردستان و هەڵبژاردنی نازنێوی (ملك الناصر ابو المظفر صلاح الدنيا يوسف بن ايوب)[1], لە

[1] ئەمە ئەو نازنێوە بوو کە عارەبەکان لە سەلاحەدینیان نابوو.

لایەن سەلاحەدینەوە, لە جیاتی (رزگارکاری کوردستان و پاڵەوانە نەتەوەییەکەی)[1], سوود لەو هەلە وەرنەگیرا و سەلاحەدینیش و جەنگەگانی دژی خاچپەرستەکان بوونە هۆی ماڵوێرانییەکی گەورە بۆ کورد. چونکە زۆربەی جەنگاوەرەکانی سوپاکەی کورد بوون و ئەنجامی ئەو جەنگانەش بە سوودی ئایدۆلۆژیای بێگانەی عارەبدا شکایەوە. ئەمە جگە لەو زیانانەی کە ئێستا ئێمە باجەکەی دەدەین و لە لایەن فەلەکانی ئەوروپاوە هێندێك جار بە چاوی سەلاحەدین سەیری کورد دەکرێت!. چونکە ئەوانە رکێکی ئەستووریان بەرامبەر سەلاحەدین و سووپاکەی هەیە, لەبەر ئەوەی بەهۆی ئەوەوە قودسیان لەدەست دەرچوو و سووپای خاچپەرستەکانیش بە تەواوەتی تێکشکا, کە کوشت و کوشتارێکی زۆریان لێ کردن, کە هەموویان ئەوروپی بوون.[2]

ئەم رابەرە کوردە, هەر لە خزمەتی وڵاتی عارەب و ئیسلامدا بوو و تا ئەو رۆژەشی مرد هەر لە خاکی عارەبدا بوو و

---

[1] ئەمەش ئەو نازنێوەیە کە دەبوایە! کورد لێی بنایە؟!.

[2] تاکە شانازییەك کە سەڵاحەدین بۆ کوردی جێهێشتبێت هەر ئازایەتی و مەردایەتییەکەی بووە لەگەڵ دۆست و دوژمنیدا, کە ئەویش پێم وابێت ئەوانە چەند تایبەتمەندێکی گشتیی نەتەوەییانەی کوردن...

هەرلەوێش نێژرا, تێڕامێنن یەکێك لە کارە باشەکانی ئەوە بوو, کە ڕێبازی سوننی لەنێو میسرییەکاندا بڵاوبکاتەوە و بۆ ئەم مەبەستە دوو قوتابخانەی گەورەی بەنێوی (ناصرية) و(كاملية) لە میسردا کردەوە!. ئیبن ئەسیریش دەڵێت: بەندیخانەی (دار المعونة)ی رووخاند و قوتابخانەیەکی بۆ ڕێبازی شافعی لە جێیدا دروست کرد. هەروەها (دارالعدل)یشی کرد بە قوتابخانەی شافعی و داوەرە شیعەکانی میسریشی لابرد و لەجێی ئەواندا داوەری شافعیی دانا...![1], ئەمە بێجگە لەو قوتابخانانەی کە لە شاری قودسدا دروستی کردوون[2].

وەچەکانی سەلاحەدینیش پاش خۆی هەر لە خزمەتی عارەبدا بوون, چونکە پەروەردەکەیان عارەبی بوو و ئێستا هەموویان تێکەڵی عارەب بوون و بە دەگمەن نەبێت, هەر نازانن کوردستانیش بەری لە کوێوەیە...؟!.

هەموو ستایش و نەوازشێکیش کە عارەب پێشکەشی ئەم سەڵاحەی کردبێت! ئەوەیە کە لە شاری دیمەشقی پێتەختی

---

[1] ب.س.پ.لا. 130-131 – جلدی 2 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

[2] ب.لا. 195 – باسیل نیکیتین – الاکراد..

داگیرکەری سووریا, ئەو گەڕەکەی کە گۆڕی سەلاحی تێدایە, نێویان ناوە (زقاق المزابل) واتە (گەڕەکی زبڵخانە)...؟!.[1] لێرەدا کەریم خانی زەند و بنەماڵەکەیمان بیر دەکەوێتەوە ( 1794-1753 ز), کە بۆ ماوەی چل و یەك ساڵ فەرمانڕەوایی تەختی ئێرانیان کرد و پاش رووخانی ئەو بنەماڵەیە, ئاغا محەمەد خانی قاجار, لە تۆڵەی کەریم خان و لوتفەعلی خانی زەندا, کوشتارێکی زۆری بەرامبەر بە هۆزە کوردەکان و رابەرانی زەند کردووە و زۆربەی هۆزەکانی بۆ چەند جێگایەکی دووری ئێران راگوازتووە و هۆزی تورکمانی هێناوەتە جێیان!. چ کەریم خان و چ سەردارانی زەند کە لەو ماوەیەدا فەرمانڕەوای ئێران بوون هیچ خزمەتێکی کوردستانیان نەکردووە, بەڵکو هەر بۆ نموونە کەریم خان[2], مەزاری (شێخی سەعدی) و (حافزی شیرازی)ی نوێ کردووتەوە و پاسەوانی بۆ داناون و باخ و زەوی و زاری لەسەر وەقف

---

[1] ب.لا.24 – جەواد مەلا – کوردستان, نیشتمان و گەلێکی بێ دەوڵەت – گۆڕینی لە عارەبییەوە بۆ کوردیی زاری سۆرانی: شێرکۆ کۆیی – گۆڤاری (دڵانپار) – دەنگی کۆمیتەی ئاشتی و پشتگیریی نیشتمانی کوردستان – ژمارە 1 – خولی پێنجەم – 1995.

[2] کەریم خان, نازنێوی (وکیل الرعایا)ی لەخۆی نابوو؟!..
ب.لا. سیوهەفت – شەرەفنامەی شەرەفخانی بەدلیسی...

کردوون...؟! من دڵنیام که کەریم خانی زەند نێوی (ئەحمەدی خانی)ی هەر نەبیستووە که ئەویش هیچی له سەعدی و حافز کەمتر نەبووە بۆ نەتەوەکەی خۆی و دەبوایه مەزاری ئەمی نویێ بکردایەتەوە!. نوشستی هێنانی ئەم ئێران پەرستی و تەختی فارس ویستنه لەوەدابوو, که ئاغا محەمەد خانی قاجاڕی لەدوای دامەزراندنی حکومەتی قاجاڕی, ئێسکەکانی کەریم خانی زەندی له گۆڕ دەرهێنا و لەبەرپێی کۆشکەکەی خۆیدا ناشتی, تاوەکو هەموو رۆژێك بەسەریدا بڕوات!. و به دەستی خۆشی هەردوو چاوی لوتفەعلی خانی هەڵکۆڵی...؟!. ئەمه له چاکەی ئەو هەموو خزمەتەی که بنەماڵەی زەند بەرامبەر به فارس و ئێران و تەختە پادشاهییەکەی کردیان...؟!.[1]

کورد بوون , تەنها ئەوە نییه که رەسەنایەتیی بنەماڵەی کەسێك بچێتەوە سەر کورد, یا خود کوردستان. کورد بوون هەستە و بیروباوەڕە, کەوا له هەڵگرانی بکات, لەو هەست و بیروباوەڕەوە بڕواننە هەموو شتێك له بووندا. له رەوەندی مێژوودا چاومان به گەلێك له زانا و پیاوی ئاییني و ئەدیب و

[1] ب.س.پ.لا. 208 جلدی 1 – لا. 243 و 245 جلدی 2 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

کەسانی سەربازی دەکەوێت, کە بە رەسەن کوردن, بەڵام یان هەر کوردییان نەزانیوە یان لە خزمەتی پێشکەوتنی زانست و ئایین و ئەدەب و سوپای بێگانەدا بوون. شانازی کردنی کوردێك بەم کەسانەوە کارێکی نانەتەوەییە و باشتر وایە بە کورد نەژمێردرێن. بۆچی دەبێت سەلاحەدین کورد بێت و شانازی پێوە بکەین, کە چڵە پووشێك چییە نەیخستووەتە سەر خەرمانێك لە کوردستاندا, لە زیان و ماڵوێرانی زێتر...؟!. بۆچی (محەمەد عەلی پاشای میسر) کورد بێت, کە هەر لە خزمەتی میسر و پێکهێنانی دەوڵەتێکی بەهێزی میسریدا بووە...؟!. کورد بوونی (ئەحمەد شەوقی) کە (أمیر الشعراء)ی عارەبە و هەروەها کوردبوونی (عەبباس مەحموود عەققاد)یش کە گەورەترین ئەدیبی میسر بووە! ناتەوان, با بە زمان و خامەی خۆشیان بڵێن ئێمە کورد بووین, ئەی کوا هەست و بیروباوەڕی کوردییان؟!, کوا جیێ پەنجەیان بەسەر پێشکەوتنی زانست و ئایین و ئەدەب و....هتد. یی کوردەوە؟ بە تایبەتی هەندێك لە پیاوە ئایینییە کوردەکان کە هەرچییەکیان کردبێت و خۆیان واتەنی (زانستی نوحیشیان بووبێت)!,. بۆ کورد بێسوود بووە و لە خزمەتی بێگانەدا

بووه, که گەلێك کەڵە پیاوی ئایینیان تێدا هەڵکەوتووە, هەروەك (ئیبن و لخەلەکان و ئیبن و لئادەم و ئیبن و لئەسیر و ماردینی) و زۆری تر[1], کە تاوەکو دێڕە هۆنراوەیەکی کوردییان نووسیوە![2] دەیان نووسراو و حاشیەیان لەسەر ئایینی عارەبی نووسیوە, ئەو دێڕە هۆنراوەیەی کە ئەگەر لەلایەن

---

[1] گەر بێتو چاوێك بە کتێبی (ما اسداه الاکراد الی المکتبة العربیة – ئەوانەی کە کورد پێشکەشی کتێبخانەی عارەبیی کردووە)دا, بخشێنین: کە هەرچەندە ئەوە هەموو ئەوانە نین کە کورد پێشکەشی کتێبخانەی عارەبیی کردوون!, بەڵکو تەنها هی درێژایی چواردە سەدە, لەو کتێبەوە, بۆمان دەردەکەوێت کە کورد چیی بۆ عارەب کردووە و چیی بۆ نووسیوون؟!.

بڕوانە: مصطفی نریمان – ما اسداه الاکراد الی المکتبة العربیة – ساعدت الامانة العامة لادارة الثقافة و الشباب لمنطقة لاحکم الذاتي في کردستان علی نشرها – مطبعة حسام – بغداد – 1983.

[2] هەڵبەت ئەم دیاردەیە, تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ هەر بەردەوامە, پێت سەیر نەبێت کە یەکەمین نووسەری کورد لە کاتی ئێستادا کە زۆرترین ژمارەی پەڕەی چاپکراوی هەبێت, (مەلا عەبدولکەریمی مودەڕڕیس)ە, کە زۆرینەی نووسراوەکانی لەسەر ئایینی ئیسلامە.

هەر بۆ زانینی ڕێژەی ئەو مەلا کوردانەی کە خزمەتی ئایینی ئیسلامیان کردووە, سەیری چوار کتێبی مەزنی مامۆستا مەلا عەبدولکەریم بکە, کە دیارە ئەوانەش هەموو ئەوانە نین کە تۆمار کرابێتن و مشتێك لە خەرمانێکن, ئەمانەش نێوی ئەو کتێبانەیە:

1– یادی مەردان – بەشی یەکەم – 656 لاپەڕەیە.
2– یادی مەردان – بەشی دووەم – 672 لاپەڕەیە.
3– بنەماڵەی زانیاران – 632 لاپەڕەیە.
4– علمائنا في خدمة العلوم و الدین – بە زمانی عارەبی, کە ئەویش کتێبێکی زۆر ئەستوورە, ژمارەی پەڕەکانیم بیر نەماوە.

دیارە هەر یەك لەو کتێبانە, سوودی خۆیی هەیە, بەڵام نووسەرانی کورد جارێ شتی گەلێك گرنگتریان لە پێشە وەکو ئەوەی خەریکی ئەو جۆرە کارانەبن.

کەمینەیەکیانەوە نووسرابێتیش, ئەمە جگە لەوەی لەسەر کێشی "عەروز"ی عارەبی بووە, ناوەڕۆکەکەشی هەر لە خزمەتی ئایینی عارەب و ستایشی خۆیان و فەزڵی عارەب و ئەسحابەکان و ڕابەرەکەیانەوە بووە...

کاشکی هەر بەوەشەوە بوەستایەتەوە, سەرنجی ئەم چوارینەیەی (شێخ ڕەزای تاڵەبانی – 1835–1909) بدەن, کە چۆن لە پێناوی ئەو بیرەی بیاباندا سووکایەتی بە کەسایەتیی تاکی کورد دەکات؟!, کە دەڵێت!:

یا رسول الله چه باشد چون سگی اصحاب کهف
داخل جنت شوم در زمره اصحاب تو؟
او رود در جنت و من در جهنم کی روا است؟
او سگی اصحاب کهف, و من سگی اصحاب تو[1]

واتە ئەی پێغەمبەری خودا, (مەبەستی محەمەدی عارەبە), چی دەبوو ئەگەر سەگی یاوەرانی ئەشکەوتەکە بوومایە! (اصحاب الکهف, چیرۆکێکی بەنێوبانگە لەنێو موسڵماناندا و لە قورئانیشدا باسکراوە) و لەگەڵ یاوەرانتدا بچوومایەتە

---

[1] ب.لا. 343 – عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی – 1952.

بەهەشتەوە. ئەو بچێتە بەهەشتەوە و منیش بۆ ئاگر و دۆزەخ؟, ئەگەر دەتەوێت من دەبمە سەگی یاوەرانی تۆ! (نەك سەگی محەمەد خۆی !!), هەروەکو ئەو بووە سەگی یاوەرانی ئەشکەوتەکە.

تێڕامێنن! کە شێخ رەزا یەکێك بووە لە رۆشنبیرانی کورد لە سەردەمی خۆیدا[1] و ئەوە مێشك و بیرکردنەوەی بووە, ئیتر چۆن بەم بیرکردنەوەیە, دەوڵەتی کوردی دابمەزرێت. بەڵام خۆشبەختانە, جەنابی شێخ رەزا, ئەو چوارینەیەی بە فارسی نووسیوە, نەکا لەسەر ئەدەبی کوردی گەڵاڵە بکرێت. هەمان ئەو شێخ رەزایە جێگایەکی زۆر دیاریشی لە مێژووی ئەدەبی کوردیدا هەیە....

ئەوەیان لەلایەك, لە لایەکی ترەوە ئەم شێخ و مەلایانە خولیای شەو و رۆژیان ئەوە بووە, چۆن خۆیان وەك (سید) نیشانی خەڵکی بدەن و رەچەڵەکی خۆان ببنەوە سەر حەسەن

[1] شێخ ڕەزای تاڵەبانی گەلێك هەڵبەستی جوانی لە ستایشی میرنشینی بابان و هێزی سەربازییدا هەیە... تێبینیی سەرلێشێواویی ئەو بیرەی شێخ ڕەزا بکەن, لەلایەکەوە ستایشی میرنشینێکی کورد دەکات و لەلایەکیشەوە خۆی بەسەگی (اصحاب الکهف) دەزانێت!. بەراوردێکی ئەم هەڵبەستە, لەگەڵ هەڵبەستی (لەبیرم دێ سلێمانی کە دارولمولکی بابان بوو...)دا بکەن!... هەرچەندە هەر لەو هەڵبەستەشدا دەڵێت: (عەرەب ئینکاری فەزڵی ئێوە ناکەم ئەفزەڵن ئەمما...)؟!.. ب.س.پ.لا. 354 – عەلادین سوجادی – مێژووی ئەدەبی کوردی.

یان حسەین یا خود هەتا خالید و سەعدیش...؟! تاوەکو زێتر لەنێو کۆمەڵگادا سۆز و دەستەڵاتیان ببێت! خۆ بە گوتەی ئەوانە بێت ژمارەیەکی زۆری کورد بە ئەسڵ و فەسڵ دەبنە عارەب!, تەنانەت شێخی نەمریش...؟!.[1] ئەوەی جێی سەرسوورمانە هەندێك لەوانە خۆیان دەبەنەوە سەر خالیدی کوڕی وەلید!, کەچی ئەو کابرایە وەچەکانی بە نەخۆشی رەشانەوە لەنێو چوون و هەر زوو بەچەندساڵێك دوای خۆی وەجاخی کوێر بووەتەوە و دوای بڕاوە, ئیتر چۆن و بە چ شێوەیەك دەچنەوە سەر ئەم خالیدە؟!,. ئەوەیان جێی سەرسوورمانە!.[2,3]

---

[1] شێخ مەحموودی نەمر دەچێتەوە سەر سەیدەکانی بەرزنجە, گوایا ئەوانە نەوەی قوڕەیشن!. هەڵبەت دوو جۆر شێخ هەن, یەکەمیان شێخی تەواو, کە بە بنەچە دەچنەوە سەر محەمەدی عارەبی. دووەمیان شێخی بەرماڵ, کە ئەمەیان بەهیلاکیی خۆیی و نوێژ و ڕۆژوویەکی زۆر دەبێتە شێخ.

[2] ب.س.پ.لا. 358 جلدی 2 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

[3] عارەب بە هەموو نەتەوەیەکی ناعەرەبی دەڵێت: (عەجەم), یان وەکو خۆیان دەڵێن, (غیر العرب عجم)و بەو پێیە کوردیش ناعارەبە و عەجەمە, بەڵام ئەوەی جێی سەرسوورمانە کورد بە فارس دەڵێت عەجەم, وەکو خۆی عارەب بێت!, کە ئەمەش نموونەیەکی بیرکردنەوەی کورد و هێزکاری عارەب و ئاپینی عارەبە لەسەر کورد. لەو ڕووەوە کتێبی (کورد و عەجەم)ی (نەوشیروان مستەفا), نێوێکی هەڵە و نازانستییانەیە, با لەنێو کوردیشدا واهی باوبێت...

به هاتنه كايەی دەسته‌لاتی فارسی و دەسته‌لاتی توركه‌وه, كورد سه‌رباری ئه‌وه‌ی بووه گۆڕه‌پانی جه‌نگی ئه‌م دووهێزه, كه‌وتیشنه نێوان دوو قوتابخانه‌ی ئایینیی جوداوه, كه ئه‌وانیش (شیعه‌و سوننی) بوون. ئه‌و دوو هێزه له به‌رژه‌وه‌ندیی خۆیان كه‌وتنه بلاوكردنه‌وه‌ی بیری شیعه‌یه‌تی و سوننه‌یه‌تی له كوردستاندا, هه‌رچه‌نده كورد خۆی هه‌ر پاش داگیركردنی عاره‌ب سوننی بوون. به‌لام ده‌وڵه‌تی فارسی توانی هه‌ندێك له رۆڵه‌كانی نه‌ته‌وه‌ی كورد به بیری شیعه‌یه‌تی بێ هۆش بكات. له سه‌رده‌می (شاسمایلی سه‌فه‌وی)دا, كورد, چه‌ند وه‌كو كورد چه‌وساونه‌ته‌وه و نه‌ته‌وه‌یه‌كی نافارسی بوون, هه‌زار ئه‌وه‌نده‌ش له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زۆربه‌یان سوننی مه‌زه‌ب بوون! چه‌وساونه‌ته‌وه, چونكه سه‌فه‌وییه‌كان به‌هیچ جۆرێك بڕوا و متمانه‌یان به كوردی سوننی نه‌كردووه و هه‌رده‌م هه‌وڵی ئازاردانیان داون.[1] به‌هۆی ئه‌مه‌وه كورده سوننییه‌كان هه‌ستێكی بێگانه‌یان به‌رامبه‌ر ئێران هه‌بووه و هه‌میشه ویستوویانه په‌یوه‌ندی به سوڵتانه عوسمانییه‌كانه‌وه بكه‌ن,

---

[1] ب.لا.229 و 230 – د. كمال مظهر احمد – دراسات في تاريخ ايران الحديث و المعاصر – مطبعة اركان – بغداد – 1985.

چونكه سوننی مەزهەب بوون[1], ئەم جەنگی شیعە و سوننەیە لە كوردستاندا بە قازانجی تورك شكایەوە و بەهۆیەوە لە جەنگی چاڵدیرانی 1514 ز دا سەركەوتن, كە ئەویش هەربە یارمەتیدانی كورد بوو بۆ تورك[2], لەبەر ئەوە زۆرینەی كورد هەر بە سوننی مانەوە, بەڵام ئەو كوردانەی كەوتنە ژێر هێزكاری فارسەوە و بوونە شیعە, تا ئێستا زۆربەیان هەستی نەتەوەییانەی خۆیانیان لەكیس داوە و بوونەتە فارس, كە ئەمانەش زۆرتر لە كوردەكانی هەرێمی لەك و لوڕن و ئێستا زمانە رەسەنەكەی خۆشیان بیرچووەتەوە و لە شیعە و ئێرانی بەو لاوە خۆیان بە هیچی تر نازانن!, دیارە ئەمانەش زێتر رۆڵەكانی ئەو ناوچانەن كە كەوتوونەتە سەر سنوری نەتەوەیی كورد و فارس, هەروەها شاری موسڵیش كاتی خۆی شارێكی ماد نشین بووە و و پێی گووتراوە (مسپلا) و پاش ئەوەی كە خالیدی كوڕی وەلید لە 640ز دا داگیری كرد, وردەوردە بووە شارێكی عارەب نشین[3]. كەواتە ئایینی ئیسلام بووەتە

[1] ب.لا. 20 – حسن ارفع – كردها و يك بررسى تاريخى و سياسى – ترجمه از متن انگليسى – لندن – چاپ دانشكده اكسفرد, نيويورك, تورنتو – 1966.

[2] ب.لا 93 – د. حوسێنی خەلیقی – كۆمەڵناسی كوردەواری – بەغداد – 1992.

[3] ب.س.پ.لا. 249 – جمال نبز – الامير الكردي...

هۆی کەرتکردنی یەکانگیربوونی نەتەوەیی کوردیش و پاشان لە دەستدان ڕێژەیەکی نەتەوە و خاکەکەی.... ئەم هەستی ڕێبازی شیعەیەتییە لەنێو کوردە لوڕییەکاندا گەیشتۆتە ڕادەیەکی وا!, کە ئەفسەری ڕووسی (ئوشاکۆڤ), کە سەرۆکی دەستەی قۆزاقە ئێرانییەکان بوو لە ناوچەی کرمانشاندا, بیرخەرەوەیەکی نهێنی بداتە کۆنسوڵی ڕووسی لە شاری کرماشان, لە کۆتایی ئۆکتۆبەری 1914دا و زۆربە ڕاشکاوی بڵێت: (هێندێك زانیاریم لەلایە کە ئەوە دڵنیا دەکەن, کە دەتوانرێت هۆزە کودە لوڕییە شیعەکان بەوە هان بدرێت کە دەست بگرن بەسەر شاری کەربەلادا و لەدەست تورکەکانی دەربهێنن)؟![1]. ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە هەستی کوێرانەی شیعەیەتی لەنێو زۆربەی لوڕدا هەستی نەتەوەیی کوردیی لەبیر بردبێتەوە و پیرۆزێتی کوردستان و سەربەخۆیی لا کردبێتنە ڕزگارکردنی کەربەلا و نەجەف؟!..

هەروەها ئەو کوردانەشی کە تاوەکو هاتنی تورك هەربە بێ ئایینی مابوونەوە و موسڵمان نەبووبوون, بەهۆی فڕوفێڵ و ڕامیاریی تورکەکانەوە کردیاننە موسڵمان, چونکە دەیانزانی

[1] ب.س.پ.لا. 95 – د. كمال مظهر احمد – دراسات في تأريخ ايران...

کورد بەهۆی دینەوە نەبێت! ناتوانن بیانلکێنن بە خۆیانەوە...[1] لەمەدا هەندێك لە مەلا کوردەکان رۆڵێکی گەلێك ناکوردانەیان لە بەرژەوەندیی تورك یاری کرد, بۆ زێتر دەسندەخۆری و کاسەلێسیی ئەو مەلایانە سەرنجی ئەو نامەیەی سوڵتان سەلیمی عوسمانی بدە, کە لە نۆڤەمبەری 1515ز دا, ئاڕاستەی ئیدریس بەدلیسیی (مەلا)ی کردووە, هەروەك سوپاس گوزارییەك بۆ سیخوڕیی و ئایین و ئۆیینەکانی لەدژی کوردا:

کە سوڵتان پاش چەندین نازنێو و شتی تر سوپاسی دەکات, بۆ ئەوەی کە ئەم مەلایە بووەتە هۆی داگیرکردن یان (الفتح!!)ی هەموو ویلایەتی دیاربەکر و, وەك دەست خۆشانەیەکیش دەیان دیاریی بەنرخی وەك شمشێری زێڕ و چی و چیی تری بۆ ناردووە!, ئەمە بێجگە لە مانگانەکەی مەلای بەکرێگیراو کە دووهەزار لیرەی زێڕین بووە...؟!.[2] مەلا ئیدریس, خۆشی لە کتێبەکەی خۆیدا (سەلیم نامە), دەڵێت: کە لە تەورێز گەڕاینەوە, یاوز سوڵتان سەلیم ئەمری پێ کردم کە لە ورمێ و

---

[1] ب.لا. 56 – دبليو. ار. هي. سنتان في كردستان (1918 – 1920) – ترجمة: فؤاد جميل – الجزء الاول – بغداد – 1973.

[2] بۆ درێژەی ئەو نامەیە بڕوانە لا. 227 – جمال نبز – الامير الكردي...

شنۆوە تا دیاربەکر و مەلاتیێ, هەر چەندێك میری کورد هەیە بیانهێنمە ژێر چاودێریی سولّتان و لەسەر (پەیمانی باوەڕ و ئیسلام) گفتیان لێ وەرگرم.[1] تەنانەت بۆ ئەو مەبەستە, ئیدریس نامەیەکی بۆ سولّتان سەلیم نووسیوە و داوای هێزی سەربازیی لێکردووە, هەربۆیە ئەویش لە بەهاری 1516ز دا, لەشکرێکی بیست هەزار کەسیی لەژێر فەرماندەی خەسرەو پاشادا ناردووەتە کوردستان....؟!.[2]

بە گشتی پیاوە ئایینیە کوردەکان, دەستێکی زۆر نائاساییان هەبووە لە رەوتی رامیاریی میرنشینە کوردییەکاندا و بە ئارەزووی خۆیان ئاڕاستەیان کردوون و میرەکانیش نەیان توانیوە ئەو دەست تێوەردانە بەر پێبگرن, چونکە یان میریش خۆی پیاوێکی ئایینیی[3] دەمارگیر بووە, یان[1] ترساوە لەوەی

---

[1]ب.س.پ.لا. 13 – جلدی 1 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

[2]ب.س.پ.لا. 164 – جلدی 1 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ.

[3]لە لاپەڕە 110ی بەشی سێیەمی پەڕتووکی حاجی قادری کۆییەکەی مامۆستا مەسعوددا, هەڵبەستێك هەیە نازانم هی مەلای گەورەیە یان هی حاجی قادر خۆیەتی, دەڵێت:

حاکم و میرەکانی کوردستان
هەر لە بۆتانەوە هەتا بابان
یەك بە یەك حافیزی شەریعەت بوون
سەیید و شێخی قەوم و میللەت بوون

که ئەو پیاوە ئایینیانە لە لای شای ئێران یان سوڵتانی عوسمانی بۆیان تێبچێنن, یا خود هیچ نەبێت جەماوەری میرنشینەکەیی لێ هان بدەن, بۆ زێتر روونکردنەوەی ئەوە لە رۆژی 13ی مایی 1820دا کاتێك کە میستەر ریچ, لەگەڵ مەحموود پاشای بابان و دەستەی بەڕێوەبەرایەتیی میرنشینی باباندا دانیشتووە و باسی حکومەتی بەریتانیای بۆ کردوون و

---

پێدەچێت هی حاجی بێت...

[1] لەڕاستیدا میرە کوردەکان زۆربەیان ئایینییەکی دەمارگیر بوون کە نموونەیان گەلێك زۆرە لەوانە (مەحموود پاشای بابان) و (میری کۆرەی سۆران) و زۆربەی میرەکانی بادینان و هیتر..

بەڵام لەسەر ئیسلامەتیی مەحموود پاشای بابان دەمەوێت هەڵوێستێك بگرم: کە ئەویش ئەو کاتەی کە میستەر ڕیچ لە ڕۆژی 7ی ئۆکتۆبەری 1820دا, چاوپێکەوتنی لەگەڵدا دەکات و دەربارەی مێژووی میرنشینەکەی پرسیاری لێدەکات و پێی دەڵێت بۆچی ئاگاداری مێژوو و ڕووداوەکانی نییە؟, میریش لە وەڵامدا دەڵێت:

(جگە لە مێژووی پێغەمبەران و, پیاوچاکان, ئەوەندەی بتوانم لە ڕۆژگار و گوزەرانیان بزانم, ئیتر زۆر تامەزرۆی مێژوو نیم و, لە شانامە زیاتر, شتێکی لێ ناخوێنمەوە)...؟! لا. 306.

هەروەها لە ڕۆژی 20ی ئۆکتۆبەری 1820دا, کە میستەر ڕیچ ماڵئاوایی لە مەحموود پاشا دەکات, دەیەوێت کە هەستی نەتەوایەتی و بنەماڵەچێتیی تێدا ببزوێنێت, بەڵام بێ کەڵك بووە, چونکە پابەندیی بە ئایینەوە بەو جۆرەی لێ بەسەر هێناوە... لا. 323 و 234.

ئەمەیە زیانی میرایەتیی پشتاوپشت و نەبوونی پیاوی گونجاو بۆ شوێنی گونجاو, ئەگینا لەو سەردەمەدا هەبووە تامەزرۆی مێژووی کورد و بنەماڵەی بابان بێت و مێژووی پیاوچاکانیشی, دانابێت بۆ پیاوە ئایینییەکان... بەڵام لەوە زیانبەخشتر, هەمان ئەو سیستمی پشتاوپشتییە, ئەمڕۆ هاتۆتە نێو بزووتنەوەی ڕزگاریخوازانەی نەتەوەکەمانەوە, زۆر بەداخەوە.

وتوویەتی کە قەشەکان و پیاوی ئایینی لە حکومەتەکەیدا دەستیان ناڕوات, هەموو پێیان شتێکی سەیر بووە, کە چۆن دەست ناخەنە نێو کاروباری حکومەتی بەریتایناوە....!, هەر بۆیە یەکێك لە دانیشتووانی نێو کۆڕەکە لە گرفتی دەست تێوەردانی مەلاکان بۆ میرنشینی بابان تێگەیشتووە و بە ئاهێکەوە گووتوویەتی: (چاوتان لێیە, لە وڵاتی ئەمان, مەلاکان دەستیان ناڕوات!)[1]. هەڵبەت لەو کاتەدا لووتکەی بەربەرەکانێی نێوان مەولانا خالید و شێخ مارفی نۆدێ بووە لەسەر دەستەڵاتی ئایینی.

زۆربەی پیاوە ئایینیە کوردەکان لەسەر تەریقەتی قادری بوون پێش سەرهەڵدانی تەریقەتی نەخشبەندی, تەریقەتی قادری کە لەسەر دەستی شێخ عەبدولقادری گەیلانییەوە هاتۆتە کایەوە و مەلا کوردەکان هەر لە سەدەی شەشەمی کۆچییەوە خۆیانیان پێوەی بەستووەتەوە, بەڵام ئەم تەریقەتە نەبووە هۆی ئەوەی کە تایبەت بێت بە کوردەوە و هەموویان رێك بخات و ببێتە هۆی دامەزراندنی کیانێکی کوردی, هەروەکو

---

[1] ب.س.پ.لا. 120 – گەشتی ریچ...

فارس و تورك كە بۆیان لوا. بۆیە تەریقەتی قادری نەبووە هۆی گۆڕانكارییەكی ئەوتۆ لە كوردستاندا.

ئەو میرنشینانەی كە لە دوای سەدەكانی نێوەڕاستدا لە كوردستاندا هاتنە كایەوە, ئەگەر بیانتوانیایە ڕێبازێكی ئاینیی سەربە ئیسلامیان بەخۆوە تایبەت بكردایە و ببوایەتە هێزێكی جەختكار لەنێو كۆمەڵگادا و دڵسۆزی بوونایە, ئەوا بە هۆیەوە ئەو میرنشینە گەشەی دەكرد و تاوای لێدەهات دەستی بەسەر میرنشین و تەواوی ناوچەكانی كوردستاندا دەگرت و وەكو هێزێكی سێیەمی پاش فارس و عوسمانی لە ناوچەكەدا دەوەستایەوە. بەڵام ئەمە ڕووی نەدا, هەرچەندە چەند هەوڵێكی لەم بابەتە لەنێو پیاوە ئاینیە موسوڵمانەكانی كوردا درا, بەڵام سەرەنجامەكەیان بە دووبەرەكی و نا سەركەوتوویی شكایەوە.

گەر سەرنجی میرنشینی سۆران بدەین, دەبینین كە لە سەردەمی فەرمانڕەوایی (پاشای كۆرە)دا, گەیشتە ئەوپەڕی دەستەڵاتێكی سەربازی و شارستانی و چەند هەرێمێكی زۆری كوردستانیشی كۆنترۆڵ كرد, بەڵام چونكە بزوێنەری ئەو میرنشینە بیری بێگانە بوو, كەوتنە جەنگ و پێكدادان دژی

کوردە ئێزیدییەکان, کە ئەویش بە فەتوای (مەلا یەحیای مزوری) بوو[1], بە بیانووی ئەوەی کافر و شەیتان پەرستن و بەو بیانووەوە دەیانویست ناوچەکانیان بخەنە ژێر رکێفی میرنشینەکەوە!, نەکە بە بیانووی ئەوەی کە ئەوانیش کوردن و دەبێت هەموو نەتەوەی کورد یەك دەستەڵات, فەرمانڕەواییان بکات, کەچی ئەوەی جێی داخ و سەرسووڕمانە هەر ئەو میرنشینە بەهۆی فەتوایەکی ناڕەوای مەلایەکی کوردەوە(مەلای خەتیّ), هاتە لەرزین و جەماوەری نێو دەستەڵاتی میرنشینەکە چیدی بەرگری و باوەڕیان پێی نەما و نەکەوتنە جەنگەوە لەگەڵ سوڵتانی عوسمانیی تورکدا, نەوەکو کافر بن و تەڵاقیان بکەوێت!. چونکە سوڵتان رابەری هەموو برا ئایینییەکانە و کوردیش یەکێکە لەو برا ئایینییانە و نەتەوەی ئیسلامی...؟!...[2] ئەمە جگە لەوەی کە پاشا کۆرە خۆشی موسڵمانێکی دەمارگیر بووە و زۆربەی چاکسازییەکانیشی لەنێو کۆمەڵگای کوردەواریدا لەسەر پێڕەوی قورئان و سوننەی محەمەدی بووە, بە رادەیەکی وا کە

---

[1] ب.س.پ.لا. 47 – جمال نبز – المير الكردي....

[2] ب.لا. 83 و 84 – داماو حسێن حوزنی موکریانی – مێژووی میرانی سۆران – چاپی دووەم – چاپخانەی (کوردستان) – هەولێر 1962.

(هەڵپەڕکێی رەشبەڵەک)یشی لەنێو گۆڤەندی کوردەواریدا قەدەغە کردووە!. بەو بیانووەی کە ئەمە دژ بە ئایینی ئیسلامە و پیاو و ژن تێکەڵاوی یەکدی دەبن؟!.[1]

(مەولانا خالیدی نەخشبەندی 1778–1826 ز)، ئەو پیاوە ئایینیە بەنێوبانگە بوو کە لە شاری سلێمانیی پێتەختی میرنشینی باباندا سەری هەڵدا و کەوتە بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستاندا و لە خانەقاکەیدا لە سلێمانی، وانەکانی تەریقەتی بە مرید و فەقێکانی دەگووتەوە...
مەولانا خالید دوای گەڕانەوەی لە هندستان لە ساڵی 1226دا، و پاش خوێندن و تەواوکردنی زۆربەی زانستە ئایینیەکان[2] خۆی تەرخانکرد بۆ بڵاوکردنەوەی تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستاندا[3]، کە زۆربەی مەلا و فەقێ کوردەکان لە ناوچە جیاجیاکانی کوردستانەوە دەهاتنە سلێمانی بۆ لای و لەسەر

[1] ب.س.پ.لا. 107 – جمال نبز – الامیر الكردي...
جێی داخە کە شۆڕشی ئەیلوولیش لە پاش دوو سەدە!!، ئەم جۆرە هەڵپەڕکێیەی قەدەغەکرد... واتە پاش دوو سەدە بەرەودواوە چووینەتەوە؟!.

[2] مەولانا خالید چەندین نووسینی ئایینی و ئەدەبیی هەیە، کە ژمارەیان خۆی لە هەژدە کتێبێك دەدات.

[3] ب.لا. 32 – مەلا عەبدولکەریمی مدرس – یادی مەردان – بەرگی یەکەم – چاپخانەی کۆڕی زانیاری کورد – بەغداد – 1979.

دەستیدا تەریقەتیان وەردەگرت و دەبوونە مریدی و نێو و نێوبانگی بە هەموو لایەکی کوردستاندا بڵاوبووەوە و لە لایەن خەڵکییەوە زۆر ڕێزی لیَ دەگیرا و مریدەکانی گەلێك باوەڕیان بە تەریقەتەکەی هەبوو, کە ئەگەر وا بڕۆیشتایە دەبووە ڕێبازێکی سەرانسەری کوردەواری و ئەڵتەرناتیڤی ئایدۆلۆژیاکانی پێشوو بۆ کورد. تەنانەت لە دەرەوەی کوردستانیشدا, پیاوە ئایینیە دەبوونە موریدی و لەسەردەمی خۆیدا نزیکەی دوازدە هەزار موریدی لە ناوچە جیاجیاکانی تورکیا و وڵاتانی عارەبیدا هەبووە[1], ئەمە بێجگە لە مرید و مەنسووبەکانی لە نێو کوردستاندا. هەر بۆیە مەولانا خالید بووە خاوەن نفۆزێکی ئایینی و کۆمەڵایەتی لەنێو کوردستاندا و زۆر کەس بە (وەلی)یان دادەنا و هەندێکی تریش بە پێغەمبەریان دەزانی[2], بەرە بەرەش ئەم دەستەڵاتەی فراوانتر دەبوو و لە بەرژەوەندیی هەندێك لە پیاوە ئایینییەکانی ئەو کاتەی شاری سلێمانیدا نەدەوەستایەوە, بە تایبەتی (شیخ مارف نۆدیَ 1761–1838), کە بەر لە مەولانا خالید, بەرزترین پیاوی ئایینیی ناوچەکە بوو و کەوتە دژایەتی

[1] ب.س.پ.لا. 157 – گەشتی ڕیچ...

[2] ب.س.پ.لا. 157– گەشتی ڕیچ...

کردنێکی سەختی مەولانا, تاوەکو پایە و دەسەڵاتی پێ لەق بکەن و بەرژەوەندییەکەی جارانیان بکەوێتەوە گەڕ.[1]

(مەحموود پاشای بابان)یش, کە لە سەردەمی مەولانا خالیددا سەروکاری میرنشینی بابانی دەکرد, بوونی مەولانا و دەستەڵاتەکەیی بە ترسێکی گەورە زانی بۆ پاشە ڕۆژی پلە و پایەی خۆی و میرنشینەکەی, بۆیە لەگەڵ شێخ مارفی نۆدێ دا کەوتنە بەربەرەکانێی مەولانا[2], هەڵبەت مەولانا بەهۆی ئەو دەستەڵاتە ئایینی و کۆمەڵایەتییەوە, دەیتوانی لە بەرگریی ئەو دژە شەپۆلانە بوەستێتەوە, بەڵام لەبەر ئەوەی کەسێکی ئاشتیخواز و حەزی بە دووبەرەکی نەدەکرد, بڕیاری کشانەوە و هاتنە دەرەوەی کوردستانیدا و لە ڕۆژی 20-10-1820دا[3], لە کوردستان هاتە دەرەوە و بەرەو بەغدا کەوتە رێ و

---

[1] ئەوەی جێی سەرسووڕمانە, کە زۆر ڕووداوی مێژووی کوردەواریمان, دووبارە و بگرە زێتریشە, دووبارەبوونەوەی ئەم ڕووداوە لە سەدەی بیستەم و لە سەردەمی شێخ مەحموودی نەمریشدا هەر ڕوویدا, لە کاتێکدا کە شێخ دژایەتییەکی سەختی هەقەکانی ناوچەی سوورداشی کرد.

[2] دژە بەرژەوەندییەکانی نێوان مەولانا خالید و شێخ مارف و مەحموود پاشای بابان, لە هەندێك سەرچاوەدا باسکراوە, بەڵام پێم وابێت زێتر بەهۆی دژایەتیی نێوان مەولانا و شێخ مارفەوە بێت, چونکە هەردووکیان دوو پیاوی ئایینیی بەنێوبانگ بوون و نەمانی هەر لایەکیان دەستەڵاتی ئەوی تریان بەهێزتر دەکات.

[3] ئەم مێژووە لە کتێبی یادی مەردانی مەلا عەبدولکەریمی مدرسدا, 25-10-1820ە, بڕوانە لا. 41ی ئەو کتێبە. بەڵام لە گەشتی ڕیچ بۆ کوردستاندا 20-10-1820ە, بڕوانە لا. 322ی ئەو کتێبە. من ئەوەی ڕیچم بە ڕاستتر زانی.

پاشان بۆ شام و لەوی لە تەکیەی خالیدیدا هەر بەردەوام بوو لەسەر تەریقەتەکەی, تاوەکو لە 1826دا کۆچی دوایی کرد.[1]

بە کۆچکردنی مەولانا, هەر مریدەکان بەردەوام بوون لەسەر تەریقەتی نەخشبەندی لە کوردستاندا, بەڵام ئەم ڕێبازە پاش مەولانا خالید, ئەو گوڕ و هێزەی جارانی نەماو بەرە بەرە بووە شتێکی تایبەت بە هەندێك مەلا و مرید و مزگەوتەوە, بەو شێوەیە تەریقەتی نەخشبەندی نەبووە ڕێبازێکی بەهێزی سەرتاسەری کوردستان, تاوەکو کۆمەڵگەی کوردەواری ڕێك بخات و ببێتە ئایدۆلۆژیای کیانێکی سەربەخۆ بۆ کوردستان.

دەکرێت بڵێین, مەولانا خالید و تەریقەتی نەخشبەندی گرنگترین و فراوانترین ڕێبازێکی ئایینی بووە, کە لە کوردستاندا سەرهەڵبدات و تا ڕادەیەك ببێتە هۆی خۆماڵی کردنی ئایینی ئیسلام... بەڵام زەمینەی تەریقەتەکە لەو ناوچەیەدا زۆر لەبار نەبووە و لەچاو ئەو مێژووە درێژەی داگیرکردنی عارەبەوە بۆ کوردستان زۆر درەنگ بووە, ئەگەر بەراوردی بکەین بەسەرهەڵدانی ڕێبازی شیعەگەرێتی لەنێو فارسەکاندا. چونکە دەبوایە ڕێبازێکی وا زۆر زووتر لە

---

[1] ب.س.پ.لا. 41 – 50 – مەلا عەبدولکەریمی مدرس.
هەروەها ب.لا. 200 – باسیل نیکیتین – الاکراد...

کوردستاندا سەری هەڵبدایە و کورد ببوایەتە دواکەوتەی و سوودێکی نەتەوەیی لێوەربگرتایە.

لەنێو کوردە شیعەکانیشدا دوو تەریقەت هەبوون, کە ئەوانیش تەریقەتی (نیعمەت ئیلاهی) و(خاکساری)یە[1], بەڵام ئەو دوو تەریقەتەش نەبوونە هۆی ئەوەی کە لایەنگرێکی زۆربەیان لەنێو کوردستاندا ببێت و تایبەت بوون بە ناوچە شیعەنشینەکانی کوردی کرماشان و لوڕستانەوە و لە نێو ناوچەکانی تردا هەر نێویشیان نەبیستراوە.

هەر چۆنێك بێت, بە ڕۆیشتنی مەولانا بارودۆخەکە وەکو جارانی لێهاتەوە و تاوەکو لە ساڵی 1880 ز دا[2], رابەرێکی تری کورد بەنێوی( شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینی)یەوە, ویستی بەهۆی شۆڕشێکەوە کە بیروباوەڕەکەی لەسەر بنەماکانی ئایینی ئیسلام بێت, کوردستان رزگار بکات و دەوڵەتێکی

---

[1] ب.لا 259 – د. حوسێنی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەشی دووەم – چاپخانەی (الحوادث) – بەغداد – 1992.

[2] دیارە ئەو تەریقەتانە, ئەگەر سەرتاپای کوردستانی بگرتایەتەوە و ئایینی ئیسلامی پێ خۆماڵی بکرایە, سوودێکی دەگەیاندە دروستکردنی دەوڵەتی کوردی, بەڵام وەکو ئەوە ڕوویندا, بەخراپە بەسەر کوردا شکایەوە, بەتایبەتی لە باری ئابوورییەوە, کە لە بەشی خوێنبەربوونی ئابووریی کوردستاندا باسی دەکەم.

کوردی دابمەزرێنێت, سەرەتا شێخ, راپەڕینەکەی لە خۆرهەڵاتی وڵاتەوە دەستپێکرد و هەندێك سەرکەوتنی بەدەستهێنا, پاشان شۆڕشەکەی لە لایەن هەردوو دەوڵەتی ئێران و عوسمانییەوە سەرکوتکراو شێخیش لەلای عوسمانییەکان دەست بەسەر کرا, هۆیەکانی سەرنەکەوتنی ئەم شۆڕشە, جگە لەوەی کە لەگەڵ بەرژەوەندییەکانی فارس و تورك و ئینگلیز و رووسدا نەدەگونجا, خاوەنی بیروباوەڕێکی رەسەنیش نەبوو, هەر بۆیە بنچینەی جەماوەریی شۆڕشەکە هەر لەچەند ناوچەیەکدا بەهێز بوو و ناوچەکانی تری کوردستانی نەگرتەوەو بەو جۆرە شۆڕشەکە خاوەن ژێرخانێکی مەعنەوی نەبوو لە کوردستاندا.....

ئەو راپەڕینانەی کەشێخ مەحموودی نەمر و شێخەکانی بارزان و قازی محەمەدی پێشەوا رابەرایەتییان کردن و تەنانەت ئەوەی شێخی شەمزینانیش, ناکرێت بخرێتە ریزی ئەو رووداوانەی پێشترەوە, چونکە هەر لە سەدەی نۆزدەیەمەوە بزووتنەوەی نەتەوایەتیی کوردی گەشەی کردو ئەو راپەڕینانەش رەنگدانەوەی ئەو بزووتنەوەیە بوون, بەڵام شانبەشانی بیری کوردایەتی لەو بزووتنەوانەدا, هەستی

ئایینیی ئیسلامیش تا رادەیەك ئاڕاستەی کردوون, کە ئەمەیان زۆر بە راشکاوی لە راپەڕینەکەی شێخ عوبەیدوڵڵای شەمزینیدا بەرچاو دەکەوێت...

هەمان ئەو هەستەش لە شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمردا تێبینی دەکرێت و زۆر جاریش رۆڵێکی ترسناکی لە ئاڕاستەکردنی سیاسەتی حکومەتەکەی شێخی نەمردا گێڕاوە و هەر بەهۆی هەمان هەستەوە بوو کە شێخ زۆرتر بەلای تورکەکاندا دایدەشکاند, بەو پێیەی کە ئەوانیش موسڵمانن و موسڵمانیش برای موسڵمانە....! هەروەك پرنسیپێکە لە ئایینی عارەبەکاندا "گوایا" کاری پێدەکرێت...؟!.

سەرنجی کشانەوەی شێخ و هێزەکانی بدەن لە شاری سلێمانی, کە ماوەیەك لە دەوروبەری ئەشکەوتی "جاسەنە"ی نزیك سورداش بوون, شێخ و جەنگاوەرەکانی لەباتی خەریکی راهێنانی سەربازی و دروستکردنی پەیوەندیی رامیاری بوونایە لەگەڵ دراوسێکانیان و دەرەوەدا, کەچی لەو ئەشکەوتەدا تا دەمەوبەیان خەریکی زیکر و حەی ئەڵڵا بوون؟!. ئیتر چۆن بەم بیرو ئایدۆلۆژیایەوە (پادشانشینی کوردستان), بەردەوام

ببوایه..؟![1]. (عیززەت تۆپچی)[2], ناحەقی نەبوو لە یەکێك لەو شەوانەی زیکر و حەی ئەڵڵای جاسەنەدا!, یاشێخی بە نوکتە و گاڵتە و گەپەوە دەنگ دەدا...! ئا ئەمەیە (خەندەو گریانی مێژووی کوردەواریمان...؟!) بەهەشتی (شوکری فەزڵی)یش لە خۆڕا بە شێخی نەمری نەگووت!

(ئیش کە رووی ئیستێ لە هەورازە سەرەو لێژی نەکەی
بیری دووریشی دەوێ هەربە دوعا و نوێژی نەکەی)

لێرەدا جێی خۆیەتی کە پەنجە بۆ بزوتنەوەیەکی تری ئایینی رابکێشین کە بە مەبەستی خۆماڵیکردن و گۆڕینی ئایینی ئیسلام لە کوردستاندا هاتەدی. کە ئەویش (بزوتنەوەی هەقە) بوو. کە لە سی یەکانی ئەم سەدەیەدا لە ناوچەکانی سورداشی باشووری کوردستاندا سەری هەڵدا و ترسناکترینی هەموو ئەو بزووتنەوە ئایینیانەیە کە لە کوردستاندا روویداوە, چونکە بە شێوەیەکی رەها چەند بنەمایەکی ئایینی ئیسلامیان داوەتە دواوە و لەجێیدا چەند پرنسیپێکی سۆسیالیستانەیان دانابوو,

[1] بەداخەوە گەلێك نموونەی لەم بابەتە هەیە کە باسکردنیان زۆری پێ دەوێت...
[2] ئەفسەرێکی بەناوبانگی نێو سوپاکەی شێخ مەحموود بوو.

که زۆربەی خەڵکی ناوچەکە باوەڕیان پێی هێنابوو و نازنێوی (هەقە)یان وەرگرتبوو لەجیاتی (موسڵمان), کە (شێخ عەبدولکەریمی شەدەڵە)[1] و (مامە ڕەزای کلکە سماقی), دیارترینی رابەرەکانیان بوون و خاوەنی زۆر بیری پێشکەوتنخوازانە بوون, لە نێو هەقەکاندا هەموو جۆرە توێژ و چینێك دەبینرا و بە ئاغا و جووتیا رو هەژار و دەوڵەمەندەوە, کە ئەوە دەگەیەنێت زۆربەی کۆتە کۆمەڵایەتییەکاینان لەنێو خۆیاندا نەهێشتبوو.[2]

بزوتنەوەی هەقە, زۆر درەنگ لە کوردستاندا روویدا, چونکە لەم سەدەیەدا بزوتنەوەیەکی چاکسازیی ئایینی کارێکی نەگونجاوە و قۆناغەکەی بەسەر چووە و نابێتە هۆی هێنانەکایەی ئایدۆلۆژیایەکی بەهێزی فەلسەفی و بزوتنەوەی کوردایەتیش, هاوکات لەگەڵ بزوتنەوەی هەقەدا لە

[1] بەداخەوە کە لە هاوینی ساڵی 1987دا, چوومە سەر گۆڕی (شێخ عەبدولکەریم) لە گوندی شەدەڵە, گوللە تۆپێکی داگیرکەری عێراقی ڕێکەوتی گۆڕەکەیی کردبوو و زۆر تێکی دابوو.

[2] بۆ زانیاریی زێتر دەربارەی هەقەکان, بڕوانە ئەم دوو سەرچاوەیە:

1– مستەفا عەسکەری – بزووتنەوەی هەقە – بەغداد – 1983.

2- ڕەووف محەمەد زوهدی – بۆ لە هەقە کەوتنە تەقە – عەلی بۆسکانی پێشەکی بۆ نووسیوە – چاپخانەی الحوادث – بەغداد – 1985.

ئەو زانیارییانەی کە من لێرەدا دەربارەی هەقەکان داومە بەدەستەوە هەر کاتی خۆی لەو دوو نووسراوەدا خێندوومنەتەوە.

گەشەکردندا بوو و بنچینەی جەماوەریی کوردستان زۆرتر دایدەشکاند بەلای کوردایەتییدا نەك هەقە و پاشان ئەم بزوتنەوەیە زۆر تەمەن درێژیش نەبوو, چونکە هەر زوو بەزوو داگیرکەری ئێراقی بە بیانووی بێ ئایینی و بەهانەی ترەوە کەوتە دژایەتیی و بەرادەیەك زۆربەی خێزانە هەقەکانی ناوچەی سورداش و دوکانی بۆ ناوچەکانی کەرکووك راگواست و هەندێك لە سەرکردەکانیشیان راپێچی بەندیخانە کردن. هەر بۆیە بزوتنەوەکە هێندەی نەخایاند و کپ بووەوە.

گەر بزوتنەوەی هەقە لە سەدەکانی نێوەڕاستدا بهاتایە کایەوە لە کوردستاندا, هەڵبەت کارێکی زۆر گرنگی دەکردە سەر بزوتنەوەی کوردایەتی و لە تەریقەتی نەخشبەندیش تێپەڕی دەکرد, چونکە نەك هەر ئایینی ئیسلامیان خۆماڵی دەکرد, بەڵکو گەورەترین گۆڕانکارییان تیادا بەدی هێنابوو و زۆر بە ئاسانی دەبووە رێکخەری تەواوی کۆمەڵگای کوردەواری و دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ, چونکە هەقە هەر لە پرنسیپیدا باوەڕی بە رێکوپێکی و کار دابەشکردن هەبوو, بۆیە زۆربەی جووتکار و ئاغاکانی سنووری هەقە خەریکی کاری هەرەوەزی و دابەشکردنی بەروبوومەکانیان بوون بە یەکسانی

و بەبیٚ ئەوەی گویٚ بدریٚتە هەر شتیٚکی ئەو جووتیارە یان ئەو ئاغایە....[1]

هەر چۆنیٚك بیٚت بزوتنەوەی هەقە سەرکوت کرا و لە ناوچەیەکی بچووکی کوردستان زیٚتر هیچ لایەکی تری نەگرتەوە و ئیٚستاش تەنها لە دوو تویٚی چەند نووسراویٚکدا نەبیٚت لە هیچ شویٚنیٚکەوە رەنگیان نەماوە. پاش بزوتنەوەی هەقە, هیچ بزوتنەوەیەکی تری ئایینی وا لە کوردستاندا سەری هەڵنەدا کە شایانی باس بیٚت, دیارە ئەمەش هەر لە خۆوە نەبووە, چونکە کوردیش وەکو هەموو نەتەوەکانی تر بەرە و پیٚری بیرە پیٚشکەوتنخوازە جیهانییەکانەوە چوو, کە لەم سەدەی بیستەمەدا گەیشتۆتە پۆپە, ئەمە جگە لە هیٚزکاری شۆڕشی ئۆکتۆبەری 1917 لە یەکیٚتی سۆڤیەتی ئەوسادا و خۆبەستنەوەی هیٚندیٚك لە رووناکبیرانی کورد بە سیاسەتی (مارکسیزم–لیٚنینیزم)ەوە, کە ئەویش لە خۆیدا بیریٚکی ئاتەیستە.

بەڵام لە ساڵی 1979دا و پاش دەسبەسەرداگرتنی مەلاکانی ئیٚران بەسەر شۆڕشی ئیٚراندا و دامەزراندنی کۆماری ئیسلامیی

[1] بڕوانە ئەو دوو سەرچاوەیەی پیٚشوو, دەربارەی هەقەکان...

ئێران, ئیسلام تێکەڵی سیاسەت کرایەوە و, (بزوتنەوەی ئیسلامی کوردستان) هاتە کایەوە کە لە ساڵی 1982دا, گەر لە لایەن هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستانەوە, ئەو زەبرەی لێنەوەشێنرایە ئێستا گەلێك بە هێزتر دەبوون.[1] پاش ئەو پێکدادانەی نێوان ئیسلامی و ی.ن.ك., دەتوانرێت بگووترێت کە بزوتنەوەی ئیسلامی بە تەواوەتی کپ بووەوە, بە تایبەتی لە ساڵی 1988 بەدواوە کە داگیرکەری عارەبی ئێراقی لەژێر نێوی سورەتێکی قورئاندا, بەنێوی ئەنفالەوە, جارێکی تر مێژووی سەردەمی دایە رەزوار و زێرپینیای ئامێدییان دووبارە کردەوە و کەوتنەوە کاولکردنی زێتر لە پێنج هەزار گوند و شارۆچکەی کوردستان و رووخاندنی مزگەوتەکان بە قورئانەکانیشیانەوە و تاڵانکردنی سامانی کورد وەك غەنیمەکەی پێش چواردە سەدە لەمەوپێشیان, و رفاندنی کچانی کورد و خراپکردنیان و فرۆشتنیان بە وڵاتە ئیسلامییەکانی وەك عارەبستانی سعودی و کوێت و ئەوانی تر, کە وای لە خەڵکی کرد لە هەموو شتێك بێزار بن, کە بە نێوی

[1] من هەرگیز بەخێرهاتنی هیچ شەڕێکی کوردکوژی ناکەم, بەڵام بەڵگەنەویستە کە ئەگەر ی.ن.ك. لە ئیسلامییەکانی نەدایە, ئێستا گەلێك بەهێزتر دەبوون, چونکە ئەو کاتە لە هەرەتی گەشەکردنیاندا بوون و ی.ن.ك. هەنگامی گەشەکردنیانی تێکدا.

سوورەتێكییەوە ئەو هەموو كارەساتانەیان بەسەردا هێنرا. كەچی دوابەدوای راپەڕینەكەی بەهاری 1991ی باشووری كوردستان, ئەم بزوتنەوەی ئیسلامییە جاریكی تر و بە پشتی رژێمی ئێرانی كەوتەوە خۆی و ئێستا[1], خەریكی پێكەوەنانی بنچینەی جەماوەرییە لەنێو جەماوەری كوردستاندا؟..[2] ئەم بزوتنەوەیە فراوانترینی بزوتنەوە ئیسیلامییەكانە, ئەگینا كۆڕ و دەستەی تری ئیسلامیش هەن هەروەكو سازمانی خەبات و حیزبوڵڵای كورد و حیزبوڵڵای شۆڕشگێڕی كورد و هی تر, بەڵام ئەوانە وەك ئەوەی یەكەم فراوان نین...

لێرەدا نابێت فەتوای ئایەتوڵڵا خومەینیش لەیاد بكەین, كە بە نێوی جیهادەوە هەزاران مەلا و پاسدار هێرشیان كردە سەر خۆرهەڵاتی وڵات و پاش شۆڕشی گەلانی ئێران سەرلەنوێ كوردستانیان داگیر كردەوە., كە بووە هۆی كوژرانی هەزاران

[1] مەبەست ساڵی 1994ە.

[2] بێكاری هۆیەكی گەلێك گەورەیە بۆ ئەوەی خەڵكی ببنە چەكداری بزووتنەوەی ئیسلامی و هەتا پارتەكانی تریش, خۆ ئەگەر لەم كاتەدا (1994), چەند كارگەیەكی گەورە لە كوردستاندا بكرێتەوە و باری ئابووری لە باشووری كوردستاندا كەمێك ببوژێتەوە.., ئەو پارتانە ژمارەیەكی زۆری چەكدارەكانی خۆیان لەدەست دەدەن.

کەسی مرۆڤی کورد.[1] ئێران, هەر لە دامەزراندنی ویلایەتی مەلاکانەوە تاوەکو ئێستێ هەر بەنێوی ئیسلامەوە, کوشت و کوشتاری واهیی لە کوردستاندا کردووە کە لە گێڕانەوە نایە, تەنیا گوندی (قارنێ) کە لە یەك رۆژدا 68 کەسی تێدا کوژرا, کە یەکەمین شەهیدی مەلای گوندەکە بوو کە قورئانی بۆ سوپای ئیسلام, برد, تاوەکو دەستدرێژ نەکەنە سەر خەڵکی دێیەکە, بەڵام ئەوان یەکەم گوللەیان نا سنگی مەلاکەوە.[2]

لە کۆتاییدا و وەك سەرەنجامی ئەم بەشە دەتوانین بڵێین:

بزوێنەر و پێکهێنەری هەر دامەزراوێکی دەوڵەتی لە مێژوودا تاوەکو سەدەی بیستەم یاخود تاوەکو سەرهەڵدانی بیرە نەتەوەییەکان, بە گشتی ئایین بووە, کە کۆمەڵە مرۆڤێك بۆ بەرگری کردن لە ئایینەکەیان پێکیان هێناوە, تاوەکو لە کەسانی تر و ئایینی تر جیاواز بن.

---

[1] ب.لا 160 – عەبدوڵڵا حەسەن زادە – نیو سەدە تێکۆشان, ئاوڕێك لە ڕابردووی خەبات و تێکۆشانی حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران – لە بڵاوکراوەکانی کۆمیسۆنی چاپەمەنیی حدکا – ئۆگەستی 1995.

[2] ب.س.پ.لا. 165 – عەبدوڵڵا حسەن زادە – نیو سەدە...

کوردستانییه کۆنەکان و کوردیش بۆ بەرگری کردن لە خۆیان و خوداوەندی خۆر و ئایینی زەردەشتی, چەند دامەزراوێکیان هێناوەتە کایەوە. دەوڵەتی (میدیا) کە بە مەزنترینی ئەو دامەزراوانە دەژمێردرێت, بەهۆی ئایدۆلۆژیای زەردەشتییەوە هاتۆتە کایەوە و گەیشتۆتە پلەی مەزنێتی. ئەم قوتابخانە بیرییە لە هەنگامێکی مێژووییدا نووشووستیی هێناوە و لە لایەن رەگەزی فارسەوە داگیرکراوە و خۆیان کردووەتە خاوەنی, بۆیە کوردیش بە هۆیەوە کیانە سەربەخۆکەی خۆیی لەدەست داوە و بووەتە ژێردەستەی دەستەڵاتە یەك لەدوا یەکەکانی فارس. بەم ژێر دەستەییەی کورد, ئەو قوتابخانە بیرییە بەتەواوەتی لەنێو نەچوو, تاوەکو عارەب لە قۆزاخەکەیان هاتنە دەرەوە و بەنێوی فەتحی ئیسلامییەوە کوردستانیان داگیر و کاولکرد و ئەو قوتابخانە بیرییەیان بەجارێك لەنێو بردو بۆ هەتا هەتا کورد نەیتوانی جارێکی تر بەهۆی ئەو قوتابخانەیەوە کیانی سەربەخۆی خۆی دابمەزرێنێتەوە. ( کەواتە قوتابخانەی بیری کوردی لە لایەن فارسەوە داگیر کرا و عارەبیش لەنێوی برد).

پاش داگیرکردنی کوردستان, کورد به گشتی بوونه موسڵمان, بەڵام کورد نەیتوانی وەکو میللەتانی تر, ئایینی ئیسلام بۆ خۆیان خۆماڵی بکەن و بەهۆیەوە دامەزراوێکی سەربەخۆ بۆ خۆیان دروست بکەن, هەرچەندە چەند هەوڵێکی خۆماڵی کردنی ئەو ئایینەش لەو مێژووی هەزار و چوارسەد ساڵە داگیرکارییەشدا دراوە, بەڵام بەداخەوە سەرکەوتوو نەبوون.

نووشووستیهێنانی قوتابخانەی بیری کورد و پاشان لەنێو بردنی و نەتوانینی کورد بۆ خۆماڵی کردنی ئایینی ئیسلام, هۆیەکی گرنگی دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردین لەپاش دەوڵەتی مادەوە. جگە لە شێواندنی کلتووری کوردی و ئاڕاستەکردنی کۆمەڵگای کوردی لە لایەن بێگانەی داگیرکەرەوە, بە تایبەتی شۆڤێنیزمی عارەبی.

بە هاتنی محەمەدی عارەب کۆتایی بە هەنگامی پێغەمبەران هات. ئەمڕۆش کە جیهان سات بە سات بەرەو پیری تەکنۆلۆژیا و زانستی پێشکەوتوو دەچێت... بیرە ئایینییەکان ڕۆژ بەرۆژ زێتر لاواز دەبن, هەر بۆیە ئایدۆلۆژیی ئایینی لە جیهاندا بە گشتی و لە کوردستاندا بە تایبەتی, ئەستەمە ببێتە تۆوی دامەزراندنی دەوڵەتێکی بەهێز....

## (بەشی دووەم)

# خوێن بەربوونی بەردەوامی ئابووریی کوردستان

کوردستان, وڵاتێکی تەواو گشتگرە لە رووی ئابوورییەوە, واتە وڵاتێکی دەوڵەمەندە و خاوەنی کەرەستە سەرەتاییەکانی ژیارییە بە کشتوکاڵ و پیشەسازیشەوە. بێجگە لەو سامانە نەوتییە زۆرەی کە لە کۆتایی سەدەی نۆزدەهەمدا لە باشووری کوردستان پەیی پێبراوە. دیارە وڵاتێکی ئابووری بەهێزی وەك کوردستان هەر دەبوایە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆی بەهێزیش بوایە!.

دراوسێکانی کوردستان, هەمیشە لە ململانێ دابوون بۆ دەستبەسەرداگرتنی کوردستان بەهۆی ئەو هەموو کەرەستە سەرەتاییانەوە. ئەم ململانێیە هەر لە بەرەبەیانی مێژووەوە بەردەوام بووە تاوەکو رۆژی ئەمڕۆ, کەوای کردووە هەمیشە ئاسایشی کوردستان لە مەترسی دا بێت و بەردەوام هێرش و داگیرکردن و بەرگری و شۆڕش و رزگاربوون و پاشانیش داگیرکردنەوە و..... بوو بێتە مێژووی بەرچاوی وڵاتەکە. ئەم ململانێیە, بووەتە هۆی بەردەوام داگیرکردنی کوردستان و بردنی سامانە سروشتییەکانی, و بەردەوام چوونە دەرەوەی کەرەستە ئابوورییەکان بۆ دەرەوەی وڵات, کە بە تێرمی

(ئابووریی رامیاری) پێی دەگووترێت (خوێن بەربوونی ئابووری – النزیف الاقتصادی).[1]

ئەم خوێن بەربوونی ئابوورییەی کوردستان هەر لە سەردەمی سۆمەرییەکان و رەگەزە سامییەکانی وەك بابل و ئەکەد و ئاشوورەوە بەردەوام بووە, تا سەردەمی هەخامەنشی و ئینجا داگیرکردنی عارەب و پاشان تا سەدەکانی نێوەڕاست و سەردەمی هەردوو ئیمپڕاتۆری سەفەوی و عوسمانی و تا دەگاتە ئەمڕۆ. خوێن بەربوونی ئابووری, بەزۆر بێت یاخود بە خوایش! وەکو ئەوەی کە ئێستێ لە باشووری کوردستاندا کاری پێ دەکرێت!, دەبێتە هۆی پەککەوتنی وڵات لە هەموو روویەکەوە, چ جای لە رووی رامیاری و پێکهێنانی کیانێکی سەربەخۆوە, چونکە یەکێك لە بنەماکانی دەستەڵات گرتنە دەست, مادەیە, یاخود ئابوورییە, کە بە هۆیەوە هێزی لێ پێك دێت.[2] بەڵام ئەم هێزی ئابوورییە لە کوردستاندا هەمیشە لەرزۆك بووە و یەکگرتوو نەبووە و لە لایەن داگیرکەرانەوە

---

[1] دەربارەی خوێن بەربوونی ئابووری, باسێکم لەبارەیەوە لە نووسینێکی مامۆستا (مەسعود محەمەد)دا خوێندووەتەوە, بەڵام بیرم نەماوە کامەیانە. (بەڵام یان لە حاجی قادرەکاندایە یان لە مرۆڤ و دەوروبەردا).

[2] ب.لا. 37 – هاوڕێ باخەوان – پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995.

داڕووتێنراوە, هەر بۆیە بە درێژایی ئەو مێژووە نێوەندێکی ئابووریی گەورە لە کوردستاندا پێك نەهاتووە کە لە شارێکی مەزن یاخود پێتەختێکدا خۆی نواندبێت.

هەموو بزووتنەوەیەکی ئابووری کە لە کوردستاندا بووبێت, تەنها پرۆسەی ناردنە دەرەوەی کەرەستەی سەرەتایی بووە لە لایەن بازرگانانی کورد ئەگەر بووبێت! یان بێگانەوە[1], کە

[1] لەڕاستیدا زۆربەی ئەو کەسانەی کە لە کوردستاندا بازرگانییان کردووە جوولەکە و ئەرمەن و تورك بوون, و بەشێکی کەمیان کورد بوون, کە ئەوانیش چی لە بەرژەوەندیی خۆیاندا بووبێت کردوویانە و وڵاتەکەیان داڕووتاندووە...

بۆ پشتڕاستکردنی ئەمە, لازارێڤ لە پەڕتووکەکەی خۆیدا (کێشەی کورد) بەشی یەکەمدا دەڵێت: لە سیواس (کە لە ٪35ی دانیشتوانی ئەرمەن بوو) لە 166 بازرگانی گەورەی کە شتومەکیان دەنارده دەرەوە, لەوانە (125)یان ئەرمەن بوون. لە (37) خاوەن بانکەکان (32)یان ئەرمەن بوون, لە (9800) بازرگانی بچووکدا, (6800)یان, دیسان ئەرمەن بوون, لە (153) کارخانەی پیشەسازیدا (130)یان بەدەست ئەرمەنەکانەوە بوو. لە ویلایەتی وانیش لە ٪98ی بازرگانێتی بەدەست ئەرمەنەکانەوە بوو, لە ٪80ی کارگەری سەر زەوی و لە ٪20ی خاوەن مەڕوماڵاتیش بەدەست ئەرمەنەکانەوە بوو. گەورەترین ئەو دەوڵەمەندانەی شتوومەکیان دەکڕی (18) کەس بوون, هەموویان ئەرمەن بوون. لە نێو (50) سووخۆردا (30)یان ئەرمەن و (20)یان تورك بوون. تەنێ (20) کەس پارەیان دەگۆڕییەوە, هەموو ئەوانە ئەرمەن بوون. لە نێو (1100) خاوەن پیشەدا تەنێ (80) کەسیان تورك بوون و ئەوانی تری واتە (1020) کەسیان ئەرمەن بوون. لەوانەی زەوی و زاریان دەدا بەکرێ, (20)یان ئەرمەن و (30)یان تورك بوون. بازرگانەکانی میوە کە (200) بوون, نیوەیان ئەرمەن بوون. هەموو خاوەن پیشە سەربەستەکان, وەك پزیشك و دەرمانفرۆش و پارێزەر و هتد...! هەموویان ئەرمەن بوون. ب.لا. 63–64.

بەشێوەی تاڵانفرۆشی لە کوردستاندا چووەتە دەرەوە, بەبێ ئەوەی ئەو کەرەستانە لە کوردستاندا وەبەربهێنرێن و ببێتە هۆی گەشەکردنی شۆڕشێکی پیشەسازی, ئەگەرچی بچووکیش بێت لە کوردستاندا. جگە لەو سوودە مەزنەی کە بێگانان لە کوردستاندا دەستیان کەوتووە ئەویش لەڕێی کەرەستەی سەرەتایی هەرزانەوە, چ کشتوکاڵی بێت یان کانزایی, بەرامبەری ئەوەش کوردستان بازاڕێکی باشی بەکاربەری (المستهلك) بەرهەمە پیشەسازییەکانیان بووە, کە هەر کەرەستە کوردستانییەکان بوون و بەچەند بارە پێیان فرۆشتوونەتەوە.!.

ئەگەر بێت و سەیری شارێکی وەکو سلێمانی بکەین لە سەدەی نۆزدەدا, دەبینین کە بازرگانییەکی بەربڵاوی نەبووە و زۆربەی ئەو کارانەی کە تێیدا کراوە هەر ئاڵوویری کەرەستە سەرەتاییەکان بووە و بووەتە خاڵێکی سەرەڕێی نێوان شارە گەورەکانی وەك تەورێز و هەمەدان و بەغدا و هی تر, بەبێ ئەوەی کە خۆی هیچ هێزکارێکی ئەوتۆی بووبێت؟!.[1]

---

لەمەوە تێبینیی ژێریی بازرگانی لە دوو شاری گەورەی باکووری کوردستاندا بکە, کە هەمووی بەدەست تورك و بەتایبەتی ئەرمەنەوە بووە...؟!.

[1] ب.س.پ.لا. 309 – گەشتی ڕیچ...

ئەم خوێن بەربوونی ئابوورییە, کارێکی وای کرد کە کورد هەر بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە و ژیریی بازرگانی لە نێو کوردەواریدا گەشە نەکات, هەربۆیە هەموو رابواردنێك و ژیانێکی خۆشی بازرگانێك یان دەرەبەگێکی مەزنی کورد, دیوەخانێك و چەند راخەرێکی ئێرانی و ئازووخەی سالێك بووە!, لەمەوە تێبینی ژیانی رەشە خەڵکەکەی کوردستانیش بکە....!, سەرنجی وتەی ئەو ئاغا کوردە بدەن, کە لە هاوینی 1947دا کە کۆنگرەی عەشایرەکان لە شاری (حلله)ی ئێراق دەبەسترێت, کە دوو سەرەك عەشرەتی ئەو ناوە, کە خەزووری (سالح جەبر) بوون!, خەرجیی سەر لە بەری کۆنگرەکەیان کردبوو, بەدرێژایی چەند سەد مەترێك بەس خواردن و شیرینی دانرابوون. کە ئاغا کوردەکە چاوی بەو خواردنانە دەکەوێت!, دەڵێت:

( هەموو ملکم بفرۆشم ئەو ژەمەی تێدا نابێت)؟!.[1]

لەمەوە تێبینی سامانی دەرەبەگەکانی نەتەوە سەردەستەکانمان و ئاغا بە دەستەلاتەکانی خۆشمان بکەن؟!.

---

[1]ب.س.پ.لا.270 و 271 – مەسعود محەمەد – گەشتی ژیانم...

روویداوه كه له شارێكی گەورەی كوردستانی وەك دیاربەكر و موسڵ یان كرماشاندا, پێشكەوتنێك و بزووتنەوەیەكی بازرگانی و پیشەسازی هاتبێتە دی, بەڵام ئەمەش هەر بەردەوام نەبووە و بەهۆی لەرزۆكیی باری رامیاریی وڵاتەوە شكستی هێناوە.
هەمان خوێن بەربوونی ئابووریش بووەتە هۆی ناجێگیریی هەنگامەكانی گۆڕانی كۆمەڵگەی كوردەواری, كە ئەمەش وای كردووە كە كۆمەڵگەكە هەر لە هەنگامی دەرەبەگایەتیدا بمێنێتەوە و دەقی پێوە بگرێت, و نەتوانێت بەرەو هەنگامی پاشتر رێ بكات, كە ئەویش سەرمایەدارییە. لەمەوە كورد چەند سەدەیەك لە رەوەندی مێژووی مرۆڤایەتی دواكەوت, چونكە جیهان هەر لە سەدەی شازدەیەمی زایینەوە پێشوازیی لە شۆڕشی پیشەسازی كرد, كە بەراییەكانی لە خۆرئاوای ئەورووپادا دەركەوتن.

یەكێك لە دواكەوتووترینی هەنگامەكانی گۆڕانی كۆمەڵگە (هەنگامی دەرەبەگایەتییە). كە تایبەتمەندە جیاكەرەوەكانی بریتین لە دواكەوتن و دەمارگیریی كوێرانە بۆ ئایینێك و برسێتی و نەخوێندەواری و....هتد. ئەم هەنگامە لەبەر ئەوەی لە كاتە سروشتییەكەی خۆی لە كوردستاندا زۆر تێپەڕی كرد,

خەریکە دەبێتە یەکێك لە خەسڵەتە نەتەوەییەکانی کورد و بووەتە هۆی کوشتنی هەر بیرێکی نوێ و هێشتنەوەی کۆمەڵگەکە بە دواکەوتوویی.

دەرەبەگی کورد, پاش داگیرکەران بەڕێوەبەری بەدەستی کۆمەڵگەی کوردەواری بووە, ئەمانیش لە بەرژەوەندیی خۆیان هەمیشە هەوڵی ئەوەیان داوە کە کۆمەڵگەکە بە دواکەوتوویی بمێنێتەوە و بە هۆیەوە هیچ سەرکێشی و ڕاپەڕینێك دژی ئەم دەرەبەگانە نەیەتە کایەوە. لەمەدا دەرەبەگی کورد, زۆر سەرکەوتووانە ئەمەی بۆ چووە سەر, چونکە پیاوە ئایینیە کوردەکانیش کە نوێنەری بیری سۆڤێنیزمی عارەبی بوون, یارمەتی دەریان بوون.

بە درێژایی ئەو هەموو مێژووەی هەنگامی دەرەبەگایەتی, جگە لە سەدەی بیستەم, زۆر بەکەمی ڕاپەڕینێکی جووتیارانمان بەرچاو دەکەوێت لە دژی دەرەبەگەکان, کە ئەمەش زیاتر هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سستیی بیرکردنەوەی جووتیارانی کورد و باوەڕیان بەوەی کە هەژاری و دەوڵەمەندی کارێکی خوداییە و خودا هەر لە ئەزەڵەوە خەڵکی بە هەژار و دەوڵەمەند دروست کردووە, هەروەکو ئەو پروپاگەندە و

فەتوایانەی کە هەندێك لە مەلا موسڵمانەکانی کورد, لە بەرژەوەندیی دەرەبەگەکاندا بڵاویان دەکردەوە.

خوێندەواری, تەنها تایبەت بووە بە چەند کەسانێکی زۆر کەمی کۆمەڵگەوە, کە ئەوانیش مەلاکان و هەندێك لە دەرەبەگ و بازرگانەکان بوون, ئەمانیش وا لەنێو خۆیاندا رێك کەوتبوون!, کە هیچ کەسێکی رەشە خەڵکەکە فێری خوێندەواری نەبێت, نەوەکو بە هۆیەوە مێشکی بکرێتەوە و بکەوێتە هاندانی خەڵکی تر لە دژیان, هەتاوەکو ئەم سەدەی بیستەمەش ئەمە هەر بەردەوام بوو, کە چۆن ئاغاکان دژایەتیی ئەم مامۆستایانەیان دەکرد, کە لە گوندەکاندا منداڵانیان فێری خوێندەواری دەکرد و تەنانەت هەندێکیشیان لە لایەن ئەو ئاغایانەوە بە کوشت چوون, چونکە ئەوان دەیانزانی کە ئەگەر خەڵکەکە فێری خوێندەواری بێت, ئەوا بە جارێك لە باری کۆمەڵایەتییەوە پێش دەکەون و بە زۆرداریی ئەمانیش ناسازێن, ئەمە دەربارەی ئاغا و دەرەبەگ, هەندێك لە مەلاکانیش تاوەکو ئێستا دژایەتیی هۆیەکانی رۆشنبیری و راگەیاندن دەکەن و گوایا دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بێ ئایینی و کۆمەڵگەکەی پێ نەزان و بێ رەوشت دەبێت....!. کورد لەو

هەموو مێژووەدا, ئەم دەرەبەگ و پیاوە ئایینیانە بەڕێوەیان بردوون هەربۆیە بە دواکەوتوویی ماونەتەوە و ئەمانیش لە بەرژەوەندیی خۆیان سامانی وڵاتەکەیان هەرزان فرۆش کردووە و وڵاتەکەش هەربە ژێردەستەیی و ناوچەیەکی دواکەوتووی کشتوکاڵیی دواکەوتوو ماوەتەوە.

سیستمی (باوك سالاری), خەسڵەتێکی بەرچاوی هەنگامی دەرەبەگایەتییە, کە لە کوردستانیشدا بە گشتی بەوشێوەیە بووە و زۆربەی دەستەڵات و داهاتی خێزان بە دەست پیاوەوە بووە و باوك, سەروەر و سالاری خێزان بووە.

بە درێژایی "هەزارو چوارسەد ساڵ"! داهاتی خێزانی کورد لەلایەن باوکەوە کۆکراوەتەوە بۆ چەند ساڵێك و پاشان بەمەبەستی (حەج)کردن و زیارەتی کەعبە, لە گەشتێکی سەخت و ناخۆشی چەند مانگەدا لەو ڕێگایە و لەو بیابانانە خەرجکراوە!, تاوەکو یەکێك لە بنەماکانی ئایینی ئیسلام بەجێ بهێنێت و خوا, بەهەشت لە چارەی بنووسێت. حەجکردنی وا هەبووە چەند ساڵێکی پێچووە, بۆ نموونە سێ سەدە لەمەوبەر حەجکردنی (خشێخ شەهابەدینی کوڕی شێخ ڕەزادینی کاکۆ زەکەریا) و (سەی عەبدولسەمەدی تووداری),

22 ساڵی خشتی بردووە؟!. تێرامێنن کە لە ماوەی ئەو 22 ساڵەدا چەندیان خەرج کردووە....؟!!.[1]

ئەم خەرجیی حەجکردنە هەر لەلایەن تاکی کورد و شێخ و مەلاکانەوە بە هەدەر نەچووە, بەڵکو حکومەت و میرنشینە کوردەکانیش ساڵانە پشکێکی زۆر مەزنیان بۆ بڕیوەتەوە.!, بەرادەیەك بەشی کردنەوەی چەندین کارخانە و ژیاندنەوەی کاروبار و چەندین ناوەندی بازرگانیی کردووە.... بۆ نموونە (ناصرالدینی بەرزیکانی) کە سەرۆکی حکومەتی بەرزیکانی بوو (979–1014 ز), لە سەدەی دەیەمی زایینیدا, هەموو ساڵێك پێنج هەزار دیناری تەنها بۆ سەرۆکی کاروانی حەجاجەکان تەرخان کردووە, ئەوەیان بەهەر سوورەت!, بەڵام ساڵانەش بیست هەزار دیناری زێڕی ئەو کاتەی بەسەر هەژارانی مهاجرین و ئەنصاری حیجازدا دابەشکردووە...؟!. وەکو کوردستان هەژاری تێدا نەبێت.؟!...[2]

[1] ب.لا. 7 – چمکێکی مێژووی هەورامان و مەریوان – چەند لاپەڕەیەکە لە کتێبی (نور الانوار)ی (سید عبد الصمدی توداری) کە لە 1099ی کۆچیدا نووسیوویە – محەمەدی مەلا کەریم وەریگێڕاوەتە سەر کوردی – چاپخانەی (سلمان الاعظمي) – بغداد – 1970.

[2] ب.س.پ.لا. 109 – جلدی 2 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ...

ئەم حەجکردنە لە هەموو کات و ساتێکی دوای داگیرکردنی ئیسلامەوە بەردەوام بووە؟, بۆ نموونە لەنێوان سالآنی 1817 ز.و 1820ز. دا, لە ناوچەی سلێمانیدا دووهەزار کەس چووە بۆ حەج[1] و تێبینی ئەوەش بکەن کە لە سالّی 1820دا دانیشتوانی شاری سلێمانی 10 هەزار کەسێك بووە[2], و بزانن ئەو رێژەی خەڵکانەی کە چوون بۆ مەککە و ئەو هەموو پارەیان خەرج کردووە, لەچاو رێژەی ئاماری دانیشتوانی سلێمانیدا چەند زۆرە؟!.

هەموو ئەو داهاتانەی کە پیاوی کورد لە پێناوی حەجکردندا خەرجی کردووە, هەمووی دەچێتە خانەی خوێن بەربوونی ئابوورییەوە, چونکە ئەو داهاتە هیچ سوودێکی بە خۆشگوزەرانی و وەبەرهێنانی کوردی نەگەیاندووە, بەڵکو بە پێچەوانەوە هەمووی دراوەتە دەست عارەبی بێگانە, کە هیچ سوودێکی ئابووری و کۆمەلآیەتیی نەگەیاندووەتە کورد!.

تێرامێنن بە درێژایی ئەو چواردە سەدەیە!, ئەگەر باوکی کورد, ئەو داهاتەی کە چەند سالّێك کۆیکردووەتەوە و لە دەمی خۆیی و خێزانی و مندالّی گرتووەتەوە!, لە کوردستاندا

[1] ب.س.پ.لا. 134 – گەشتی ریچ...
[2] ب.س.پ.لا. 105 – گەشتی ریچ...

وەبەر بهێنرایە, ئایا ئێستا باری ئابووریی کوردستان چێتر نەدەبوو؟. هیچ نەبووایە سك هەڵگووشیی چەند ساڵێکی خێزانێکی کورد, یان ئەو داهاتە بایی ئەوەی تێدا دەبوو کە منداڵانی ئەو خێزانە کوردە, جلکی جوانیان لەبەر بکردایە و شرۆڵە نەبوونایە؟!, چ جای ئەو هەموو پرۆژە کۆمەڵایەتی و ئابوورییانەی کە دەتوانرا بەو داهاتانە بکرانایە و وەبەر بهێنرانایە...؟!.[1]

با لە ژمارەی ئەو مەڕ و ماڵاتانەش رامێنین!, کە حاجیی کورد لەو عارەبستانە لە جەژنی قورباندا سەریان بڕیوە و پاشان فڕێ دراون؟![2], ئەگەر بیاندایە منداڵ و خێزانی خۆیان ئێستا چێتر نەدەبوو...؟!...

خۆ باسی دروستکردنی ئەو سەدان هەزار مزگەوتانەی کوردستان, بە درێژایی چواردە سەدە هەر ناکەم!, کە چەندی داهات و سامانی نەتەوەیی کوردی پێ بەستێنراوە (التجمید), ئەمە جگە لەو هەموو زەوی و باخانەی کە (وقف)ی سەر ئەو

---

[1] ئەم دیاردەیە تاوەکو ڕۆژی ئەمڕۆ هەر بەردەوامە, تەنانەت لەم هۆڵەندایە, پیاوێکی کورد ساڵانێکە خەریکی پارە کۆکردنەوەیە و سکی ماڵ و منداڵی بەتەواوەتی هەڵگووشیوە, بەڕادەیەك زۆر کەس بەم کارە دەزانن, تەنها لەبەرئەوەی پیاوەکە موسڵمانە و دەیەوێت بچێتە حەج؟!.

[2] هەڵبەت هێندە مەڕ و ماڵات بەو بۆنەیەوە سەردەبڕڕێن, کەس فریای خواردنیان ناکەوێت و فڕێ دەدرێن!.

تەکیە و خانەقا و مزگەوتانە کراون و لە شەختەی زستانی کوردەواریدا منداڵی جووتیاران گەلێك زۆر بوون کە ئەگەر بەڕە شڕێکیان دەستکەوتبێت... کەچی کام راخەرەی نایابە و کاشانییە..! لەو مزگەوتانەدا بوون..؟!.

لێرەدا نابێت هاندانی تەریقەتە یەك لەدوای یەکەکانی کوردستانیش لەیاد بکەین, کە هەردەم خەڵکی کوردیان هانداوە بۆ هەژاری, چونکە یەکێك لە پایە گرنگەکانی تەریقەت, (هەژاری و گوێنەدان بە سامان و فرۆشتنی ئەم دنیا و کڕینی ئەو دنیایە). هەموو ئەو رێبازە ئایینییانە خەڵکیان بۆ هەژاری هاندەدا, دیارە ئەمەش هەربە سوودی شێخەکاندا شکاوەتەوە و پێی دەوڵەمەند بوون, چونکە دەروێش یان مریدێك, دەبووایە بە لایەنی کەمەوە ساڵانە دیارییەکی بە نرخی بۆ ماڵی شێخ ببردایە, هەربۆیە دەروێش و مریدەکانی کوردستان کە ئەو کاتە زۆرینەی خەڵك بوون, بە خۆشییەوە هەژاری و دەستکورتییان هەڵبژاردووە, چونکە وایانزانیوە کە

فەرمانێکی خودایی بەجێ دەهێنن[1], شێخ و مەلاکانیش بەبیانووی زەکاتەوە نکوولّییان لەم مشەخۆرییە نەکردووە.[2]

لە راستیدا پیاوە ئایینیە کوردەکان هەردەم هاندەری خەڵکی بوون بۆ هەژاری و حەجکردن, لەنێو هەموو ئەو مەلایانەدا هیچیان هەستیان بەو کارەساتە نەکردووە, تەنێ (مەلای گەورەی کۆیێ – مەلا محەمەد) نەبێت, کە لە سییەکانی ئەم سەدەیەدا فەتوایەکی بۆ خەڵکی دەرکرد کە ئەو پارەیەی لە حەجکردندا خەرجی دەکەن, وا چێتر و خێرترە کە بیدەنە

---

[1] ب.س.پ.لا. 259 و 261 – د. حوسێنی خەلیقی – کۆمەڵناسی کوردەواری – بەرگی دووەم...

[2] مەلای گەورەی کۆیە لەم رووەوە دەڵێت:

شێخ ئەفەندی بترسە سا لە خوا
میللەتی قورپەسەر چ حاڵی نەما
هەرکەسێ ماڵی خۆی هبەی تۆ کرد
عاقیبەت خۆڵ بەسەر لەبرسان مرد
..................................
..................................

ئەمەش وەڵامدانەوەیەکی ئەو کەسانەیە کە داوایان لە مەلای گەورە دەکرد فەتوایەك دەرچوێنێت بۆ ئەوەی حەیوانێکی ئاغاکان و سەرۆکەکانیان لە خاوەن مەڕانی دەستێنن بە زەکاتی شەرعی حیساب بکرێت..

ب.لا. 291 – مەسعود محەمەد – حاجی قادری کۆیی – بەشی سێیەم.

هەژارانی کورد، ئەو کاتە خێرەکەی لە حەجکردن پترترە[1]، بەڵام ئایا ئەم فەتوایە تاوەکو چەندێك برِی کردبێت، ئەوەیان نازانم.

هەر بەم بۆنەیەوە، کە کوردستان بە درێژایی ئەو چوار سەدەیەی کە ژێر دەستەی ئایینی ئیسلام بووە، بەو پێیەش سیستمی بانك و سوودی سەرمایەی تێدا کفر و بێ ئایینی بووە، کە پێی گووتراوە( ربا الفاحش). ئەم سوودی دراوەکە ئێستێ بووەتە بناغەیەکی پتەوی ئابووری و گەشەکردنی سەرمایە لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا، بەڵام لای کورد! گەر یەکێك پارەی بە سوود بدایە، ئەوا دەبووە لەکەیەکی کۆمەڵایەتیی ناشیرین و بگرە سووخواردن، هەر جنێوێکە بۆ خۆی، بەرامبەر ئەوەش گەر یەکێك دراوی مفتی ببوایە، لەباتی ئەوەی بیخاتە گەڕ و سەرمایەکەی زێدەتر ببێت، بەڵکو بە پێچەوانەوە زەکاتی لێداوە، واتە هەردەم لە کەمبوونەوەدا بووە.

---

[1] ب.لا. 47 – مەسعود محەمەد – پەرژینی بێدەنگی – لەبڵاوکراوەکانی کۆمەڵەی فەرهەنگیی سوید – کوردستان – چاپی یەکەم – سوید – 1996.

هەر چۆنێك بێت, بەلەنێوچوونی دەستەڵاتی ماد لە کوردستاندا, هەموو نێوەندە ئابوورییەکانی وڵاتیش گوێزراوەتەوە بۆ ژێر دەستەڵاتی بێگانەی فارس. دیارە ئیمپڕاتۆری مەزنی وەکو ماد, بەچەند نێوەندێکی ئابووریی مەزنەوە گەیشتۆتە ئەو پلەو پایەیە. بە داگیر و ڕاگوێزانی ئەو نێوەندە ئابوورییانە, هیچ چالاکییەکی ئابووریی ئەوتۆ لە کوردستاندا نەما و ئەمە جگە لەدەستدانی ئەو زەویانەی کوردستان, کە لەسەر دەریا بوون و پاڵپشتێکی بەهێزی جموجۆڵی ئابووری بوون لەنێوان کوردستان و دەرەوەیدا.

لەپاش ئەو داگیرکارییەی کوردستان و چالاکیی ئابووری و بازرگانی هاتە سەر چەند کاروانێکی وڵاخی بەرزە لەنێوان کوردستان و دراوسێکانیدا, کە ئەمیش سەرنجامەکەی داڕووتاندنی کوردستان بوو لە کەرەستە سەرەتاییەکان و دەستپێکردنی خوێن بەربوونی ئابووری بوو.[1]

---

[1] لەڕاستیدا گۆڕینەوەی شتومەك چ لە کوردستاندا و چ لەگەڵ دەرەوەیدا زۆربەی جار لەشێوەی ئاڵوێردا بووە, کە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە پارە بە شێوەیەکی ئابوورییانە بەکارنەهێنراوە, هەربۆیە کەڵەکەبوونی سەرمایەش لە کوردستاندا ئەستەم بووە. ڕاستە جارجارێك میرێکی کورد سکەی پارەی لێداوە, بەڵام ئەم پارەیە هەر لە سنووری میرنشینەکەی خۆیدا چووە و لای خەڵکانی تر بەهای نەبووە, بۆیە ناچار ئاڵوێریان کردووە, کە ئەمە سیستمێکی سەرەتایی فرۆشتنی کەلوپەلە, لە ڕاستیدا ئەم ئاڵوێرە ماوەیەکی زۆر درێژی خایاندووە و من تا نێوەڕاستی هەفتاکان,

ئابووری کوردستان بووه وابەستەی ئابووریی دەوڵەتی فارس و پاشانیش عارەبەکان بوونە داڕووتێنەری ئەم ئابوورییە. بەڵام تاوەکو هاتنەکایەی هەردوو هێزی فارسە سەفەوییەکان و تورکە عوسمانییەکانیش, ئابووریی کوردستان هەرچەندە داگیرکراو و وابەستەی ئابووریی بێگانە بوو, بەڵام ئابوورییەکی تا رادەیەك یەکگرتوو بوو. بەهاتنە کایەی ئەو دووهێزە و روودانی جەنگی چاڵدیران لەساڵی 1514ز دا, کوردستانیان کردە دوو کەرتەوە و هەر لایەکیان بوونە دەمڕاستی بەشێکی, کە بووە هۆی کەرتبوونی ئابووری کوردستانیش, پێش ئەم رووداوە, کاروانە بازرگانییەکان سەربەستانە بە کوردستاندا رێیان دەکرد و بێ ئەوەی تووشی هیچ کامێك لەم هێزانە ببن, بەڵام لەدوای جەنگی چاڵدیرانەوە, نێوەڕاستی کوردستان بووە سنووری ئەو دوو هێزە و کاروانە بازرگانەکانیش ئەگەر بیانتوانی بایە بە سنووری ئەو دوو هێزەدا گووزەر بکەن, دەبووایە باجێکی زۆریان بدایە, کە ئەمە بووە هۆی سەخت بوونی جموجۆڵی بازرگانی لە کوردستاندا, بە تایبەتی کە هیچ کاتێك بە شێوەیەکی رێکوپێك ئاسایشی ئەو سنوورە

---

بەچاوی خۆم دیومە کە خەڵکی شاربازێڕی باشووری وڵات, بە کەروبار ترێیان دەبرد بۆ دەشتی شارەزوور و لەگەڵ گەنمدا ئاڵوێریان پێدەکرد, بەم جۆرە فرۆشتنە دەگووترا (ترێ بەگەنم).

نەپارێزراوە و هەردەم پێکدادانی ئەو دوو هێزەی تێدا بەردەوام بووە, هەر بۆیە لەدوای ئەو جەنگەوە پیشەی قاچاخچێتی هاتۆتە کایەوە و کورد بە دزی و بەرتیلی ئەو هێزانە لە خاکەکەی خۆیدا!, کاروانێکی بازرگانیی ئاودیو و ئەمدیو کردووە.[1]

لە کۆمەڵگایەکی کشتوکاڵیی دواکەوتووی وەکو کوردستاندا, باجدان دیاردەیەکی بەرچاوی سەپێنراو بووە بەسەر جووتیاراندا, جووتیارانی کوردستان سەرەڕای ئەوەی کە ساڵانە چییان دەدورییەوە, دەبوایە ڕێژەیەکی زۆریان بکردایەتە دەستی دەرەبەگەکانەوە, لەو لاشەوە سوڵتانی عوسمانیی تورك و شای سەفەوی یان قاجاڕیی فارس, چاوەڕوانی دەستیان بوون و بە زۆری زۆردارەکی بەهۆی ئاغا و دەرەبەگە کوردەکانەوە باجیان لێدەسەندن, کە بە جارێك داهاتی جووتیاری کوردی دەهێنایە خوارەوە و پاش ماندووبوونی هەر ساڵێکی, بەری ڕەنجی بەهۆی باجەوە لێ

[1] پیشەی قاچاخچێتی لەنێوان هەموو سنوورەکانی کوردستاندا, تاوەکو ئێستێ بژێویی خەڵکانێکی زۆری کوردە و زۆر جار بەکۆمەڵ لێیان دەکوژرێت, چونکە بەشێوەیەکی نایاسایی ئەودیو و ئەمدیو دەکەن.
ب.س.پ.لا 211 – د. حوسێنی خەلیقی – بەرگی یەکەم.

دادەڕووتێنرایەوە و لەو هەموو بەرهەمە زۆرەی کوردستاندا جووتیاران برسی و رووت و چاولەدەستی ئاغاکانیان بوون.

هەڵبەت میرنشینەکانیش باجێکی زۆریان خستووەتە سەر جووتیاران, بۆ نموونە( ئەمانوڵڵاخان)ی میری سنە, زۆردارییەکی زۆری لە سەندنی باجدا بەکار هێناوە, و خۆی ساڵانە بەنێو ناوچەکانی میرنشینەکەیدا گەڕاوە بۆ کۆکردنەوەی, لە ساڵی 1820دا خەڵکی شاری سەقز راسپێرییان کردووە کە 600 تمەنی بۆ دەنێرن و سەردانیان نەکات, ئەویش وەڵامی دابوونەوە, کە سەردانیشیان دەکات و هەزار تمەنیشیان لێ دەستێنێت؟!.[1] ئەو باجە زۆرانەش بۆ

[1] ب.س.پ.لا. 223 – گەشتی ڕیچ...

نموونەیەکی تری ئەم زۆردارییەی ئەمانوڵڵاخان, ئەوەیە کە میستەر ڕیچ, لە لاوێکی بانەیی دەپرسێت, چ کارەیە و چەند دەدات بە دەوڵەت؟, ئەویش لە وەڵامدا دەڵێت: پێڵاودرووم و هەر پازدە ڕۆژ جارێك تمەنێك دەدەم, بەڵام لەوەتەی ئەمانوڵڵاخان هاتووەتە بانە, بنەماڵەکەیان پێنج تمەنی داوە, لەبەرئەوە خەریکن لەبرسا بمرن, چونکە کارەکەی داهاتێکی ئەوتۆی نییە, تا باجێکی ئەوەندە بدات؟!. ب.س.پ.لا. 262...

هەڵبەت ئەم باج و سەرانەیە, لەلایەن کوردەوە بۆسەر کورد!, تا ڕۆژی ئەمڕۆش هەر بەردەوامە, بەڵکو تەواوی جەماوەری باشووری کوردستانی گرتووەتەوە, بەهۆی ئەو هەموو گومرگانەی کە ئەو هێزە کوردستانییانە!, خستوویانەتە سەر شمەکی خواردەمەنی و پێداویستییەکانی تری ژیان... شایانی باسە ئەو پارەیەی کە ئەو دوو هێزەی باشووری کوردستان لە نێوان هەردوو هەرێمی بادینان و سۆراندا؟!, لە شمەکی بازرگانانی دەستێنن, لە ڕاووڕووت بەولاوە هیچی تر نییە, لەبەر دوو هۆ: یەکەمیان, گومرگ دەبێت لە نێوان دوو ناوچەی بێگانەوە بێت و سنوورێکی یاسایی ببێت, ئەوکاتە دەبێتە گومرگ, کە ئەمە لە نێوان بادینان و سۆراندا بوونی نییە و ئەو سنوورە, هێڵێکی ناڕەوایە و

ئەوە بووە کە کوڕی ئەمانوڵڵاخان, کە نێوی (خەسرەو خان) بووە, ویستوویەتی کە کچی شای ئێران بهێنێت, لە نەورۆزی 1821دا[1] و دیارە دەبێت خەڵات و شاباشێکی واهی بدرێت کە شایانی شان و شکۆی شازادە بن و هەژارانی کوردیش با هەر لە برسا بمرن!...., بەڵام بەو مەرجەی ئاهەنگی کچی شای ئێران لە تاراندا بێ وێنە بێت؟!..

باج هەموو کەرەستەیەکی ژیاریی جووتیارانی دەگرتەوە[2], تەنانەت پووش و پەڵاشی کوردستانیش باجی پووشانەی هەبووە. کەوای لە جووتیاران کردووە بەرهەمەکەیان سەری مایەکەیان بخوات و ئەوەشی کە کردوویەتی بە تۆو, زۆر جار دەستی نەکەوتووەتەوە!.

---

ئەو دوو لایەنە دروستیان کردووە, دووەمیان, داهاتی گومرك دەبێت بچێتە نێو دارایی حکومەتەوە, کە ئەمەشیان وا نییە و ڕێژەیەکی کەمی ئەو داهاتە دەچێتە نێو دارایی حکومەتەوە...

[1] ب.س.پ.لا. 221 – گەشتی ڕیچ...

[2] هەر بەهۆی باجەوە بووە کە جووتکارانی کورد دەستێکی باڵایان لە شێردنەوەی مەڕوماڵاتدا هەبووە, تاوەکو سەرژمێر نەکرێن, هەربۆیە ئەو ئامارانەی کە لە کاتی داگیرکاریی ئێران و عوسمانیدا کراون هیچیان ڕاست نین, لەمەدا هۆزی جاف هەردەم خەریکی شێردنەوەی مەڕوماڵاتەکانیان بوون, بۆ ئەوەی باجی کەمتر بدەنە دەوڵەت, چونکە یەکەمین سەرچاوەی بژێوییان ئەو مەڕوماڵاتانە بوون. ب.لا. 25 – مەحموود عەزیز حەسەن – کورتەیەك لە مێژووی هۆزی جاف و باسی هەندێك لە تیرەکانی...

ئەم باجدانە لە كاتی بەرزبوونەوەی ململانێی سەفەوی و عوسمانیدا گەیشتۆتە رادەیەكی زۆر ترسناك, تاوەكو ئازووخەی مۆڵگای ئەو دوو سوپا گەورەیەی پیٚ دابین بكرێت[1] , كە لەسەر بەرهەمی رەنجی جووتیارانی كورد ژیاون و جەنگەكانیش هەر لە نێو كێڵگەی جووتیارە كوردەكاندا بووە. فەرمانبەرانی كۆكردنەوەی باجیش كە یا تورك یان فارس بوون, هەمیشە لە رێژەی دیاریكراو زۆرتر باجیان لە جووتیاران سەندووە, تاوەكو ئەوانیش لەسەر رەنجی ئەوان دەوڵەمەند بن, خۆ ئەگەر جووتیارێكی كورد سەرپێچی لە باجدان بكردایە, ئەوا لە لایەن سەربازانی تورك یان فارسەوە شاربەدەر دەكرا و زۆر جاریش دەكوژرا و ماڵ و منداڵیان بە تالانی دەبرد!.

زۆر جاریش ئەم باجدانە تەنها بۆ خەڵكە هەژارەكە نەبووە, و بەڵكو خودی میرنشینە كوردییەكانیش باجیان داوەتە ئەو دوو هێزە, كە ئەوانیش هەرلە رەشە خەڵكەكەیان ستاندووە و بۆ

[1] دیارە ئەمە لە هەموو كات و بارێكدا بەزۆر بووە, دەربارەی ڕەفتاری سوپای عوسمانی لە شارەزووردا, داپیرەم (جەیران شەمەیی) كە خۆی خەڵكی شارەزوورە, هەموو جارێك دەیگووت: كە توركەكان ئەو ناوەیان تەی دەكرد بۆ چاڵە گەنم تاوەكو بەتاڵانی ببەن, دیارە ئەویش لە كەسانی بەتەمەنی پێش خۆیی بیستوون...

نموونە ڕۆژی 9ی مایی 1820, (مەحمود پاشای بابان) بە (کلۆدیۆس جیمس ریچ)ی باڵوێزی ئینگلیز لە بەغدای گووتووە, کە لە یەك کاتدا باجیش دەداتە ئێرانیش و عوسمانییەکانیش[1], کە دیارە ئەو باجەش هەر لە هەژارانی میرنشینی بابان کۆکراونەتەوە...[2] نموونەیەکی تری ئەم باجانە ناوچەی لوڕستانە کە لە سەدەی شازدەیەمدا, ساڵانە ئەو ناوچەیە بە زۆری زۆرداری 10 هەزار هێستریان داوە بە فەرمانڕەوایانی

---

[1] ب.س.پ.لا. 93 – گەشتی ڕیچ...

[2] دیارە بەدرێژایی مێژوو جووتیارانی کورد ژیانیان هەر کولەمەرگی بووە, بەڵام گەر بێتو هەلێکی ئاسایشیان بۆ هەڵبکەوێت, ئەوا لەبەرئەوەی کورد خۆی نەتەوەیەکە ئارەزووی پێشکەوتنی هەیە, جووتیارانیش هەر زوو دەتوانن باری ژیانیان چێتر بکەن. بۆ نموونە کوردناسی فەڕەنسایی (تۆمابوا) باسی گوندێکی کوردستانی سوور دەکات, بەنێوی (ئاڵەگەز) لە ساڵی 1929دا, کە ئاسایش کەوتۆتە گوندەکەیانەوە و ژیانیان پێش زێتر لە 60 ساڵ بەم شێوەیە بووە:

> ژمارەی دانیشتوانی 350 کەسە و 100 خانووی تێدایە, 30 کەس ئەندامی حیزبن, لە گوندەکەدا کارگەیەکی شیرەمەنی, کارگێڕییەك و قوتابخانەیەکی نێوەندیی تێدایە, کتێبخانەی گشتی, دوو کۆمەڵی هەرەوەزی, نەخۆشخانەیەکی 15 تەختی و دوو دکتۆری تێدایە کە یەکێکیان کوردە, 1500 سەر مەڕ و 400 سەر مانگایان هەیە و 600 هەکتار زەویی کشتوکاڵییان هەیە, ئەمە جگە لە سێ تراکتۆر و دوو کەمپایین و سێ ئوتومبیلی بار. بەگشتی گوندەکە باری ژیانیان باشە و خانووەکانیان خاوێنە و ڕادیۆشیان هەیە و هتد. دیارە ئەم ژیانە بۆ پێش 60 ساڵ لەمەوبەر لە گوندێکدا بەڕاستی پێشکەوتنە, هەرچەندە, ستالین بەتەواوەتی سەری لەم گوندانە تێکدا و ڕایگواستن...

ب.س.پ.لا. 214 – د. حوسێنی خەلیقی – بەرگی یەکەم.

داگیرکەری ئێرانی[1], تێبینی گەورەیی ئەو ژمارەیە بکەن بۆ یەك هەرێم!, ئنجا دەبێت لە تەواوی کوردستاندا فارس و تورك چەند باجیان کۆکردبێتەوە..!.
پاش جەنگی چاڵدیران, رێککەوتنامەی (زەهاو)یش کە لە 20-05-1639 ز دا لەنێوان ئێران و عوسمانییەکاندا بەسترا, زێتر رەسمییەتی بە دابەشکردنی کوردستاندا, بە جۆرێك کە ناوچەکانی لوڕ و کەڵهور و ئەردەلان, بوونە داگیرگەی ئێران و ئەوانی تریش بۆ ئاڵی عوسمان.[2] ئەم رێکەوتننامەیە نەبووە هۆی ئەوەی کە بە یەکجاری کێشەکانی نێوان ئەو دوو زلهێزە چارەسەر بکات, بەڵکو هەمیشە لە شەڕو پێکدادانداا بوون. بەهۆی ئەو داگیرکاری و جەنگی نێوان ئەو دوو هێزەوە, باری ئاسایشی کوردستان هەمیشە لە مەترسیدا بووە, بۆیە باری ئابووریشی هەربە دواکەوتوویی ماوەتەوە. ئەم هەنگامە تاکەوتنی ئەو هێزانە و داگیرکردنی کوردستان و خۆرهەڵاتی نێوین لە لایەن ئیمپریالیزمی خۆرئاواوە هەر بەردەوام بووە.

---

[1] ب.س.پ.لا. 109 – شەرەفنامە...

[2] ب.لا. 123 و 160 – ستيفن هيمسلي لونكريك – المفتش الاداري في الحكومة العراقية سابقا – اربعة قرون من تاريخ العراق الحديث – نقله الى العربية جعفر الخياط – الطبعة السادسة – منشورات مكتبة اليقظة العربية – مطبعة الاركان – 1985.

هەر لە سەدەی نۆزدەیەمەوە, گرنگێتیی پەترۆڵ بە تەواوەتی لە جیهاندا دەرکەوت, تاوەکو جێگەی خەڵوزی بەردین لە پیشەسازیدا بگرێتەوە. هەر بۆیە پەترۆڵ بووە یەکێك لە هۆیە گرنگەکانی داگیرکردنی خۆرهەڵاتی نێوین لە لایەن ئیمپریالیزمی خۆرئاواوە.

کوردستان, هەر لە دێرین زەمانەوە پەترۆڵی تێدا دۆزراوەتەوە و بەکاریان هێناوە. کۆنترین نەتەوە کە پەترۆڵی ناسیبێت مادەکان بوون, کە بۆ رووناکی و خۆگەرم کردنەوە بەکاریان هێناوە. هەر بۆیە لەنێو رەگەزە کۆنەکاندا نێوی پەترۆڵ بە (رۆنی ماد) نێوبراوە.

رێژەیەکی زۆر مەزنی پەترۆڵ لە کوردستاندا هەیە, بە تایبەتی لە ناوچەکانی کەرکوك و کۆیە و کرماشان و موسڵدا, پەترۆڵی کەرکوك بە یەکێك لە گەورەترین یەدەکی پەترۆڵی جیهانی دەژمێردرێت. سەرباری ئەم رێژە زۆرەی پەترۆڵی کوردستان, جۆرەکەشی باشترینی پەترۆڵەکانی جیهانە.

بوونی ئەو هەموو پەترۆڵە زۆرە لە کوردستاندا, هەر لە سەرەتاوە تاوەکو ئێستێ, بووەتە هۆکارێکی نائاسایش و ناجێگیری بۆ کوردیش و دروستکردنی دەوڵەتی کوردیش, بۆ

نموونە, ساڵی 1819ز لە ناوچەیەکی نزیك شاری کفریی باشووری کوردستاندا., کابرایەك چاوگەیەکی نەوتی بە رێکەوت دۆزیبۆوەوە, پاشان حکومەتی عوسمانی کابرا دەگرن و دارکارییەکی زۆری دەکەن, لەسەر ئەوەی ئاخۆ پێش ئاشکراکردنی دۆزینەوەی, نەوتی لەو چاووگە دۆزرایەوە نەفرۆشتووە؟! کابرا بە هۆی ئەو کێشەیەوە تووشی چەرمەسەرییەکی زۆر دەبێت و ناچار بە ماڵ و منداڵەوە ئاوارەی کوردستانی بن دەستی ئێران دەبێت!.[1] هەڵبەت ئەوە کێشەیەکی سادەی سەرەتای کێشەی نەوتە بۆ کورد...

پەیپێبردنی ئەم رێژە زۆرە پەترۆڵەی کوردستان, بووە جێگا سەرنجی ئیمپریالیزمی جیهانی و بە تایبەتی بەریتانیا. بۆیە کەوتنە نانەوەی هەزار ئایین و ئۆین تاوەکو لەژێر دەستەڵاتی عوسمانییەکاندا دەریبهێنن.[2] ئەو رێژە زۆرەی پەترۆڵ لە کوردستاندا, بووە هۆی ماڵوێرانییەکی گەورە بۆسەر کوردستان و ململانێیەکی گەورەی لە لایەن زلهێزەکانی جیهانەوە لەسەر کرا, کە ئەمیش بە نێگەتیڤانە بۆسەر

---

[1] ب.س.پ.لا. 50 – گەشتی ریچ....

[2] بەریتانیا, بۆ مەبەستی دەستگرتن بەسەر چاوگە نەوتەکانی باشووری کوردستاندا لە کۆتایی ساڵی 1917ەوە, دەستی بە داگیرکردنی کوردستان کرد.

کوردستان شکایەوە و گوڕێکی تری دا بە خوێن بەربوونی ئابووری و ئەمجارەیان لەباتی دوو بەش کرایە پێنج بەشەوە, بەپێی ڕێکەوتننامەی (سایکس–بیکۆ 1916). بەو پێیە ئابووریی وڵاتیش بووە پێنج بەشەوە, کە لە هەرلایەکیاندا جۆرە سیستمێکی ئابووری بەڕێوەی دەبرد و دەیچەوساندەوە.

لەپاش جەنگی جیهانیی یەکەم و پاش دابەشکردنی وڵات بۆ پێنج بەش, خوێن بەربوونی ئابووریش چووە هەنگامێکی ترسناکترەوە, چونکە ئەمجارەیان سەرباری چوونە دەرەوەی کەرەستە کشتوکاڵی و کانزاییەکان, پەترۆڵیشی چووە سەر, میکانیزمی دەرهێنانی پەترۆڵیش لەگەڵ کیانێکی سەربەخۆی کوردییدا دژ بەیەکن و بۆ ئاسان بەڕێوەچوونی ئەو پرۆسەیە هەر دەبوایە کوردستان بندەست و بەشبەش بوایە. هەر هەوڵێکی سەربەخۆبوونیش لە لایەن کوردەوە بدرایە, دەبووە قوربانیی بەرژەوەندیی زلهێزان و وەدەستخستنی پەترۆڵی هەرزان. چاکترین نموونەی (گەمەی پەترۆڵ)ەش, ڕێکەوتنی حکومەتی داگیرکەری ئێران بوو لەگەڵ ئیمپریالیزمی یەکێتی سۆڤیەتدا, تاوەکو ئەمەی دووەمیان واز لە پشتگیریی کۆماری

دیموکراتیکی کوردستان له 1946دا بهێنێت, بەرامبەر ئیمتیازی دەرهێنانی پەترۆڵی باکووری ئێران, که هەندێك پەترۆڵی کوردستانیشی دەگرتەوە.

به کشانەوەی ئیمپریالیزمی جیهانی له ناوچەکانی خۆرهەڵاتی نێویندا, کوردستان هەر له ژێر کیانه دەستکردەکانی خۆیاندا مانەوه و بەو پێیه خوێن بەربوونی ئابووریش هەر بەردەوام بوو, بەڵام ئەم جارەیان به شێوەیەکی زۆر دڕندانەتر.

ئەم دەوڵەته داگیرکارانه سەرباری ئەوەی هەر له داڕووتاندنەوەی سامانه سروشتییەکانی کوردستاندان, هەرچی داهاتی کوردستان هەیه ئاڕاستەی پێشکەوتنی وڵاتەکانی خۆیانیان کردووه و ئەو بەشەی کوردستانی بندەستیان به تەواوەتی نەك هەر فەرامۆش کردووه, بەڵکو هەوڵی زێتر دواکەوتنیان دەدەن, ڕێژەیەکی زۆر کەم نەبێت, دیاردە پێشکەوتنخوازەکانی شارستانیمان له کوردستاندا بەرچاو ناکەوێت که بریتین له قوتابخانەو نەخۆشخانه و زانکۆ و...هتد, بەڵکو له باکووری وڵاتدا هەر زۆر زۆر کەمن و له مزگەوته کۆنێك زێتر, هیچی ترمان له گوندێکدا بەرچاو ناکەوێت.

بەڵام ئەگەر بێت و سەرنجی تێکڕای داهاتی داگیرکەرێکی وەکو ئێراق بدەین, دەبینین لە سەدا شەست و بگرە زێتری هی کوردستانە و ساڵانە لە سەدا دووشی لە کوردستاندا بۆ دیاردە شارستانیەکان خەرج نەکراونە, بەڵکو هەمووی بۆ پێشکەوتنی وڵاتەکەی خۆیان بووە, بەڵام کورد پشکێکی تری لە سامانەکەی خۆیدا هەبووە, کە ئەویش زۆربەی زۆری دراوە بە چەك و گازی ژەهراوی و ئەنفال و ئۆردوگای زۆرە ملیَ و....,
تاوەکو شۆڕشەکەیی پیَ سەرکوت بکرێت...؟!.

بەڵام ئەوەی جێی داخە, تاوەکو ئێستیَ[1], لەژێر سایەی ئەو دەستەڵاتە خۆماڵییەی پارتی و یەکێتیدا, کە فەرمانڕەوایی نیوەی باشووری وڵات دەکەن, ئەم خوێن بەربوونی ئابوورییە هەر بەردەوامە.

هەر لەپاش راپەرینەکەی بەهاری 1991ەوە, ئەو لایەنانەی نێو بەرەی کوردستانی !, بە تایبەتی پارتی و یەکێتی, کەوتنە فرۆشتنی هەر ژێرخانێکی ئابووری و پیشەسازی کە لە باشووری وڵاتدا هەبووبێت بە رادەیەك, کە هەموو ئامرازەکانی خزمەتگوزارە گشتییەکانی گرتەوە و ئێستا باشووری وڵات

---

[1] 1994.

سەرەڕای خوێن بەربوونی ئابووری, تووشی ئیفلیجیی ئابووریش بووە, کە گەمارۆی نێودەوڵەتی و داگیرکەری ئێراقیش هێندەی تر سەختتریان کردووە.[1]

ئەم تاڵانفرۆشییەی ژێرخانی ئابووری باشووری وڵات گەیشتە ئاستێکی وا کە خەریك بوو کۆڕ و کۆمەڵەکانی نێو ئەو بەرەیە جەنگێکی ترسناك هەڵبگیرسێنن لەسەری و جەماوەریش نەیزانی نرخی ئەو ژێرخانە ئابوورییەی وڵاتەکەی کەوتە کوێوە و بەچی درا...؟!...[2]

هەر لە کاتی هەڵگیرسانی راپەڕینەکەی مارتی 1991ەوە, داگیرکەری ئێراقی گەمارۆی ئابووریی خستە سەر باشووری کوردستان و بە هیچ جۆرێك پێویستییەکانی ژیاری نایەنە کوردستانەوە, بەرەی کوردستانیش دەبوایە هەر بڕیارێکی لەم جۆرەی دژی داگیرکەری ئێراقی دەر بکردایە؟, تاوەکو ئەو خوێن بەربوونی ئابوورییە بگیرسێتەوە و چیدی ئابووریی باشووری وڵات نەبێتە پاشکۆی ئابووریی ئێراقی بێگانە. بەڵام رۆژانە و بەپێی رەزامەندیی خۆیان چەندین کاروانی ئازووخە

---

[1] ئەم گەمارۆیە ژمارەکەی لەکاتی شەڕی کوردکوژیدا بەرزتر بووەوە, چونکە لایەنەکانی نێو بەرەی کوردستانی گەمارۆی خۆماڵییان دەخستە سەر یەکتری!.

[2] پاشتر ئەو جەنگە هەڵگیرسا...

دەچێتە ئێراقەوە بەبێ ئەوەی دەستەڵاتی ئێراقی بهێڵێت داهاتی ئەو کەلوپەلانە جارێکی تر بە دراوی مفت بێتەوە کوردستانەوە؟!, ئەمە ئەوە دەگەیەنێت کە رۆژانە چەندین تۆن کەلوپەل لە کوردستانەوە بچێتە دەرەوە بەبێ هیچ بەرامبەرێك؟! و تاوەکو ئێستا سەدان بازرگانی کوردیش لەو نێوانەدا تیایدا چوون, بەهۆی ئەوەی کە دەیانەوێت نرخی ئەو شمەکانەیان بەدراوی مفت یاخود زێڕ, جارێکی تر بهێننەوە کوردستان. جێی داخە کە سەرانی بەرەی کوردستانی لەبۆ رێژەیەکی گومرگی ئەو کەلوپەلانە, بەردەوامی دەدەن بە خوێن بەربوونی ئابووری لە کوردستاندا!! کە ئەو رێژەی گومرگە, هەزاران جار بە زیانی ئابووریی نەتەوەییمان دەوەستێتەوە.

نوێترین نموونەی ئەم خوێن بەربوونی ئابوورییە ئەوەبوو کە رژێمی داگیرکەری ئێراقی لە مەیی 1993دا, دراوی بیست و پێنج دیناریی چاپی سویسرای بەتاڵ کردەوە و هیچ بەهایەکی ئاڵوێری ئابووریی نەما و لە کاتێکدا کە ماوەیەکی زۆر کەمیشی دانابوو بۆ وەرگرتنەوەی ئەو پارانە و خەڵکی

کوردستان[1] نەیان توانی هیچ کاغەزێك لەوانە لەگەڵ بانکە حکومەتییە ئێراقییەکاندا بگۆڕنەوە, هەر بۆیە ئەو مایە و ڕەنجەی کە لە کوردستاندا بە کاغەزی بیست و پێنج دیناری هەبوو, هەمووی چووە گۆمەوە و زیانی ئەو بڕیارەی ئێراق بە چەندەها ملیۆن دۆلار دادەنرێت[2], کە هێزکارێکی زۆر خراپی بۆسەر ئەو بارە ئابوورییە خراپەی کوردستان هەبووە.

نموونەیەکی تری ئەم خوێن بەربوونەمان لە خۆرهەڵاتی کوردستاندا بەرچاو دەکەوێت کە زۆربەی نێوەندە ئابوورییەکانی ئەو بەشەی وڵات کەوتوونەتە دەستی فارس و ئازەری, بە تایبەتی لە ناوچەکانی موکریاندا, کە هەرچی پرۆژەیەکی گرنگی کشتوکاڵی و پیشەسازی هەیە, ئەو ئازەرییانە دەستیان گرتووە بەسەریدا و ناوچەکە لە بەرژەوەندی خۆیان دادەوەشێنن. لە دەستدانی شاری ورمێ و بە تورك بوونی هەر بەهۆی ئەم خوێن بەربوونی ئابووری و نەبوونی ژیریی بازرگانییەوە بوو لە لایەن کوردەوە!. ئەگەر

---

[1] لەڕاستیدا ئەو بڕیارە بازرگانەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانیشی گرتەوە, چونکە زۆربەی ئەوانە پەیوەندیی ئابوورییان لەگەڵ دیوی باشووردا هەبوو و هەندێکیان ڕێژەیەکی زۆر دراوی 25 دینارییان لەلابوو.

[2] شایانی باسە بەتەواوەتی نازانرێت کە ئەو زیانە چەندە, بەڵام لەوە دەچێت کە زۆر زۆر بێت.

ئەم بارودۆخە وا بڕوات, ئەوا ناوچەی موکریانیش, هەرچی پڕۆژە ئابوورییەکانی هەیە دەکەوێتە دەستیانەوە و ئەوپەڕی دەستەڵاتیان لە ناوچەکەدا دەبێت. کوردیش هەر دەبێت وەك کرێکارێك لەنێو ئەو پڕۆژە ئابوورییە ئازەرییانەدا بچەوسێتەوە و نەتوانێت بەرگری لە بەتورککردنی وڵاتەکەی بکات.

لە خۆرئاوای وڵاتیشدا, ئەم خوێن بەربوونی ئابوورییە, هەر لەدوای کۆتایی پێهێنانی ماندانی فەڕەنسییەوە زێتر بەهێز بوو, ئەویش بەهۆی بەعارەبکردنی کوردستان و راگوازتنیان و دروستکردنی پشتێنەی ئاسایش تیایدا, کە هەرچی پرۆژەی گرنگی کشتوکاڵی و پیشەسازی هەبوو هەموویان کەوتنە دەستی عارەبەکانەوە و حکومەتە شۆڤێنییەکانی سووریاش, یەك لەدوای یەك یارمەتیدەری ئەو خوێن بەربوونە ئابوورییەی خۆرهەڵاتی وڵات بوون.

باکووری وڵاتیش هەر لە دەمێکەوە ئەم خوێن بەربوونەی بەشێوەیەکی ترسناك تیایدا بەردەوام بووە و ئێستا بە دواکەوتووترین مەڵبەندی ئابووری دەژمێردرێت لە کوردستاندا, چونکە هەرلە سەردەمی دەوڵەتی عوسمانییەوە تاوەکو ئێستا

وابەستەی ئابووریی تورك بووە, هەر بۆ نموونە ناوچەی (مادن) کە دەکەوێتە نێوان خارپوت و دیاربەکرەوە, یەکێکە لە گرنگترین کانەکانی کانزای کرۆم لە جیهاندا و تەنێ ساڵی 1973 دوو ملیۆن تۆنی لێدەرهێنراوە و لە لایەن داگیرکەری تورکەوە فرۆشراوە بە ئامریکا. ئاسنیش لە ناوچەی سیواسدا بە رێژەیەکی زۆر دەردەهێنرێت و لە ساڵی 1967دا ملیۆن و نیوێك تۆنی لێدەرهێنراوە. ناوچەی دیاربەکریش گەلێك دەوڵەمەندە, بە تایبەتی بە نەوت و مس, تەنێ لە ساڵی 1970دا, یەك ملیۆن تۆن مسی لێدەرهێنراوە[1], هەڵبەت ئێستێ ئامرازەکانی دەرهێنانی کانزاکان گەلێك لە جاران پێشکەوتووترن و لەم کاتەدا زۆرتریان لێ بەرهەم دەهێنرێت...

ئەم خوێن بەربوونی ئابوورییە, کە مێژووەکەی دەگەرێتەوە بۆ رووخانی دەوڵەتی ماد, تاوەکو ئێستێ بەردەوامە و هێزکارێکی نێگەتیڤانەشی کردووەتە سەر دروستبوونی کیانی کورد. لەبەرئەوە پەیوەندییەکی راستەوانەیان لەگەڵ دەوڵەتی

[1]ب.لا. 66 – کندال, عصمت شریف وانلی و مصطفی نازدار – کردها ترجمە, ابراهیم نازدار – چاپ دوم – انتشارات روزبهان – تهران – 1372.

کوردیدا هەیەو تاوەکو ئەو دەوڵەتە نەیەتە بوون, خوێن بەربوونی ئابووریش هەر بەردەوام دەبێت و بە پێچەوانەشەوە.

هەر چۆنێك بێت خوێن بەربوونی ئابووری هەرلەدوای رووخانی دەوڵەتی مادەوە دەستی پێکرد, کە بووە هۆی لاوازیی ئابووریی کوردستان و ناڕێکوپێکیی قۆناغەکانی گۆڕانی کۆمەڵ لە کوردستاندا, کە قۆناغی دەرەبەگایەتی لە کاتە سرووشتییەکەی تێی پەڕاند و بووە هۆی مانەوەی نەتەوەی کورد هەربە دواکەوتوویی و پاشان سەرهەڵنەدانی هەنگامی سەرمایەداری.

ئەم خوێن بەربوونی ئابوورییە تاوەکو ئێستا لە کوردستاندا بەردەوامە و دەوڵەمەندێتیی کوردستانیش بە کشتوکاڵ و کانزای خاو و پەترۆڵ و... گرنگترینیی هۆیەکانی کۆلۆنیالیکردنی کوردستانە, کە داگیرکەران ئەم کارەساتە لە بەرژەوەندیی خۆیان بەکار دەهێنن و کوردستانیش بووەتە بازاڕێکی بەکارهێنەری شمەکەکانیان. هەربۆیە ئەوانیش بۆ بەردەوامیی ئەم کۆلۆنیالیکردنەیان پەرە بە خوێن بەربوونی ئابووری دەدەن لە کوردستاندا.

دیاره ئیمپریالیزمی خۆرئاواش, کوردستانی وەکو بازاڕێك بۆ سوودی خۆی بەکار هێناوە, بە تایبەتی ئینگلیزەکان, کە پاش ئەوەی هاتنە کوردستانەوە, شمەکەکانیان دژایەتیی شمەکی کوردەواریی کرد و بووە هۆی ئەوەی کە ئەوانە پیشەسازییان کێم ببێتەوە و ئابووریی کوردستانیش زێتر ببێتە ئابوورییەکی بەکاربەر نەك بەرهەمهێن. بۆ نموونە پێش هاتنی ئینگلیز پیاوی کورد مشکیی نێوچەی هەورامانی دەبەست, بەڵام دوای هاتنی ئینگلیز و هێنانی جامانەی ئینگلیزی, ئەمەیان جێی مشکیی هەورامانی گرتەوە و هەورامییەکان زیانیان پێکەوت.

خوێن بەربوونی ئابووری, هۆیەکی زیندووی دانەمەزرانی کیانێکی سەربەخۆیە بۆ کوردستان. چونکە دروستکردنی حکومەت, سەرباری ئەوەی پێویستی بە هێزی ئایدۆلۆژی هەیە, پێویستییەکی گرنگیشی بە هێزی مادی هەیە. کە لە ئابوورییەکی بەهێزدا خۆی دەنوێنێت. هەربۆیە لە زانستی نوێی ئابوورییدا, نێوی ئابووری بە جیا ناهێنرێت و دەگووترێت (ئابووری رامیاری), چونکە هۆیەکی زۆر گرنگە بۆ دەستەڵات گرتنە دەست.

کەواتە, تاوەکو خوێن بەربوونی ئابووری لە کوردستاندا بەردەوام بێت, ئابووریی کوردستان هەر بە دواکەوتوویی دەمێنێتەوەو هەر بۆیە پرۆسەی هاتنە کایەی دامەزراوێکی کوردیش ئەستەم بووە.[1]

[1] بەداخەوە تاوەکو ئێستاش کورد هەر گوێ ناداتە بازرگانیکردن و سەرمایە بەدەستخستن, دیارە ئەوەش پەیوەندیی بە ژیریی کورد و تایبەتمەندە نەتەوەییەکانییەوە هەیە, هەربۆیە کورد دەڵێت (پارە چڵکی دەستە)؟!. ئەم پەندە پێشینانە ئەگەر لە هەندێك باردا ڕاستییەکی تێدا هەبێت, کە ئەویش مەبەست لە خەرجکردنییەتی. بەڵام کلیلێکە بۆ ئەوەی کە بزانین کە کورد زۆر بە هەڵە بیری لە سەرمایە کردووەتەوە, هەربۆیە باپیرانمان گووتوویانە پارە چڵکی دەستە. پارە چڵکی دەست نییە!, پارە "دەوڵەتە"....

## (بەشی سێیەم)

# شوێنکەوتەی جوگرافیایی کوردستان

کوردستان ئەو وڵاتەیە کە دەکەوێتە نێوان هێڵی پانیی "34 و 39" و هێڵی "37 و 46"ی درێژییەوە[1], کە بەشێکی گرنگی خۆرهەڵاتی نزیك پێك دەهێنێت و بازنەیەکی گەیەنەری نێوان ئەوروپا و ئاسیای دووریشە.

ئەم شوێنکەوتە گرنگەی کوردستان, هەر لە دەمێکەوە جێ تێبینیی دراوسێکانی بووە, هەر بۆیە لەکاتی لاوازیی هەر فەرمانڕەوایەکی کوردستاندا, بە مەبەستی داگیرکردنی, هێرشیان بۆی هێناوە. دراوسێکانی کوردستانیش هەر لە سەرەتای چاخە مێژووییەکانەوە بەردەوام لایەکیان لەوپەڕی بەهێزیدا بوون و یەکەمین کایەی فراوانخوازییان, کوردستان بووە, بەو پێیەی کە جگە لەوەی وڵاتێکی چیایی و دەوڵەمەندە, خاوەن شوێنکەوتەیەکی جوگرافیایی گرنگیشە و بە هۆیەوە دەتوانرێت هەنگاوی تری داگیرکاری بنرێت.

گەر بێت و چاوێکی خێرا بە مێژووی کوردستان و کوردا بخشێنین, تێبینیی ئەوە دەکەین کە لە نێوان هەردوو ماوەیەکی کورتدا بەرەنگاری هێرشێکی گەورەی بێگانە بووەتەوە, کە هەرجارە بووەتە هۆی بە جارێك رووخاندنی

---

[1] ب.لا. 12 – د. بلەچ شێرکۆ – کێشەی کورد, مێژینە و ئێستای کورد – محەمەدی حەمە باقی لە عارەبییەوە وەریگێڕاوە – چاپی دووەم – چاپخانەی – تەورێز – 1990.

هەموو رووبەکی شارستانی کە لە وڵاتەکەدا هەبووبێت و پاش نەمانی ئەو هێرشە و دروستبوونەوەی شارستانی و پێشکەوتن تیایدا,. سەرلەنوێ هێرشێکی تری کراوەتەوە سەر و شارستانییەکەی لەنێوچووە و بەوجۆرە....

کوردستان, لەباری جوگرافیاییەوە بە وڵاتێکی داخراو دادەنرێت, چونکە چەند دەرچەیەکی زۆر بچووکی لەسەر دەریا هەبووە و بەهۆی درێژایی ئەو مێژووی داگیرکردنەوەیە, ئەو دەرچانەی لەدەست داوە, تەنانەت ئێستێ تاکە دەرچەیەکی بچووك کە لەسەر دەریا هەیبێت, تەنها کەنداوی ئەسکەندەروونەی باکووری وڵاتە و خەریکە سەلماندنی کوردبوونی دەبێتە کارێکی ئەستەم, ئەویش بەهۆی راگواستنی کوردەکانی ئەسکەندەروونە و نیشتەجێ کردنی تورك لە لایەن داگیرکەری تورکییەوە[1]. لەبەر ئەو داخراوییەی کوردستان و

---

[1] زۆر جێی سەرسووڕمانە !, کە کاك: (عەبدوڵڵا ئوجەلان)ی سکرتێری پارتی کرێکارانی کوردستان – PKK, لە ڕۆژی 28-09-1993دا لە کۆنگرەیەکی ڕۆژنامەگەری, کە ژمارەیەکی زۆر لە ڕۆژنامەنووسان و نوێنەرانی ئاژانسەکانی دەنگوباسی جیهان و نوێنەری ڕۆژنامەکانی خۆرهەڵاتی نێوین و تورکیا و ئێزگە و تەلەڤزیۆنی ئەورووپی ئامادەبوون, لە باسی پەیوەندیی برایانەی! پکك و داگیرکەری سووریا, ئەوەی ڕاگەیاند, کە لیوای ئەسکەندەروونە بەشێکی گرانبەهای خاکی سوورییایە و ماوەی چوار سەدەیە تورکەکان داگیریان کردووە...؟!.

ب.لا. 31 – گۆڤاری (صوت کردستان) – ناطقة بأسم جبهة التحرير الوطني الكردستاني – العدد 20.

داگیرانی هەر چواردەوری بە چەند دراوسێیەکی چاوچنۆك, هەمیشە ئاسایشی لە مەترسیدا بووە و سنوورێکی فراوانی بە دەریاوە نەبووە, تاوەکو تارادەیەك ببێتە دراوسێیەکی بێ لایەن و بەهێزی. بۆیە لە ماوەی مێژوویی وادا هەبووە کە کەوتووەتە نێوان چەند زلهێزێکەوە و بووەتە گۆڕەپانی جەنگە یەك بەدوای یەکەکانیان و کوردستانی پێ کاول بووە.

خۆ ئەگەر کوردستان دوورگەیەك یاخود وڵاتێکی چەپەکی دوورە دەست بوایە, ئەوا هەر لە دامەزراندنی یەکەمین دەوڵەتییەوە تاوەکو ئێستێ سەربەخۆ و خاوەن دەوڵەت دەبوو!.

شوێنکەوتەی کوردستان هەروەك باسکرا, بووەتە هۆیەکی نێگەتیڤانە بۆ دروستبوونی کیانێکی کوردی, چونکە لە پاش لەدەستدانی کیانی کوردەوە, کوردستان بووە گۆڕەپانی جەنگی هێزەکانی ناوچەکە, بۆ نموونە گەورەترین جەنگی نێوان کۆرشی فارسی و ئەسکەندەری مەکدۆنی لە کوردستاندا

---

هەڵبەت زۆربەی پارتە کوردستانییەکانی تر, بە تایبەتی هی باشوور, کە دێنە سەرباسی سووریا, زۆر دەست دادەگرن, وەکو سووریا دەوڵەتێکی کۆنفیدڕاڵیی نێوان کورد و عارەب بێت!, دیارە ئەوەش هەر پەیوەندیی بە کاسەلێسیی ئەو پارتانەوە هەیە بۆ سووریا. داگیرکەری سووری لە بەرژەوەندیی خۆی یارمەتییان دەدات و ئەوانیش بە شان و باهوویدا هەڵدەدەن..؟!. و لەو بارەیەوە خۆرئاوای کوردستان, کە ئەو بەشەی بندەستی سووریایە, بووەتە قوربانیی گەمەی سووریا و ئەو پارتانە..

روویداوه, كه به جارێك وڵاتی كاول كردووه و هیچ دیاردەیەكی شارستانی و ژیانیی تیادا نەهێشتووه, ئەم جەنگە ساڵی 331 ز روویدا و بە جەنگی (گەوگەمیلا) ناسراوه له نزیك شاری هەولێر, كه به هۆیەوه دارای سێیەم رووخا و كوردستانیش بووه بەشێكی ئیمپڕاتۆری یۆنانی.

هاتەهاتەی فارس و رۆم لەسەر كوردستان هەر بەردەوام بووه و نەیهێشتووه كورد ئاهێك به ئاسوودەیی هەڵكێشێت, تاوەكو ئەمجارەیان لە لایەن عارەبەوه وڵاتەكەیان كاول و داگیركرا. لەپاش دەست بەسەرداگرتنی خەلافات لە لایەن توركەكانەوه و دامەزراندنی ئیمپڕاتۆری سەفەویی فارسییەوه, كوردستان بۆ ماوەی چەند سەدەیەك كەوتە نێوان ئەم دوو زلهێزە, كه هەمیشه لەبەربەرەكانێدا بوون لەسەر خاكی كوردستان و هەر رۆژە و بە بیانوویەكی ناڕەوا دەستیان گرتووه بەسەر بەشێكی كوردستاندا, ئەنجامی ئەم ململانێیەیان بە جەنگی چاڵدیرانی 1514ز, شكایەوە, كه كوردەكان بەهۆی هاندان و فەتوای (مەلا ئیدریسی بەتلیسی)یەوه[1], پشتی توركیان گرت و لە جەنگەكەدا سەركەوتن و كوردستانیش وەك هەموو جەنگەكانی

[1]ب.س.پ.لا. 30 – جمال نبز – حول المشكلة الكردية...

تر, بووە گۆڕەپانی ئەو جەنگەو دەبوایە سوخرەکێشی سووپای ئەو دوو زلهێزەی بکردایە و نانیشی بدانایەتێ, سەرکەوتنی تورك لە جەنگی چاڵدیراندا, زێتر بەهۆی ئەو پەیمانە خۆکوژەوە بوو, کە ئیدریسی بەدلیسی لەنێوان سوڵتان سەلیم و میرە کوردەکاندا لە 09-08-1515 دا پێکی هێنا, کە ئەمە خاڵەکانی ئەو رێکەوتنەیە:-

1- سەربەخۆیی میرنشینەکانی کورد پارێزراو دەبێت.
2- پایەی میرایەتی لە باوکەوە بۆ کوڕ هەر دەمێنێت یان بە گوێرەی دابی نێوخۆیی رێك دەخرێت. سوڵتانیش بەپێی فرمانێك رەسمییەتێك دەداتە میری نوێ.
3- کورد, لە هەموو جەنگێکدا یارمەتیی تورك دەدات.
4- بەرامبەر بەدەست درێژیی دەرەکی, تورك هاریکاریی کورد دەکات.
5- کورد باجی رەوا بە (بیت المال)ی (خەلیفە) دەدات.[1]

---

[1] ب.س.پ.لا. 166 - جلدی 1 - ئەمین زەکی بەگ...
هەروەها بڕوانە: لا 96 - د. حوسێنی خەلیقی - کۆمەڵناسی کوردەواری...

سەرباری ئەوەی کە ئەو جەنگە بووە هۆی دووکەرتکردنی کوردستان و دوو تێرمی سیاسیی نوێی بۆ نێولێنانی کوردستان هێنایەکایەوە, کە ئەوانیش کوردستانی عوسمانی و کوردستانی سەفەوی بوون. درێژیی سنووری تورك و ئێران هەر لە کەنداوی فارسییەوە تا ئاراڕات نزیکەی (1180) میلە, کە 700 میلی بە کوردستاندا دەڕوات. ئێراقیش (920) میلی لە ئیمپراتۆری عوسمانییەوە بە میراتی بۆ مایەوە, کە (440) میلی لە کوردستاندایە و هێزکارێکی زۆر قوڵی کردووەتە سەر ژیانی رامیاری و ئابووریی کورد, کە کەوتووەتە هەردوولای ئەو سنوورە نێودەوڵەتییەوە.[1] ئەو بەشەی تری سنووریش دیسانەوە دەکەوێتە نێوان ئێران و تورکیاوە, کە ئەویش دووبارە بە کوردستاندا تێدەپەڕێتەوە.

هەرچۆنێك بێت سووپای عوسمانییەکان لە جەنگی چاڵدیراندا سەرکەوتنیان بەسەر فارسەکاندا بەدەست هێنا, کە ئەویش هەربەهۆی یارمەتیدانی میرە کوردەکانەوە بوو, بەڵام ئەنجامی ئەو جەنگە نەبووە هۆی کۆتایی پێهێنانی ململانێ و کینەبەرایەتیی یەکتری لەسەر کوردستان, بۆیە هەرچەندە کە

---

[1] ب.س.پ.لا. 116 – ادموندز....

هێشتا زامەکانی ئەو جەنگە لەسەرشانی لانەچووە, دیسانەوە کەوتنەوە جەنگ و پێکدادان لەدژی یەکتری و خاکی کوردستانیش هەر گۆڕەپانە کلاسیکییەکەیان بوو, ئەو دوو هێزە هەر بەوەشەوە نەوەستاون بەڵکو کەوتنە سەربازگیری لەنێو کوردەکاندا و بە زۆری زۆردارەکی دەبوایە بچوونایەتە مەیدانی جەنگەوە. بۆ نموونە لەدوای چاکسازییەکانی شاعەباسی سەفەوەییەوە 1624ز, زۆربەی هێزەکانی سووپای ئێران کورد بوون و بە تایبەتی لە هۆزەکانی ناوچەی موکریان بوون. بەرامبەر ئێرانیش, والییە عوسمانییەکان هەمیشە سوودیان لە هێزی جەنگیی کورد وەرگرتووە و بە سەربازیان کردوون.[1] ئەمە جگە لە هاندانی میرنشینە کوردەکان, هەیەکە و بۆلای خۆی و لە دژی ئەوی تر, هەتا وای لێهات کە دوو میرنشینی کوردی لە دژی یەکتر و لە

---

[1] ب.س.پ.لا. 239 – جلدی 1 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ...

دیارە لەم نموونانەمان زۆر هەن, لەساڵی 1621دا عوسمانییەکان بەیارمەتیی کورد بەغدایان گرتەوە, بەرامبەر ئەوانیش بەشی زۆری سوپای ئێرانیش کوردی خێڵی موکری بوون. ب.لا. 16 – گۆڤاری دلاّنپار – ژمارە 4.

هەروەها لە ساڵی 1624دا, جەنگێك لەنێوان عوسمانییەکان و شاعەباسی سەفەوییدا ڕوویدا, کە تورکەکان شکان و ئەویش هەر بەهۆی یارمەتیی کوردەوە بوو بۆ ئێرانییەکان. ب.س.پ.لا. 146 – باسیل نیکیتین – الاکراد. بابانییەکانیش یارمەتییەکی زۆری تورکیان لە دژی ئێران داوە. لا. 142ی هەمان سەرچاوە.

بەرژەوەندیی یا فارس یان تورك شی رو تیریان دەسوو. بەو جۆرە کوردستان کرایە دوو بەشەوە. ئەم دووبەرەکی و جەنگانەی نێوان میرنشین و هێزە کوردییەکان کە پەیوەندییەکی راستەوانەی لەگەڵ بەرژەوەندیی رامیاریی ئێران و عوسمانیدا هەبووە, دەکرێت بکرێتە هۆیەکی تری دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی. چونکە هەر لە سەردەمی دروستبوونی میرنشینەکانەوە و بگرە پێشتریش هاوکێشەی دووبەرەکی و جەنگ و پێکدادان و تالآنی و لێخستنی ئەم میرنشین و ئەو بەگ و ئەو دەستەلآتدار ...ی نێو ولآتی کوردەواری, بووەتە خەسڵەتێکی بەرچاوی ئەو مێژووەی کوردستان. هەر بۆیە (لۆنگریك), لە کتێبەکەی خۆیدا (چوار سەدە لە مێژووی نوێی ئێراق)دا, دەڵێت: (دەتوانین لەو رووداوانەوە گرنگترین تایبەتمەندەکانی مێژووی کورد روونبکەینەوە کە ئەویش بە دووبەرەکییە بێ کۆتاییانەی نێوان ئەو برایانەیە –مەبەستی میرەکانی کوردستانە– لەسەر تەختە بی نرخەکانیان,..).[1]

---

[1] ب.س.پ.لا. 60 – لۆنگریك...

هەر بە راستیش وەها بووە, کە هێزکارێکی گرنگی کردووەتە سەر کەرتبوونی بەرەی نێوخۆیی کوردستان و نایەکانگیریی نەتەوەییانەی کورد.

هەرچەندە لەدوای 1850ز ەوە, کە دواهەمین میرنشینی کورد رووخا. بەڵام ئەم دووبەرەکییە لەنێو ریزی کوردا هەرمایەوە و ئەم جارەیان گوێزرایەوە بۆ نێو عەشیرەت و ئاغاکان و بنەماڵەکانی کوردستان, دووبەرەکییەکانی نێوان عەشیرەتی هەرکی و سورکی و هەروەها زێبار و بارزانی و.... نموونەی ئەو دووبەرەکییانەن... تەنانەت کاتی وا هەبووە کە دوو ئاغای نێوان دوو گوندی بەرامبەر دەیان ساڵ لە ناتەبایی و تالآنیدا بوون لە دژی یەکتری....دووبەرەکییەکانی نێوان هەردوو بنەماڵەی غەفووری و حەوێزی لەشاری کۆیەدا, نموونەیەکی تری دووبەرەکیی بنەماڵە خاوەن دەستەڵاتەکانی کوردستانن!, کە دەیان ساڵ لە کوشتار و تالآنیی یەکتریدا بوون.

پاش ئەمانیش لە شەستەکانی ئەم سەدەی بیستەمەدا ئەم دووبەرەکییە گەیشتە نێو رێکخراوە رامیارییەکانی کوردستان, دووکەرت بوونی پارتی دیموکراتی کوردستان لە باشووری

ولاَتدا بۆ هەردوو بەشی بیرۆی رامیاری و سەرکردایەتیی بارزانی, هێزکارێکی زۆر نێگەتیڤانەی هەبوو بۆسەر بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان کە تا ئێستاش هەر بەردەوامە....

لە خۆرهەلاَتی کوردستانیشدا دووبەرەکیی نێوان حیزبی دێموکراتی کوردستان و کۆمەڵەی زەحمەتکێشانی کوردستان, لە سالاَنی هەشتاکانی ئەم سەدەیەدا, تۆوی نائومێدی و بیَ هوودەیی لە دڵی جەماوەری خۆرهەلاَتی ولاَتدا چاند, ئەو دووبەرەکییە هەر بەو دووانەشەوە نەوەستا!, بەڵکو حیزبی دێموکرات خۆشی بووە دوو کەرتەوە, کە ئەوانیش رابەرایەتیی شۆڕشگێڕ و حیزبی دێموکراتن؟!...[1]

لە باکووری کوردستانیشدا وەنەبێت بارودۆخەکە لە لایەن بەرەیەکی یەکگرتووەوە بەڕێوە بچێت, بەڵکو پارتی کرێکارانی کوردستان PKK , هەروەك پاشا کۆرە, کەوتە گیانی هەموو پارت و رێکخراوە کوردییەکانی دیکەی باکوور!, تاوەکو خۆی لە هەموو کردەوەکانیدا بالاَ دەست بێت؟!.. ئاشکرایە تەواوی ئەم دوو بەرەکییانە لە بەرژەوەندیی دوژمنانە و بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردیش بۆ ماوەیەکی زۆر دەباتە دواوە, کە

---

[1] خۆشبەختانە, هەروەکو وابلاَوە کە ئێستا ئەم دووباڵە دەیانەوێت یەکبگرنەوە, بەلاَم ئاستەمە کە بەم زووانە بتوانن ئەو زیانانەی کە لە ئەنجامی ئەو دابڕانەیانەوە هاتنە کایەوە, پڕبکەنەوە...

مەترسییەکی زۆری بۆسەر زێتر کەرتبوونی ریزی نەتەوەییمان هەیە.

دووبەرەکییەکانی نێوان پارتی دیموکراتی کوردستان و حیزبی دێموکراتی کوردستانی ئێران و هەروەها هی نێوان یەکێتی نیشتمانی کوردستان و پارتی دیموکراتی کوردستان لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان....[1] کردەوەیەکی گەلێك ترسناکە بۆسەر یەکانگیریی نەتەوایەتی کورد و زێتر چەسپاندنی ئەو سنوورانەی کە لە نێوان بەشەکانی کوردستاندا دانراوە... دیارە رابەرانی ئەو کۆڕ و کۆمەڵانە بەهۆی ئەو دووبەرەکییانەوە چەندین لاپەڕەی رەش لە مێژوودا بۆ خۆیان و رێکخراوەکانیان تۆمار دەکەن[2].

---

[1] ئێستێ دووبەرەکیی نێوان ی.ن.ك و حیزبی دیموکراتی کوردستانی "ئێران"یش هەیە؟!.

[2] ئەم باسانە گەلێك درێژن و هەموویان پەیوەندییان بە هۆیەکانی نایەکانگیریی نەتەوەییانەی کوردەوە هەیە و ڕەگ و ڕیشەکانیشی گەلێك کۆنە و پەیوەندیی بەسەردەمەکانی پێکهاتنی نەتەوەیی کوردەوە هەیە لە پێش زاییندا, هەر بۆیە لە پاشەڕۆژدا بەو هیوایەم کە چەند لاپەڕەیەك لەسەر هۆیەکانی ئەم نایەکڕیزییەی نەتەوەیی کورد بنووسم, کە هۆیەکی گرنگە بۆ دروستنەبوونی دەوڵەتی کوردی. بەڵام هەر ئەوەندە دەڵێم کە شەڕی براکوژی ڕەگ و ڕیشەی ناگەڕێتەوە بۆ سەردەمی میرنشینەکان, بەڵکو مێژوو و هۆیەکانی زۆر کۆنن و دەگەڕێنەوە بۆ سەردەمی دروستبوونی ڕەگەزەکانی لۆللۆ و گۆتی و کاشی و هوری و میتانی و ... هتد, من گەلێك سەرچاوە و زانیاریم بۆ ئەو باسە کۆکردووەتەوە و ئێستێ خەریکی ئەو لێکۆڵینەوەیەم.

بچینەوە بۆ سەردەمی فارس و عوسمانی لە کوردستاندا: باجی ئەو جەنگە یەك لەدوای یەکانە هەربەسەر شانی کوردەوە بوو, کە هێزکارێکی زۆر ترسناکی کردبووە سەر باری دەروونیی کورد و رزگاربوونیان لەو دوو هێزە بەکارێکی بێ هیوا دەزانی, دیارە چەندین راپەڕینیش لە دژی ئەو بارودۆخە ژێردەستەیی و گۆڕەپانە جەنگییە روویداوە. بەڵام دەبێت میرنشینێکی کورد بە سووپایەکی سادە و ئابوورییەکی داڕووخاو و ئایدۆلۆژیای بێگانەوە, چ دەستەڵاتێکی بەرامبەر ئەو دوو هێزە بووبێت و هەر نەشیان توانیبێت سەرکووتی بکەن ئەوا بە فەتوای مەلایەکی دەسندەخۆر دەیانتووواندەوە.

لەو بێ هیوایی و دەروون رووخاوییەی خەڵکی کورد دەتوانین لەو ئاخاوتنەوە تێبگەین کە (مستەر ریچ), لە رۆژی $10$ی مایی $1820$دا, لەگەڵ (مەحموود پاشای بابان)دا کردوویەتی, کە چۆن ریچ لە کاتی سەردانەکەی خۆیدا بۆ شاری سلێمانی پێتەختی میرنشینی باباندا, پرسیاری ناڕێکوپێکیی شارەکە و خانووەکەیی لێ کردووە, کە خانووی میرە!, ئەویش لە وەڵامدا وتوویەتی:

(کێ جێگایەك چاك دەکاتەوە, ئەگەر بزانێت تیا ناحەسێتەوە؟, هاکا تورکەکان, یان ئێرانییەکان, چەند رۆژێکی تر وێرانی دەکەنەوە)....[1]

هەمان میستەر ریچ, رۆژی پاشتر لەگەڵ میر و چەند پیاوێکی ماقوڵی شاری سلێمانیدا دادەنیشێت و باس دێتەوە سەر هۆی خراپیی خانوبەرەکانی سلێمانی و یەکێك لەو پیاوانەی نێو دیوەخانی میر دەڵێت:

(راست دەکەیت, خانووەکەت پیس و رووخاوە, بەڵام بۆچی خانووی چاك دروست بکەین و, هەموو دەمێکیش چاکی بکەینەوە, ئەگەر دڵنیا نەبین لە ژیانی خۆمان و لەوەی تا دوا هەناسەمان تیایدا ئەحەوێینەوە؟ جا چ جای بۆ نەوەکانمان, ئەم پاشایە دەڕوا و, یەکێکی تر لە هەمان بنەماڵە, بە خۆی و دۆست و خزمەکانییەوە, دێت و هەموومان لە ماڵ و حاڵ و زەوی و زارمان دەردەپەڕێنێت و دەیدات بەوان. هۆی سەرەکی کاول بوونی ئەم نیشتمانەش ئەوەیە کە

---

[1] ب.س.پ.لا. 101 – گەشتی ریچ...

ئاسایشی تیا نییە و, میرەکانیش فەرمانڕەوایەتییان زۆر ناخایەنێت, فەرمانڕەواش هەر چۆنێك دەبێت, بابێت, بەڵام ئەگەر دڵنیا بێت لەوەی تا دوایی ژیانی حوکم دەکات, کەڵکی لێ وەردەگیرێت)[1].

ڕۆژی 13ی مایی هەمانساڵیش (محەمەد ئاغا) کە کەسێکی نێوداری شار بووە بە میستەر ریچی واگووتووە:—

(هۆی سەرەکی کاول بوونی ئەم وڵاتە, نەبوونی ئاسایشە لە هەموو ناوچەکەماندا, چونکە ئێمەی خێڵەکی, ئەگەر دڵنیا نەبین لەوەی ئەو ناوچانە, هی خۆمانە, ئەوسا خۆشمان تەرخان ناکەین بۆ کشتوکاڵ تیاکردنی و, بەم ڕەنگە وڵاتەکەش گەشە ناکات و پێش ناکەوێت, بۆ وێنە: من ئەگەر بزانم سەرۆکەکەم جڵەوی فەرمانڕەوایی بەدەستەوە نامێنێت و, خۆشم تا وەرزی هەڵگرتنی خەلە و خەرمان, زەوییەکەم بە دەستەوە نامێنێت, یەك تەغار تۆو ناکەم. لەبەر ئەوە لە جیاتی ئەوەی خۆم زەوییەکەم تۆو بکەم, دەیدەمە

---

[1] ب.س.پ.لا. 110 – گەشتی ریچ...

دەست لادێیەکان خۆیان چۆنی دەکەن, با بیکەن و, من بەشی خۆمیان بە شێوەی زەکات, یان –دەیەك– یان هەر لێ دەستێنم, سەرباری ئەمەش بەهەر شێوە و پەلپ و بیانوویەك بێت, شتێکی تریان لێ دەستێنم).[1]

لەمەوە تێبێنی دەروون رووخانی میرێکی کورد و دەست و پێوەندەکانی بکەن بەرامبەر ئەو بارودۆخە کە چۆن لە هەموو شتێك بێزار بووە, چ جای دەروونی رەشە خەڵکەکەی ژێر دەستی ئەو دوو زلهێزە...!..

هەڵبەت ئەو رەشە خەڵکەش بەهۆی ئەو بارودۆخە نالەبارەوە هەردەم لە سەنگەردا بوون و ساتێکی ئاسوودەیان لە ژیاندا بەسەر نەبردووە, هەمان ئەو میستەر ریچە, تێبینییەکی زۆر جوانی لەسەر شوێنکەوتەی گوندەکانی کوردستان نووسیوە, کە ئەویش ئەوەیە ئەو گوندانە زۆربەیان دەکەونە شوێنی چەپەك و شاردراوە و دۆڵی نەدیوەوە, کە رەنگە بۆ خۆ رزگار کردن بێت لە سەردانی ئەو سوپایانەی بەلایاندا رەت دەبن[2].

---

[1] ب.س.پ.لا. 114 و 115 – گەشتی ریچ...

[2] ب.س.پ.لا. 186 – گەشتی ریچ...

که ئەمە هەر چەند ساڵ جارێك تووشیان بووە[1]. خۆ باسی شوێنە سنوورییەکانی نێوان فارس و عوسمانی هەر ناکرێت کە چەند زیانیان بەر کەوتووە. میستەر ریچ باسی ناوچەی (قزڵجە)ش دەکات, کە لەسەر سنوور بووە و چەند جارێك بە هۆی ئەو شەڕانەوە کاول کراوە, کاولکردنێکی وا کە رێژە و ژووریان کردووە...![2].

دژایەتیی هەر میرنشینێکی کورد بەرامبەر دوو هێزی گەورەی وەك فارس و ئالی عوسمان, هێزکارێکی سەربازی و ئابووری و دەروونیی گەلێك خراپی بۆسەر خودی میرنشینەکان هەبووە, چونکە رامیاریی هاوسەنگیی میرنشینەکان لە نێوان ئەو دوو هێزەدا نەك هەر ئەستەم بووە, بەڵکو ژێریی رامیاریی ئەو میرنشینانە لە هی ئەو دوو زلهێزە باڵاتر نەبوون, بۆ نموونە با

---

[1] ئەم سەنجەی میستەر ڕیچ زۆر لە جێی خۆیدایەتی و چەپەکێتیی شوێنکەوتەی گوندەکانی کوردستان بۆ زۆر کەسی تریش جێی تێبینی بووە و دیارە یەکێك لە مەرجەکانی هەڵبژاردنی شوێنێك بۆ نیشتەنی دەبێت چەپەکییەکەی بێت, هەروەکو سەربازگەیەك!... تاوەکو لەکاتی جەنگدا لەبەرچاو نەبێت.

من خۆم زۆر گوندی کوردستان گەڕاوم و زۆربەی هەرە زۆریان شوێنەکانیان چەپەکن, و زۆر گوند هەیە کە هەتا زۆر لێی نزیك نەبیتەوە نازانیت ئایا خەڵکی تێدا دەژی؟!, یان ئایا گوندێك هەیە لێرەدا؟, ئەو ڕووداوەم لە گوندی (خاوێ)ی ناوچەی قەراخی سلێمانی لێبەسەرهاتووە, کە 50 مەتر لێمەوە دوور بوو, بەڵام نەمدەزانی کامە گوندەکەیە!...

[2] ب.س.پ.لا. 187 – گەشتی ڕیچ...

سەرنجی روداوەکانی سەردەمی (عەبدولڕەحمان پاشای بابان) بدەین, کە میری ناوچەی بابان بووە و لە ساڵی 1805ز دا, یەکەمین شەڕی دژی والیی عوسمانی لە دەربەندی بازیان کردووە و ساڵی 1806 شەڕی دژی ئێران کردووە و, دووبارە لە ساڵی 1808دا دوەمین شەڕی لە دەربەندی بازیان دژی عوسمانییەکان کردووە و, لە ساڵی 1812ز دا, بۆ سێیەمین جار لە کفری لەگەڵ عوسمانییەکاندا شەڕی کردووە[1]. کەواتە میرنشینی بابان لە ماوەی ئەو هەفت ساڵەی ژیانیدا, چوار جەنگی دژی ئەو دوو زلهێزە بەرپا کردووە و دیارە بەرپاکردنی ئەو چوار جەنگە کە لە ماوەیەکی کەمدا روویداوە و لە لایەن میرنشینێکی توانا دیاریکراوی وەك بابانەوە و بەرامبەر دوو زلهێزی ئەو کاتە, هەر زێتر سەرەنجامێکی خراپ بۆ میرنشینی بابان دێنێت, وەك لە فارس و تورکەکان!.

خەڵکی سادەی ئەو کاتەی کوردستانیش چارەسەرکردنی ئەو بارودۆخەیان بەبێ هوودە زانیوە, چونکە هەر راپەڕین و بێ فەرمانییەك روویدا بێت, یەکسەر دامرکێنراوەتەوە و باجەکەشی هەر ئەمان داویانە, بۆیە هەر خەریکی ژیانی

---

[1] ب.س.پ.لا. 37 – د. بلەچ شێرکۆ...

سەختی کولە مەرگیی خۆیان بوون و پاش دامرکاندنەوەی هەر راپەڕینێك, دەیان ساڵی تری ویستووە بۆ سەرهەڵدانێکی دی و بە هەمان شێوە,...

ساڵی 1639ز لە نێوان ئەو دوو زلهێزەدا, رێکەوتننامەی (زەهاو) مۆرکرا و سنووری نێوان ئیمپڕاتۆرەکانیان لە نێوەڕاستی کوردستاندا بە شێوەیەکی رەسمی دیاری کرد, بەڵام ئەم رێکەوتننامەیە نەبووە کۆتایی ناتەبایی ئەو دوو هێزە و سەرلەنوێ کوردستانیان کردەوە مەیدانی شەڕە گورزی خۆیان, ئەم ناتەباییە تاوەکو لە نێوچوونی ئەو دوو زلهێزە هەر بەردەوام بوو.

هەر چۆنێك بێت, هیچ کام لەو رێکەوتننامانەی نێوان سەفەوی و عوسمانی و پاشتر ئێراق و ئێران کە ژمارەیان دەگاتە نۆزدە رێکەوتننامە, و یەکەمینیان لە ساڵی 1520 دابوو و دواهەمینیان لە 06-03-1975دا, نەیانتوانی تەبایی یەکجاری بۆ جێگیریی سنووری هەردوولا بێنێتە دی[1].

---

[1] ب.لا. 16:

Iran – Irak de oorlog voorbij? Iraniers, Irakezen en Koerden over de achtergronden en gevolgen van de oorlog. (Projektgroep Iran – Irak) Rotterdam – 1998.

ئەو چەند سەدەیەی کە ململانێی ئەو دوو هێزەی تێدا بەردەوام بوو هەلێکی زێرینی بۆ کورد هێنایە پێشەوە کە سەربەخۆیی خۆیان بەدەست بهێنن, بەڵام کورد لە نێوان هەردوو بەرداشی ئەو ئاشە گەورەیەدا پێویستی بە رامیاریزانی و تاکتیك هەبوو. کە لە خودی رابەرێك یان میرنشینێکدا بەرجەستە ببوایە. میرنشینەکانی کورد کەم و زۆر هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانیان دەدا, بەڵام هەریەك بە جیا و بەرژەوەندیی خۆشیان دەخستە سەروو هەر شتێکی ترەوە, هەر بۆیە ریزی کورد بەش بەش بوو بوو و بۆ بەردەوامیی ئەو بەرژەوەندییانە هەریەکەیان پاڵیان دابوو بە یەکێك لەم هێزانەوە و لە دژی میرنشینێکی تر.

دژایەتیی ئەم میرنشینانە لە نێوان یەکتردا بووە هۆی ئەوەی کە چوار سەدەی ئەم هەلە مەزنە بەسەر بچێت بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی ئەوتۆی لێ وەربگیرێت, بەرچاوترین هەوڵێك کە بۆ یەکخستنی ئەم میرنشینانە درابێت, هەوڵەکەی میری سۆران( پاشای کۆرە) بووە, کە سەرەتا هەوڵی بەهێزکردنی میرنشینەکەی خۆیی داوە و بانگەشەی جودابوونەوەی لە سوڵتانی عوسمانی کردووە و سەربەخۆ فەرمانڕەوایی

میرنشینەکەی و ناوچەکانی ژێر دەستەڵاتی کردووە, بەڵام کۆر پاشا لە فراوانکردنی میرنشینەکەیدا کەوتە هەڵەیەکی مێژووییەوە, کە ویستی بەهێز وا لەو میرنشینانەی تر بکات کە بێنە ژێر ئاڵاکەیەوە و هێرشیشی کردە سەر کوردە ئێزیدییەکان و تووشیماڵوێرانییەکی زۆری کردن, هەر بۆیە ئێزیدییەکانیش و میرنشینەکانی تریش, لە کاتی هێرشی تورکەکان بۆسەر ناوچەکانی میرنشینی سۆران و لە کاتی فەتواکەی خەتیّ دا, هیچ بەرگرییەکیان لە میرنشینی سۆران نەکرد, بەڵکو زۆربەیان یارمەتیی تورکەکانیاندا, لەبەر دژایەتیی بەرژەوەندییەکانی ئەو میرنشینانە لەگەڵ میری سۆراندا. لەبەرئەوە ئەم هەوڵەش سەرکوت کرا و نزمیی ئاستی رامیاریی میرەکانی کورد بووە هۆی بەسەرچوونی ئەو هەلە زێرینە "زۆر دوور و درێژە", بەڵام بەبێ ئەوەی هیچ سوودێکی وای لێ وەربگیرێت.

کوردستان هەر بە هۆی شوێنکەوتە جوگرافیاییەکەیەوە بووە گۆڕەپانی جەنگی روسیا و تورکی عوسمانی و ئەم جەنگانە لە

سەدەی نۆزدەهەمدا ماڵوێرانی و وێرانکارییەکی زۆری بەسەر کوردستاندا هێنا[1].

روسیا گرنگییەکی زۆری داوە بە کورد, بە تایبەتی لە کاتی جەنگی رووس و تورکدا (1828–1829), و هەروەها لە کاتی جەنگی قرم دا (1853–1856), و ئەمانیش وەك ئێران و عوسمانی, کوردیان لە دژی تورك بەکارهێناوە و سوودیان لە هێزی سەربازییان وەرگرتووە, کە بووەتە هۆی ئەوەی کە دەیان هەزاران کورد, ببنە خۆراکی ئەو شەڕانە, کە زۆربەشیان لە کوردستاندا روویانداوە و ماڵوێرانییەکی زۆری بەسەر کورددا هێناوە[2].

لە سەدەی بیستەمەوە دەستەڵاتی ئەو دوو زلهێزە لە کوردستاندا, گۆڕان بە چەند هێزێکی تر. جگە لە سامانە سروشتییەکانی کوردستان, شوێنکەوتە جوگرافیاییەکەشی سەرنجی ئیمپریالیزمەکانی خۆرئاوا و خۆرهەڵاتی راکێشا, بۆیە هەر یەك لە ئیمپریالیزمی ئینگلیزی و فەڕەنسی و سۆڤیەتی,

---

[1] ب.س.پ.لا. 47 و 180 – صالح محەمەد ئەمین – کورد و عەجەم...

[2] ب.لا. 10 – د. عزيز الحاج – القضية الكردية في العشرينات...

بەپێی ئەو دەرفەتانەی کە بۆیان لوا, لە سەدەی بیستەمدا هاتنە کوردستانەوە.

ئەم هێزانە هەرچەندە لە نێوان خۆیاندا تەبابوون, و لە یەك بەرەدا بوون, بەڵام هاتنەناوەوە و چوونە دەرەوەیان لە ناوچەکەدا, ترسناکترین گۆڕانکارییان بەسەر نەخشەی جوگرافیایی کوردستاندا هێنا و لە جیاتی دووبەش کردیانە پێنج بەشەوە و هەر بەشێکێشیان بە دەوڵەتێکی دروستکراوی خۆیانەوە گریێ داو ئەم کیانە دەستکردانەش هەر لە رۆژی دەستبەسەردا گرتنی کوردستانەوە بەکرێگیراوێکی گوێڕایەڵی زلهێزەکانی جیهانن, بۆ سەرکوتکردنی کورد و داڕووتاندنی سامانە سروشتییەکانی وڵاتەکە.

ئەم وڵاتانەش بە فیتی هێزە جیهانییەکان زۆر جار کەوتوونەتە بەبەرەکانیێ لەسەر کوردستان و زۆر جاریش لە دژی شۆڕشی کورد رێکەوتننامەی هاوبەشیان بۆ لێدانی راپەڕینەکانی کورد مۆر کردووە, کە رێکەوتننامەکانی سەعد ئاباد و بەغداد و جەزائیر نموونەی ئەو رێکەوتننامە ناڕەوایانەن دژ بە کورد.

ئێراق و ئێران کە دوو دەوڵەتی داگیرکەری هەردوو بەشی خۆرهەڵات و باشووری کوردستانن, هەر لە دەمێکەوە کێشە و

ململانێی سنووریان هەبووە, کە مێژووەکەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش دروستکردنی کیانی ئێراقی لە لایەن ئیمپریالیزمی ئینگلیزییەوە. ئەم ململانێیە لە پاش شۆڕشی گەلانی ئێرانی 1979وە, لە لایەن کۆمەڵگای نێودەوڵەتییەوە زێتر بەرز کرایەوە, هەتا وای لێهات ئەو دوو رژێمە لە 22ی سێپتەمبەری 1988دا, کەوتنە جەنگێکی درێژ خایەنەوە, کە هەشتساڵی خایاند و بووە هۆی لەنێو بردنی ژێرخانی ئابووری هەردوو وڵات, کە دووبەشی کوردستانیشی گرتەوە.

شوێنەوارەکانی ئەم جەنگە زۆر بە کوردستانەوە دیار بوو, چونکە هەردوو رژێمی ئێرانیش و ئێراقیش دەیانویست جەنگەکە بهێننە سنووری ناوچەکانی کوردستانەوە, هەردوو لا تاکە خاڵێك کە لەسەری رێك بووبێتن دژایەتی کورد و دەوڵەتی کورد بوو[1]. ئەم جەنگە ماڵوێرانییەکی زۆری بۆسەر خەڵکی کورد هێنا کە سەدان گوند و شارۆچکەی کردە سووتەمەنیی جەنگ و خەڵکەکەشی پەڕیوە بوون, ئەمە جگە لە بەکارهێنانی گازی ژەهراوی لە بەرەکانی جەنگدا کە کوردستانیشی دەگرتەوە. هەر بە هۆی ئەو جەنگەوە بوو کە رژێمی ئێراق

---

[1] ب.س.پ.لا. 59:
Iran – Irak de oorlog voorbij?….

کارتی سەوزی لە لایەن هێزە نێودەوڵەتییەکانەوە پیشاندرا, کە هێرشی کیمیاوی بکاتە سەر شاری هەڵەبجە لە 16-03-1988دا و پازدە هەزار کوردی تێدا لەنێو بەرێت و ئاوارەیان بکات, کە ئەویش جگە لەوەی کە رکی نارەوای بەعسی عارەبی بوو بەرامبەر بە کورد, هەروەها وەك دژە هێرشیش بوو بۆسەر سوپای ئێرانی کە هەڵەبجەیان جارێکی تر داگیرکردبوو.
خەریك بوونی ئەو دوو دەوڵەتانەی داگیرکەری کوردستان هەلێکی زۆر باشی بۆ بزوتنەوەی کوردی لە هەردوو بەشەکەدا رەخسان, تاوەکو سوودی لێ ببینن و شۆڕشی کورد و کێشە رەواکەی بەرەو هەنگاوێکی باشتر بەرن, بەڵام کورد ئەمجارەش, نەیتوانی سوود لەو جەنگەی نێوان ئێراق و ئێران وەرگرێت, هەروەکو لە جەنگەکانی نێوان سەفەوی و عوسمانیشدا, بەهۆی دووبەرەکایەتییانەوە سوودیان وەرنەگرت, کە ئەوە دەگەیەنێت کورد تاوەکو ئێستێ لەو ژیرییە هۆزایەتی و میرنشینایەتییە رزگاری نەبووە. ئەمجارەش هێزە شۆڕشگێڕەکانی کورد یەك رێز نەبوون و بە دژایەتیی یەکتر و شەڕی براکوژیی کوردکوژیی خۆکوژییەوە خەریك بوون, کە چوار ساڵی جەنگەکەش تێپەڕی بوو هێشتا هیچ ئاگر

بەستێك لە نێوانیاندا رووی نەدابوو. ئەمە سەرباری ئەو گفتۆگۆیەی ی.ن.ك لە 1983-1984دا, کە بە جارێك لە بەهای ئەو هەلەی هێنایە خوارەوە.

لە دەمەدەمی بەلاکەوتنی جەنگەکەدا, ئەو کۆڕ و کۆمەڵانە لە ژێر چاودێریی ئێرانی داگیرکەردا, "بەرەی کوردستانی" یان لە کاتێکی زۆر درنگدا هێنایە کایەوە[1], کە ئەگەر وەدیش نەهێنرایە تا رادەیەك هەروەکو ئێستا دەبوو, هەر بۆیە جەنگەکە تەواو بوو و کوردیش هیچ سوودێکی لەو دووبەرەکیی نێوان ئەو دوو دوژمنە وەرنەگرت و ئەمە جگە لە ململانێی نێوان چەند لایەکی هەردوو بەشەکەی کوردستان, کە دەبوایە هەر لە یەکەم رۆژی جەنگەکەوە و بە هۆی چەند تاکتیکێکی نەتەوەییەوە سوودیان لەو هەلە زێرینە وەربگرتایە. بەڵام جەنگەکە تەواو بوو و کوردیش لە لایەن هەردوولاوە کرایە سووتەمەنیی و پاشان بەرەورووی هێرشی (الانفال)ی بەعسیی عارەبی بووەوە و ئەو لایەنانەش پاش ئەوەی کە وەك پێویست بەرگرییان پێ نەکرا, ئاودیوی سنوور بوون و بووە

[1] بەرەی کوردستانی بە ویست و پێزانینی پارتە کوردستانییەکان نەبوو, بەڵکو لەسەر داخوازیی ئێرانی داگیرکەر بوو لە دژی ئێراق...

هۆی دەستپێکردنی هەنگامی نائومێدی لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی باشووری کوردستاندا[1].

کەواتە لە هەموو ئەوانەوە دەتوانین بڵێین کە کوردستان شوێنکەوتەیەکی جوگرافیایی گرنگی هەیە, و بە درێژایی مێژوو چەندین ئیمپڕاتۆری مەزن لە چواردەوریدا هەبوون و کوردستانیان کردووەتە یەکەمین خاڵی فراوانخوازیی خۆیان و ئەم هێزانە هەمیشە لە جەنگ و ناکۆکی دا بوون و کوردستانیان خستۆتە نێوان دوو بەرداشی ئاگرەکانیانەوە, هەر بۆیە کوردستان بە درێژایی ئەو مێژووەوە شوێنەواری جەنگەکانیانی پێوە دیار بووە و نەیانتوانیوە بە ئاسوودەیی لەگەڵ رەوەندی مێژوودا گوزەر بکات و بە چاك بوونەوەی شوێنەوارێکی جەنگ, یەکێکی نوێ بەرپا بووە و کوردستانی کاول کردووەتەوە, هەر بۆیە ئەم هۆکارە بە یەکێك لە دانەمەزراندنی شکۆی کوردی دادەنرێت و کورد خۆشی لە ململانێی داگیرکەرەکانی هیچ سوودێکی ئەوتۆی وەرنەگرت, تەنانەت لەو هەلانەشی کە لەم چەند ساڵانەی دواییدا هاتنە

[1] ب.لا. 26 – هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان – چاپی یەکەم – هۆڵندا – 1994.

کایەوە, کەچی هەر لەوانەی پێشووتر باشتر نەبوون و بەڵکو ئەو هەلانەش بەهۆی نەبوونی ژیریی رامیاری لەلای رابەرانی کوردەوە, هەر بە زیان و ماڵوێرانی بەسەر رەشە خەڵکی کوردا شکاوەتەوە...؟!...

(بەشی چوارەم)

# سستیی گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کورد

بەهۆی نەمانی قوتابخانەی بیریی کوردییەوە, کە لە ئایینی زەردەشتی و کتێبی پیرۆزی ئاڤێستادا خۆی دەنواند, بۆشاییەکی بیری لە ژیریی کوردا هاتەکایەوە. ئەو بۆشاییەیەش بە زۆری شمشێر و ماوەیەکی مێژوویی, بە بیرێکی بێگانە پڕبووەوە. ئەم بیرە بێگانەیەش کە ئایینی ئیسلامی عارەبی بوو, بە جارێك مێشك و بیرکردنەوەی کوردی بەست, چونکە ئەو ئایینە هەڵقوڵاوی دەوروبەرێکی بیانی بوو و لەگەڵ هیچ هێڵێکی بیرکردنەوەوی کوردیدا یەکی نەدەگرتەوە. هەر بۆیە هێزکارێکی زۆر خراپی کردە سەر گەشەکردنی بیری نەتەوەیی کوردی و دژایەتی کردنی, لەبەر ئەوەی ئەو ئایینە لە پرنسیپی دا ئاینێکی "نێونەتەوەییە" و هەڵگرانیشی هەموو یەك نەتەوەن, کە ئەویش نەتەوەی ئیسلامە. ئینجا ئایا بە هەر زمانێك ئاخاوتن بکات و هەر رەگەزێکیش بێت, هەر بۆیە بیری نەتەوەیی کوردی بەرەنگاری بیرێکی نێونەتەوەیی بەهێز لە کاتێکی دیاریکراودا بووەوە و نەیهێشت جێگەی بیری زەردەشتی بگرێتەوە لە کوردستاندا. بیری نەتەوەیی کوردی, هەرچەندە تاوەکو ئێستێ نەگەیشتووەتە گوڕ و تینی سروشتیی خۆی, دیارە یەکەمین و دواهەمین ستراتیژیی

دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردییە, کە بە هۆیەوە کورد, "شکۆی لە نێوچووی چەند هەزار ساڵەی خۆی وەدەست بهێنێتەوە".

نەگەیشتنی بیری نەتەوەیی کوردی, یا خود (کوردایەتی) بە گوڕ و تینە سروشتییەکەی خۆی و هەنگامە بەهێزەکانی, هۆیەکی هەرە گرنگی دانەمەزراندنی کیانێکی سەربەخۆی کوردییە, چونکە گونجاوترین ئەڵتەرناتیف لەپاش ئایینی زەردەشتییەوە تەنها بیری نەتەوەییە.

گەر بێت و چاوێك بە مێژووی بیری نەتەوەیی لە کوردستاندا بخشێنن, دەبینین زۆر سست بووە و دواکەتووە. پاش گواستنەوەی دەسەڵات لە کوردەوە بۆ فارس, لە ئیمپراتۆری مادی دا, هیچ کاردانەوەیەکی ئەوتۆمان لە لایەن کوردەوە بەرچاو ناکەوێت, کە دەبوایە یەکەمین تۆوی کوردایەتی لەو هەنگامە مێژووییەدا چەکەرەی بکردایە و شانبەشانی بیری زەردەشتی سەرلەنۆی دەسەڵاتی ئیمپراتۆرەکەیان بۆ خاوەنە رەواکەی خۆی بگێڕایەتەوە, بەڵام دیارە ئەمە بەهۆی وەخۆوە گرتنی هەمان ئایینی زەردەشتییەوە بووە لە لایەن رەگەزی ساسانییەوە, و ئەمانیش زۆر لێزانانە, نەکەوتنە دژایەتیی

بیرکردنەوەی ئایینی ماد یان کورد, بەڵکو زێتر بەرەو پێشیان برد و تاوای لێهات خۆشیان کردە خاوەنی و پەیکەری دامەزراوەکەشیان بەو گیانە ئایینیە پتەوتر کرد.

بەڵام لە کاتی داگیرکردنی عارەب بۆ کوردستان, چونکە عارەب دەیویست, کورد بە زۆری زۆردارەکی بکەنە موسڵمان و دەبوایە هەرچی شوێنەواری زەردەشتی و پەرستگاکان هەیە نەیان هێشتایە, کەوتنە بەربەرەکانێیەکی توندی عارەب و بۆ بەرگریی ئایینی زەردەشتی لەگەڵیاندا دەستەویەخە بوونەوە. لە ئەنجامی ئەو کوشت و کوشتار و تاڵانی و دەستدرێژی کردنە سەر ئافرەتانی کورد و رووخاندنی پەرستگاکان و پاشان سەرکەوتنیان بەسەر کوردا, یەکەمین چرۆی بیری نەتەوەییی لە مێشکی کوردا هاتە بوون. کە دەکرێت بکرێتە سەرەتای سەرهەڵدانی بیری نەتەوەیی کوردی, کە ئەویش هەڵبەستە بە نێوبانگەکەی پیرشالیاری زەردەشتییە, هەروەکو لە بەشی یەکەمی ئەم نووسینەدا باسکرا. پیرشالیار بەو هەڵبەستە وێنەی ئەو رووداوانەمان بۆ دەکێشێت و ناڕەزایی خۆی بەرامبەر بە عارەب دەردەبڕێت, کە هاتوون وڵاتەکەی داگیر دەکەن, ئەو ناڕەزاییەی پیرشالیاری زەردەشتی و ئەو

خوێنانەی کە لە دژی هاتنە ناوەوەی سووپای عارەب ڕژان و پەرستنی ئایینی زەردەشتی بە دزیی داگیرکەرەوە, تاوەکو ئێستێ خۆی لە خۆیدا کوردایەتییە و یەکەمین خاڵی سادەی بیری نەتەوەیی کوردییە.
ئەم بیرە لە سەرەتای جەنگی بەرگریی دژ بە عارەبدا گەلێك بەهێز بووە, بەڵام وردە وردە و پاش شکاندنەوەی ئەنجامی ئەو جەنگە بەلای بەرژەوەندیی عارەبدا, بیرەکەی هێنایە کزی و زۆرینەی خەڵکی کورد بوونە موسڵمان, کە هۆیەکی کوژەر بوو بۆ لەباربردنی بیری نەتەوەیی کوردی و گەشەکردنی بە هەنگامە ئاساییەکانی خۆیدا.

بە ئیسلامبوونی کورد و بوونە کەمایەسیی نەتەوەیی ئیسلامی[1] و فرۆشتنی ئەم دنیا و بیری نەتەوەیی و کیانی سەربەخۆ و کڕینی ئەو دنیایان, هەروەکو دەستورێکە و لەو ئایینەدا کاری پێ دەکرێت, کارێکی وای کرد کە بیرکردنەوەی شەو و ڕۆژیان ببێتە ئیسلامەتی, بەبێ ئەوەی ئاوڕێك لە مێژوو و کلتووری خۆیان بدەنەوە, هەربۆیە هەچ ڕاپەڕینێکیش لە دژی

[1] بەلای منەوە (نەتەوەی ئیسلامی), هیچ بوونێکی زانستانەی نییە و ئەم تێرمە عارەبەکان بۆ بەرژەوەندیی تایبەتیی خۆیان هێنایانە کایەوە.

داروده‌سته‌ی ده‌وڵه‌تی عاره‌بیدا بهاتایه‌ته كایه‌وه‌, جا ئایا دژی ده‌وڵه‌تی عه‌بباسی بووبێت یان ئه‌مه‌وی, ئه‌وا سه‌ركه‌وتنێكی ئه‌وتۆی به‌ده‌ست نه‌ده‌هێنا, له‌به‌ر ئه‌وه‌ی زۆرینه‌ی خه‌ڵكی كورد پشتی ئه‌و راپه‌رینه‌یان نه‌ده‌گرت و به‌ بیانووی (كفر و ئیلحاد و مورته‌دد و ته‌ڵاق كه‌وتن و خه‌لیفه‌ نوێنه‌ری خوایه‌ و....هتد), لێی ده‌ته‌كینه‌وه‌ و ئه‌وانه‌شی كه‌ به‌و راپه‌رینانه‌ هه‌ڵده‌ستان ده‌بوونه‌ دوژمنێكی بێ هێز بۆ ده‌سته‌ڵاتی عاره‌بی و زۆر به‌ ئاسانی له‌ناویان ده‌بردن, كه‌ شۆڕشه‌كه‌ی (ئه‌بو موسلیمی خۆراسانی), له‌ (750 ز) دا چاكترین نموونه‌یانه‌ به‌ڵام, راپه‌رینه‌كانی زنج و خه‌واریج و جه‌نگه‌كانی (ردة)[1], نابنه‌ هی كورد, چونكه‌ كورد به‌شێكی كه‌می به‌شداركاری ئه‌و راپه‌رینانه‌ بوون, هه‌ر چۆنیك بێت ئه‌م هه‌نگامه‌ سسته‌ی بیری نه‌ته‌وه‌یی كوردی, هه‌تاوه‌كو هاتنه‌ كایه‌ی هه‌ردوو ده‌سته‌ڵاتی عوسمانی و سه‌فه‌وی به‌رده‌وام بوو.

دابڕانی فارس و تورك له‌ عاره‌ب و دامه‌زراندنی كیانی سه‌ربه‌خۆی تایبه‌ت به‌ خۆیان, هێزكارێكی پۆزه‌تیڤانه‌ی هه‌بوو

[1] واته‌ هه‌ڵگه‌ڕاوه‌كان.

بۆسەر کورد, کە ئەمانیش عارەب نین و نەتەوەیەکی جیاوازن و مەرج نییە بۆ هەتا هەتا, هەر وابەستەی عارەب بن, بەڵکو ئەمانیش دەبێت سەربەخۆیی خۆیان بەدەستبهێنن, هەرچەندە نەتەوەی کورد لە پێش فارس و تورکیشدا چەند هەوڵێکی سەربەخۆیی خۆیان داوە و هەندێك لەو دامەزراوانەیان بۆ ماوەیەکی مێژوورییش بەردەوام بووە, بەڵام لاوازیی ژێرخانە بیرییەکانیان یەکەمین هۆی بەردەوام نەبوونیان بووە, ئەمە جگە لە هۆیە دەرەکییەکان.

کورد, لە هەنگامی هاتنەکایەی هەردوو هێزی سەفەوی و عوسمانیدا لە جاران زێتر کەوتەخۆی, هەرچەندە وەك پێویست نەبوو, بەڵام هەرچی چۆنێك بێت توانییان بەهۆی چەند میرنشینێکەوە کەمە سەربەخۆییەکی خۆیانیان ببێت, هەرچەندە ئەم میرنشینانەش یان سەربەشای ئێران, یاخود سەربە سوڵتانی عوسمانی بوون و ساڵانە رێژەیەکی دیاریکراو باجیان پێ دەدان, بەرامبەر بەو سەربەخۆییە.

هەرچی چۆنێك بێت لەم هەنگامی میرنشینانەدا بیری نەتەوەیی گوڕوتینێکی تری بە خۆوە بینی و بەرە بەرە دەکەوتە گەشەکردن, کە زۆر جار لە میرنشینێکدا زۆر بە باشی

پێشکەوتنی بە خۆیەوە دیوە, بەڵام لە هیچ ماوەیەکی مێژوویی دیاریکراودا, سەرتاسەری هەموو میرنشینەکانی نەگرتووەتەوە, چونکە دەستەڵاتی یەکەم و دووەمی ئەو میرنشینانە هەر میرەکانیان بوون و گەر میر نەتەوەییانە بیری بکردایەوە و هەوڵی سەربەخۆ کردنی کوردستانی بدایە, ئەوا ئەو بیرە ئەگەرچی سادەش بووبێت, تەواوی میرنشینەکەی گرتووەتەوە, بەڵام لە میرنشینێکی تردا بەرژەوەندیی خودی میر لەگەڵ ئەو سەربەخۆییەدا نەگونجاوە, بۆیە یان پاڵی داوە بە فارسەوە یان بە تورکی عوسمانییەوە و لە دژی میرەکەی تر وەستاوەتەوە, تا بووەتە هۆی سەرکوتکردنی ئەو بیرە ! .

تەواوی ئەو میرنشینانەی کوردستان هەریەکە و بەپێی شێوازی رامیاری ئەو کاتەی خۆی و لە ماوەیەکی دیاریکراودا هەوڵی سەربەخۆیی کوردستانیان داوە, بەڵام ئەو هەوڵانە بەپێی رێکەوتنێکی ستراتیژیی نەتەوەییانە نەبووە لە نێو ئەو میرنشینانەدا, بەڵکو سەرەتا لە نێو میرنشینێکدا دەستی پێکردووە و بە زۆری چەك ویستراوە میرنشینەکانی تر بهێنرێتە ژێر سایەوە, کە ئەمە وای کردووە بەرەی نێوخۆیی وڵات یەکێتی تێدا نەبێت و چەند میرنشینێك لە نێو خۆیاندا هەردەم

دژایەتیی یەکتر بکەن, ئەمە جگە لە دژایەتیی هێزە دەرەکییەکانی چوار دەورەی ئەو میرنشینانە و کوردستان.

دووان لە بەهێزترینی ئەو میرنشینانە بۆ سەربەخۆیی کوردستان, هەوڵەکانی هەردوو میرنشینی سۆران و بۆتان بوون. هەوڵی یەکەمیان بەهۆی لێهاتوویی میری سۆرانەوە (میر پاشا کۆرە) کە لە سەردەمیدا میرنشینی سۆران گەیشتۆتە ئەو پەڕی دەستەڵاتی شارستانی و سەربازی و میر بە مەبەستی سەربەخۆکردنی کوردستان جبەخانەیەکی سەربازیی مەزنی پێکەوەناوە و دادپەروەریی کۆمەڵایەتیی لە کۆمەڵگادا بەپێی ژیرێتیی ئەو کاتە پیادە کردووە, بەڵام گەورەترین هەڵەیەك کە میری سۆران تێی کەوتبێت, هەوڵی فراوانکردنی میرنشینەکەی بوو لەسەر حسابی میرنشینەکانی تر و هێرش بردنە سەر کوردە ئێزیدییەکان, کە گێچەڵێکی زۆری بۆ کۆرپاشا دروستکرد و پاشان تورکەکان هەر بەو کوردانە میرنشینی سۆرانیان خست, کە کاتی خۆی پاشا کۆرە ناوچەکانیانی داگیر کردبوو[1], دەبوایە ئەم دەستەڵات

---

[1] ب.س.پ.لا. 108 – داماو حسێن حوزنی موکریانی – مێژووی میرانی سۆران...

ئەو کاتەی کە عوسمانییەکان هێرشیان کردەسەر میرنشینی سۆران, زۆربەی میرنشینەکانی تر شاگەشکە بوون, لەوانە ئیسماعیل پاشای بادینان و بەدرخان پاشای میری بۆتان؟!.

فراوانکردنه له ڕێی ڕێکەوتننامەیەکی سەرتاسەرەوە بووایە، هەروەکو ئەوەی کە میر بەدرخان پێی هەڵستا[1]، پاشان فەتوا عارەبییەکەی مەلای خەتێش، هۆیەکی گرنگی تر بوو بۆ پشت تێکردنی جەماوەر لە میر و بەرگری نەکردن لە میرنشینەکەیان لە کاتی هێرشی تورکەکاندا کە ڕووداوێکی ناسراوە[2].

هەوڵی دووەمیان کە ئەمە گرنگترینیانە، ئەویش هەوڵی میربەدرخانە (1843–1846)، کە بۆ سەربەخۆیی کوردستان کەوتە ئامادەکردنی ڕێکەوتنێکی ڕامیارییانەی نەتەوەییانە لە نێوان میرنشین و هۆزەکانی کوردا و سەرکەوتنێکی باشیان بەدەست هێنا و جاڕی سەربەخۆیی کوردستانیشاندا. ئەم ڕێککەوتنە مێژووییەی کە میربەدرخان لەگەڵ سەرکردەکانی کوردا بەستی، نێوی لێنرا (یەکگرتنی پیرۆز)، یا خود (پەیمانی پیرۆز)[3].

---

ب.س.پ.لا. 141 – جمال نبز – الامیر الكردي....

[1] ئەوکاتەی میر بەدرخان پاشا خەریکی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆ بوو، میر پاشا کۆرە هەڵی کووتایە سەری و جەنگی لەگەڵدا بەرپاکرد؟!...

[2] ب.س.پ.لا. 10 و 46 و 47 – جمال نبز – الامیر....

[3] ب.س.پ.لا. 177 – د. حوسێنی خەلیقی – بەرگی یەکەم...

ئەم ڕێکەوتنە، یەکگرتنی ساڵی 1927مان بیردەخاتەوە، کە زۆربەی سەرەك هۆز و پیاوە ئایینییەکان بڕیاریاندا، کە تەواوی ڕێکخراو و یانە کوردییەکان یەکبخەن و پارتی (خۆییبوون) دابمەزرێنن. ب.س.پ.لا. 22 – د. عزیز الحاج....

پاش تا رادەیەك سەركەوتنی ئەم هەوڵەی میر بەدرخان, دیارە لە بەرژەوەندیی توركە داگیركەرەكان نەدەوەستایەوە, هەر بۆیە بە مەبەستی رووخاندنی ئەو سەربەخۆییە چەند دژە هێرشێكی بەهێزیان كردە سەر هێزەكانی كوردستانی سەربەخۆ كە هەموویان یەك لەدوای یەك زۆر خراپ شكان. بەڵام لە دوا هێرشیاندا و بە هۆی ئەو دووبەرەكایەتییەی كە لەنێو بنەماڵەی بەدرخانییەكاندا هەبوو, سووپای كوردیش بووە دوو بەشەوە و بەشێكی بە سەركردایەتیی یەزدان شێری ئامۆزای میر بەدرخان كەوتنە پشتگیریی سووپای داگیركەری تورك[1] و ئەو بەشەی تری سەر بە میریش بەرەنگاریی ئەو هەموو هێزە نەدەكرا ببنەوە, هەر بۆیە پاش چەند مانگێك بەرگری, لە یەكێك لە قەڵاكانی كوردستاندا میر بە دیلی گیرا و رەوانەی دوورگەی (كرید) كرا و كۆتایی بەو هەوڵە هێنرا.

هەوڵی ئەو میرنشینانەی كوردستان بۆ سەربەخۆیی سەركەوتوو نەبوون, بەڵام لە سەردەمیاندا بیری نەتەوەیی لە جاران زێتر گەشەی سەند و لە هەمووی گرنگتر ئەو بیرە

[1] ب.س.پ.لا. 179 – باسیل نیكیتین – الاكراد...

بەهۆی چەند بیریارێکەوە تۆمار کران, کە ئێستا دەبنە بنچینەیەکی پتەوی بیری کوردایەتی.
گرنگترینی ئەو بیریارانەی کە لە سەردەمی ئەو میرنشینانەدا سەریان هەڵداوە, (ئەحمەدی خانی 1650–1707ز) و (حاجی قادری کۆیی 1815–1892ز)ن, ئەمانە بیری نەتەوەییان لە هۆنراوەکانیاندا تۆمار کردووە و هانی میرەکانی کوردستان و خەڵکیان داوە بۆ سەرخوابوون.
هۆنراوەکانی ئەو بیریارە نەتەوەییانە لە سەردەمی خۆیاندا کارێکی ئەوتۆی نەکردە سەر کۆمەڵگای کوردەواری, چونکە رێژەی خوێندەواریی ئەو کاتە تەنانەت لە سەدا یەکیش نەبووە و هۆیەکانی چاپەمەنیش لەو کاتەدا هەر بوونیان نەبووە, تاوەکو بگەنە دەست خەڵکی, بەڵکو ئەو هۆنراوانە دەستاودەست و بە گۆرانکارییەوە دەستی خوێندەوارانی ئەو سەردەمە کەوتوون, کە ئەوانیش پیاوە ئایینیە کوردەکان بوون. ئەمانیش چونکە وابەستەی بیری شۆڤێنیزمی عارەبی بوون, ئەو هۆنراوانە هیچ هێزکارێکی ئەوتۆی نەکردۆتە سەریان کە شایانی باس بێت. زۆربەی ئەو مەلایانە تاوەکو هۆنراوەیەك لە ستایش و خزمەتی ئاینی عارەب و دامەزرێنەرەکەیدا

نەبوبێت, بۆ خەڵکیان نەخوێندووەتەوە, کە ئەمیش هەر لە بەرژەوەندیی خۆیان بووە و تاوەکو دەسەڵات و پایەی دنیاییان زێـتر لەنێو کۆمەڵگادا بچەسپێت.

هەر چۆنێك بێت ئەو هۆنراوانە لە هەنگامی دواتردا بوونە هاندەر و بنچینەیەکی پتەوی بیری نەتەوەیی کوردی, ئەویش بەهۆی بڵاوبوونەوەی خوێندەواری لەنێو کوردەواریدا و تەنانەت بووشنە سەرچاوەیەکی گرنگی نووسینی (کاژیکنامە),کە یەکەمین تۆماری زانستییانەی بیری نەتەوەیی کوردییە.

میرنشینە جیاجیاکانی کوردستان هەروا بەو سەربەخۆییە خۆییەی خۆیانەوە نەمانەوە, بەڵکو لە سەدەی نۆزدەیەمدا یەك لەدوای یەك کەوتنە بەر شالاوی هێرشە تورکە عوسمانییەکان و کۆتایی بە فەرمانڕەواییان هێنرا. بە نەمانی ئەو میرنشینانە, کوردستان بە شێوەیەکی رەها سەربەخۆیی لە دەستدا و بووە داگیرگەی فارس و تورك.

ئەم ژێردەستەییە تاوەکو سەردەمی هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەری رووسیا بەردەوام بوو, لەو ماوەیەدا چەند راپەڕینێکی هەرێمی لە کوردستاندا دژی دەسەڵاتی تورك یان

فارس roویدا, بەڵام سەرئەنجامیان هەر بە تێکشکان و ماڵوێرانی بۆسەر خەڵکی کورد شکایەوە. بە هەڵگێرساندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەر, دەتوانرێت بگووترێت کە بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد پێی نایە هەنگامێکی پێشکەوتووترەوە, بە هۆی ئەو هێزکارەی کە سەرەتا, شۆڕشی نێوبراو بۆسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی گەلانی بندەستی جیهان هەیبوو.

شۆڕشەکانی شێخ مەحموودی نەمر لە باشووری وڵاتدا و دامەزراندنی پادشانشینی کوردستان کە پێتەختەکەی شاری سلێمانی بوو, تا رادەیەك هاوکات بوو لەگەڵ شۆڕشی ئۆکتۆبەردا و زێتر هاندەری ئەو شۆڕشانە بوون, بەڵام بە هەمان هۆی نەبوونی بیرێکی نەتەوەیی رەسەن, کە ببێتە بزوێنەری ئەو شۆڕشانە, ئەنجامی حکومەتی پادشانشینی کوردستانیش بە رووخان گەیشت. ئەمە جگە لە هۆی بیرکردنەوەی کلاسیکانە و ئایینیانەی شێخی نەمر و دەوروبەرەکەی, کە ئەویش هێزکارێکی نێگەتیڤانەی توندی بۆ لەنێوچوونی پادشانشینەکە هەبوو.

شۆرشی ئۆکتۆبەری رووسیا, ئەگەر چی هۆکارێکی هاندەرانە بوو بۆسەر بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان, بەڵام لە

هەمان کاتیشدا هێزکارێکی گەلێك خراپی کردە سەر بیری نەتەوەیی کوردی. ئەویش یەکەمینیان بەهۆی ئەوەی کە سیاسەتی مارکسی– لینینی, خۆی لە خۆیدا دژایەتییەکی بیرییە بۆ هەموو بیرێکی ناسیونالی و بەرپەرچیان دەداتەوە و پێڕەوی ئەندێشەی دیکتاتۆری پرۆلیتاریا دەکات و بانگەشەی یەکگرتنی کرێکارانی جیهان دەکات بۆ یەکگرتن, بەبێ گوێ دانە رەگەزی ئەو کرێکارانە..... و رزگاربوونی جیهان و کامەران بوونی مرۆڤ هەر بە یەکگرتنی کرێکاران دەبێت, بەو پێیە کوردیش پێویست ناکات بە شۆڕشی رزگاری نیشتمانی هەڵبستێت و رزگاربوونی کورد و کامەران بوونی, تەنها بە یەکگرتنی کرێکارە کوردەکان دەبێت لەگەڵ کرێکاری عارەب و فا رس و تورك و رووسدا....؟. هەمان ئەم بیرە چەوتە لە پرۆگرامی هەموو پارتە کۆمۆنیستیەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە کوردستانیان بەش بەش و داگیرکردووە, هاتووە و تاوەکو سەردەمانی پێریسترۆیکا و دواتریش کاری پێکراوە.

دووەمیان, چاندنی تۆوی مافی درۆیینەی (ئۆتۆنۆمی – خودموختاری – الحكم الذاتي) یە, لە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردا. هەر لە پاش داگیرساندنی شۆڕشی

ئۆکتۆبەری رووسیاوە, تێبینی ئەوە دەکەین کە تاوەکو راپەڕینەکانی شێخی نەمریش لە باشووری کوردستاندا بیرۆکەی ئۆتۆنۆمی لەنێو شۆڕشی کوردا هەربوونی نەبووە. بەڵام لەدوای هەڵگیرساندنی شۆڕشی ئۆکتۆبەرەوە و دەست خستە نێو کاروباری بزوتنەوەکانی گەلانی بندەستەوە, و تێکدانیان لە لایەن ئیمپریالیزمی سۆڤیەتیەوە, بەو پێیەی کە دۆستی بە ئەمەکی گەلانن!, ئەم بیرە نامۆیە هێنرایە نێو بزووتنەوەکەوە و ماوەی نیو سەدەیە لە نێو پارتە کوردستانییەکاندا کاری پێ دەکرێت[1] و کورد و بزووتنەوەکەیی کردۆتە پاشکۆی شۆڕشی ئەو نەتەوە سەردەستانەی کە کوردستانیان داگیر کردووە ئەگەر خاوەن شۆڕش بن. تێ رامێنن کە لەم کاتەدا ئۆپۆزیسیۆنی ئێراقی, کورد واتەنی چوار کەس و لەتێکن, کەچی ئەو بزووتنەوە مەزنەی باشووری وڵاتی کراوەتە بەشێك لێی, بە هۆی دروشمی دژبە کوردی (دیموکراسی بۆ ئێراق و ئۆتۆنۆمیی راستەقینە, یا خود فیدراڵی– بۆ کوردستان). ئەم

[1] شایانی باسە کە حیزبی دێموکراتی کوردستانی "ئێران", لە هەموو پارتە کوردستانییەکان زێتر پابەندی ئەم بیرۆکە دژ بە کوردەیە و تائێستاش نایەوێت خۆیی لێ ڕزگاربکات و هەر هەوڵی خودموختاریی! خۆرهەڵاتی وڵات دەدەن لە چوارچێوەی ئێراندا.. ئەوەی کە جێی سەرسووڕمانە, هەر ئەو حیزبە, پێش نیو سەدە دامەزرێنەری کۆمارێکی کوردی بوو, واتە بەرەودوواوە چووە!.

بیرە هەر لە سەرەتای ترەکینییەوە, بووەتە هۆی دژایەتییەکی گەورەی بیری کوردایەتی کە جگە لە دوژمنایەتیی داگیرکەران, هەمان شۆڕشی کوردیش دژایەتیی کردووە, چونکە وابەستەی هەمان بیرۆکە بووە و خەباتی بۆ کردووە.

بەو پێیە جگە لە دژایەتیی داگیرکەران و پارتە کۆمۆنیستەکان, پارتە کوردستانییەکانیش و بەشێکی جەماوەریش, بە سڵەمینەوە روانیویانەتە بیری کوردایەتی و ئەو پارتانەی کە پێڕەویان کردووە, کە بووەتە هۆی نامۆبوونی بیری کوردایەتی بە خەڵکی و گوێ پێنەدانی.

لە رۆژانی دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیکی کوردستاندا کە پێتەختەکەی شاری مەهاباد بوو لە 1946دا, هەمان بیرۆکەی خودموختاری کاری پێ دەکرا و کەچی هەر هەمان نیشتمانی دایکزادەی ئەو بیری خودموختاریە, بووە هۆی رووخانی کۆمارەکە؟!.

بیرۆکەی دژ بە کوردی ئۆتۆنۆمی هەر لە سەردەمانی کۆماری مەهابادەوە تاوەکو ئەمڕۆ لە نێو رامیاریی بزوتنەوەی کوردییدا کاری پێدەکرێت, هەروەکو ئەوەی کە ئێستا لە نێو پەرلەمانی

هەرێمی باشووری کوردستاندا دەیبینین[1]. تاکە پارتێکی بەرچاو کە ئەو بیرۆکەیەی دابێتە دواوە و داوای کیانێکی سەربەخۆی کوردی بکات (پارتی کرێکارانی کوردستان PKK )بوو, لە هەرێمی باکووری وڵات, کە ئەویش بەرای من تاوەکو ئێستا خۆی لە هەندێك ژەنگی مارکسی و لینینی و ستالینی پاکژ نەکردووەتەوە, بۆیە ناکرێت بگووترێت کە ستراتیژی PKK بۆ رزگارکردنی کوردستان, هەڵقوڵاوی بیری نەتەوەیی راستینەی کوردییە[2].

لە ساڵانی پەنجاکانی ئەم سەدەیەدا چەند دەستە و کەسانێکی نەتەوەیی لە باشووری کوردستاندا, بە ئامانجی هێنانە کایەی پارتێکی نەتەوەیی کەوتنە بەیەك گەیشتن و گفتوگۆ, تاوەکو لە 14ی ئاپریلی 1959دا کۆمەڵەی ژیانەوە و یەکێتی کورد, (کاژیك)یان دامەزراند.

---

[1] لەکاتی ئەم نووسینەدا, هێشتا بیری فیدڕاڵی لەنێو پەرڵەمانی باشووردا ڕێچکەی نەبەستبوو, هەرچەندە ئێستاش زۆر دڵنیا نییە...

[2] جێگەی داخە کە لە کۆتایی ساڵی 1996دا PKK, ئەوەی ڕاگەیاند, کە نایانەوێت لە تورکیا جوودا ببنەوە, بەڵکو دەیانەوێت لەگەڵ تورکدا بەبرایانە بژین, بەو مەرجەی مافەکانی کورد بپارێزن, واتە هەموو ئەو دروشمە گەورانەی کە پکك, دوازدە ساڵە شەهیدی بۆ دەدات و خەباتی بۆ دەکات, بۆ نێو فشەمافی ئۆتۆنۆمی باواخوون کرانەوە... مەخابن...

دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی هەرچەندە گەلێك درەنگ بوو, بەڵام هەر چۆنێك بێت چوارچێوە بەستنی بیری کوردایەتی بوو لە شێوەی پارتێك یان رێکخراوێکی رامیاریدا و هەروەها رەسمی بوونی بیری کوردایەتی بوو, کە هەر تەنێ پارتێك دەتوانێت بەو کارە هەڵبستێت.

(کاژیکنامە), کە لە ساڵی 1961 هاتە نووسین[1], بووە سەرچاوەی بیری و فەلسەفیی کاژیك, کە ئەویش هێڵە گشتی و گرنگەکانی لە مێژوو و فەرهەنگی کوردەوە هەڵهێنجا بوو, ئەمە جگە لە دیاریکردنی ستراتیژی کاژیك کە بە راشکاوی دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بوو لە سەرانسەری کوردستاندا[2].

کاژیك, نەیتوانی هیچ هێزکارێکی ئەوتۆ بکاتە سەر بزوتنەوەی کورد لە سەردەمی دروستبوونی دا, کە ئەو کاتە لە باشووری وڵاتدا شۆڕشی ئەیلوول لە کڵپە سەندندا بوو, چونکە بۆ

---

[1] کاژیکنامە, نووسینی چەند کەسێکە و کارێکی نێوکۆییە, سەرەتاکەی کە پێشەکییەکی بەسۆژە هی مامۆستا عەبدوڵڵا جەوهەری ڕەوانشادی نەمرە و بەشی کۆمەڵایەتییەکەی هی مامۆستا جەمال نەبەز و بەشی مێژووییەکەی هی مامۆستایان فەرەیدوون عەلی ئەمینی نەمر و مامۆستا ئەحمەد هەردی و مامۆستا جەمال نەبەزە. ب.لا. 6 – هاوڕێ باخەوان – پڕۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995.

[2] بڕوانە بڵاوکراوەکانی کاژیك و پاسۆك...

گواستنەوەی سەرکردایەتیی ئەو شۆڕشە دەبوایە بکەوتایەتە جەنگێکی بیری و سەربازی لەگەڵ پارتی دیموکراتی کوردستاندا کە (مستەفا بارزانی) رابەرایەتیی دەکرد. کاژیك نەك هەر ئەمەی نەکرد, بەڵکو لە تواناشیدا نەبوو, لە بەر ئەوەی جەنگێکی وا سەرباری ئەوەی کە جەنگی خۆکوژی و کاژیك کوژیش بوو, هەروەها پێویستیشی بە کەسانی خاوەن دەسەڵات و سیاسەتمەدار و هێزی مادی و زۆر شتی تر دەبوو, کە کاژیك جگە لە چەند بیریارێکی نەناسراو لەو کاتەدا و چەند ئەندامێك لە ناوچەیەکی دیاریکراودا کە زێتر شاری سلێمانی بوو, "خاوەنی چیی تر نەبوو". هەروەها دابونەریتی خەباتی ژێرزەمینیی کاژیك وایکرد کە هێندە ناسراو نەبێت لە نێو جەماوەری خەڵکی کوردا, هەربۆیە کاژیك نەیتوانی بەرەنگاری ئەو پروپاگەندە و دەلەسانە ببێتەوە, کە لە لایەن داگیرکەران و کۆمۆنیستەکانەوە دەکرایە سەری و ئەندامانیشی وەك چەند سەربازێکی ون, لە نێو شۆڕشی ئەیلوول و لە پەنای ریزەکانی پ.د.ك. دا, سەرگەرمی رووداوەکانی شۆرش بوون, تاوەکو رۆژی 06-03-1975 کە لە لایەن زلهێزەکانەوە هەرەس بە شۆڕشی کورد هێنرا.

به نەمانی شۆڕشی ئەیلوول و سەرلێشێوانی جەماوەری کورد لە باشووری وڵاتدا, هاوبیرانی کاژیکیش کەوتنە هەمان گێژاوەوە و خاوەنی هیچ بەرنامەیەك و کارێکی چاکسازانە نەبوون بۆ ئەو بارودۆخە دژوار و ئاڵۆزە؟؟!.... تاکە کردەوەیەك کە لە دەستیان هاتبێت و ئەوەی کە زۆر سەیر و ئاڵۆز بێت, لە رۆژانی دوای هەرەسدا لە شاری نەغەدەی خۆرهەڵاتی کوردستان بە کۆبوونەوەیەك کۆتاییان بە تەواوی چالاکییەکانی خۆیان هێنا و ئیتر چیدی ناوە ناوە لە نێو گۆڤار و کتێبەکاندا نەبوایە, نێوی کاژیك نەبیسترایەوە ![1].

لە چاوپێداخشانێکی خێرای مێژووی شازدە ساڵەی کاژیکەوە بۆمان دەردەکەوێت, کە جگە لە دەرکردنی کتێبی کاژیکنامە و چەند بڵاوکراوەیەکی کەم, کە دەگەیەشتنە دەست چەند کەسێکی کەم, کاژیك هیچ هێزکارێکی ئەوتۆی لە بزووتنەوەی

[1] ڕاستینەی ئەو کۆبوونەوەیەی کاژیك لەدوای هەرەسەوە و لە شاری نەغەدە, لە هاوبیرێکی کاژیکم بیست کە نێوی هاوبیر (عومەری شەمەیی – "ئەزمەڕ")ە و کادرێکی پێشکەوتووی کاژیکیش بووە و خۆی بەشداریی ئەو کۆبوونەوەیەی کردووە, بەڵام ئەو هاوبیرە هیچ هۆکارێکی وای نەدا بەدەستەوە کە ئایا بۆچی کاژیك کۆتایی بەچالاکییەکانی خۆی هێنا؟, و ئایا پاش هەرەس هەلێکی باش نەبوو بۆئەوەی کە کاژیك گۆڕەپانی کوردایەتی کۆنترۆڵ بکات؟. زۆر پرسیار هەن دەربارەی کاژیك و شێوازی کارکردنی کە تاوەکو ئێستا بێ وەڵامن!!, و وابزانم کاتی ئەوە هاتووە کە ئەو کاژیکانەی کە لە ژیاندا ماون –تا کۆچیان نەکردووە!– چەند خاڵێك بخەنە سەر ئەو وشانەی کە کاتی خۆی نووسیوویانە, تاوەکو ئێمەش بەڕوونی بیانخوێنینەوە...

رزگاریخوازانەی کوردا نەبوو, کە ئەمەش هۆیەکەی دەگەڕێتەوە بۆ گۆشەگیریی سەرکردایەتییەکەی و هەروەها کوردایەتی کردن وەك هەست و سۆز, نەك وەك رامیاری کردن.

هەر چۆنێك بێت کاژیك, تەلیسمی دامەزراندنی پارتێکی نەتەوەیی لە نێو بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردا شکاند و بە هۆیەوە ئەگەرچی کەمیش بێت, خەڵکانێك بە بیری کوردایەتی ئاشنا ببن و باوەڕ بەوە بهێنن کە, "گرفتی کورد, گرفتی رێبەرایەتی نەکردنی پارتێکی نەتەوەییە بۆ شۆڕشەکەی".

دوابەدوای خۆتواندنەوەی کاژیك و سەرهەڵدانی هەنگامی فرە پارتی لە پاش هەرەسی شۆڕشی ئەیلوول, چەند کەسانێك کە هەندێکیان هەمان ئەو کەسانە بوون کە کاتی خۆی کاژیك بوون, لە شاری سلێمانی و لە رۆژی 11ی ئۆگەستی 1975 دا, پارتی سۆسیالیستی کورد (پاسۆك)یان دامەزراند, کە هەر لەسەر هەمان ئەو بیری نەتەوەییە دەرۆیشتن بەرێوە, کە کاژیك لە کتێبی کاژیکنامەدا تۆماری کردبوو, بەڵام ئەم جارەیان بە گووتەی خۆیان, کوردایەتییەکی هاوچەرخ, کە بتوانێت جڵەوی بزووتنەوەی کوردی بگرێتە دەست, سەرەتا

ئەم پارتە کەمێك لە ناوچەی سلێمانیدا گەشەی کرد و چەند کەسانێکی بەلای خۆیدا راکێشا, بەڵام ئەمیش هەروەکو کاژیك کەوتە خۆخواردنەوە و گۆشەگیری. پاسۆك نەك هەر نەیتوانی بیری نەتەوەیی بە جەماوەی کورد ئاشنا بکات, بەڵکو کەوتە ناو زڕاندنی کاژیك و ئەندامانیشی بە تاوانی کیسەڵ رەوی و تەراویلکە و ترسنۆکی و بە چەندان شتی تری لە مەنگەنەدا.... بەڵام خۆشی لە کاژیك باشتر نەبوو.

هەر چۆنێك بێت ئەگەر پاسۆك, لە ماوەی ئەو هەڤدە ساڵەی خەباتیدا, لە بزوتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردی بهێنینە دەرەوە, ئەوە باوەڕ ناکەم هیچ گۆڕانکارییەکی ئەوتۆ روویدات, هێندە سست و بێ دەستەڵات و بێ بنچینەی جەماوەری بووە. تاکە ناوچەی چالاکی و بنچینەی جەماوەریی پاسۆك (بەهەمان شێوە کاژیکیش), تەنها شاری سلێمانی بووە, کە ئەویش جگە لە چەند شانەیەکی کەمی رێکخستن و چەند دەستەیەکی بچووکی پێشمەرگە لە دەوروبەری سلێمانی دا, خاوەنی هیچی تر نەبووە, یان راستتر وایە سەرکردایەتییەکەی نەیویستووە خاوەنی بێت, ئەویش بەهۆی سیاسەتی جیاکەرەوە و ببەرەوەوە. کە رۆژبە رۆژ ئەندامانی

بەرەو کزی ڕۆیشتووە, تا لە هاوینی ساڵی 1992دا لەگەڵ چەند پارتێکی تری سازشکاردا یەکی گرت و بۆ یەکجاری نێوی پاسۆکیش کوژایەوە[1].

سنووری دەستەڵات و ڕێکخستنی کاژیکیش و پاسۆکیش لە شاری سلێمانی تێپەڕی نەکردووە, لەوە رابمێنن کە ئەو دوو پارتە نەتەوەیی بوون و کەچی زۆرینەی جەماوەری کورد لە دەرەوەی شاری سلێمانیدا و لە هەمان باشووری کوردستاندا نێویان نەبیستوون, چ جای بەشەکانی تری کوردستان و ئەو بیرە کە ئەم دوو پارتە بانگەشەیان بۆی کردووە؟!...

ئەوی راستی بێت لە هەمان شاری سلێمانیشدا وەنەبێت ئەو دوو پارتە سەروەر بووبن و خاوەن بنچینەیەکی جەماوەری فراوان بووبن, شانە ڕێکخستنەکانیان لە چاو پارتە کوردستانییەکانی تردا, هەر لە ڕێزی نەبوواندا بوون, کەچی لە پرۆگرامی پاسۆکدا سەرکردایەتی نەتەوەیی و هەرێمیمان بەرچاو دەکەوێت, کە بۆ تەنها ڕۆژێکیش پراکتیك نەکراوە. ئەمە جگە لە نادیاریی ئەو سۆسیالیزمەی پاسۆك, کە ئەندامانی سەرکردایەتیشی نەیان دەزانی مەسەلە چییە و چ

---

[1] بۆ زانیاریی زێتر بڕوانە – هاوڕێ باخەوان – پرۆژەی پارتی نەتەوەیی کورد – چاپی دووەم – هۆڵندا – 1995.

جۆرێکی سۆسیالیزمە!, لە کاتێکدا کە پارتەکە نێوی پارتی "سۆسیالیست"ی کورد بوو؟!..[1].

ئەگەرچی دووبەرییەکانی بیری نەتەوەیی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمانێکی دێرین, بەڵام تاوەکو ئێستا ئەو بیرە لە نێو چوارچێوەیەکی فەلسەفی تەواودا تۆمار نەکراوە و پارتێکی رامیاریی نەتەوەییش وەخۆی نەگرتووە, کە ببێتە ئەڵتەناتیڤی ئەو کۆڕ و کۆمەڵانەی کە ئەمڕۆ بزووتنەوەی کوردیان لە کوردستاندا پەڕتەوازە کردووە, تاوەکو جەماوەری خەڵکی, چیدی پەرت پەرت و بێ بڕوا نەبن و هەموو لە ریزەکانی پارتێکی نەتەوەیی راستینەدا کۆببنەوە و رێکبخرێن, بەڵام تاوەکو ئێستا پێچەوانەی ئەوە دەبینین و بۆشایی گۆڕەپانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کورد بە چەند پارت و کۆڕێکی سازشکەری نانەتەوەیی پڕ بووەتەوە و پارتی نەتەوەیی راستەقینە تاوەکو ئێستێ لە مندالّدانی مێژووی کوردایە و نەهاتووەتە کایەوە.....

---

[1] دیارە من لەخۆمەوە ئەمە نالّێم, چونکە من کەسێکی نزیك بە ئەندامانی سەرکردایەتیی پاسۆك بووم و زۆر باش ئاستی ڕۆشنبیری و ڕامیارییان شارەزا بووم...

## (بەشی پێنجەم)

# دژایەتیی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی لە سەربەخۆیی کوردستاندا[1]

[1] کورتەی ئەم بەشی پێنجەمە لەلایەن نووسەرەوە، لە سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان، لە پاریس لە ڕۆژی 18-09-1996دا، بۆ کۆنگرەوانان خوێندرایەوە.

به هاتنی سەدەی بیستەم بیرە ئاشتی و پێشکەوتن خوازەکان گەیشتنە پۆپە. هەر بۆیە بە مەبەستی دوبارە نەبوونەوەی جەنگی جیهانی یەکەم، ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتی لە ساڵی 1919 بە نێوی (کۆمەڵەی گەلان)ەوە، دروستبوو. ئەم ڕێکخراوە نەیتوانی وەکو پێویست ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی بپارێزێت و خاوەن هێزێکی جەختکار بێت بەسەر تەواوی دەوڵەتانەوە، هەر بۆیە لە ساڵی 1939دا، جەنگی جیهانیی دووەم تاوی سەند.

پاش تەواوبوونی ئەم جەنگە دەوڵەتانی جیهان و بە تایبەتی زلهێزەکانیان کەوتنە دامەزراندنی ڕێکخراوێکی تری جیهانی بە نێوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە (1945). کە هەر هەمان ئەو زلهێزانە بوونە خاوەنی ماف (ڤیتۆ) لە نێو لووتکەی نەتەوە یەکگرتووەکاندا.

ئەو دوو ڕێکخراوە پێشەنگی هەوڵە جیهانییەکان نەبوون بۆ مەبەستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی جیهانی و مسۆگەرکردنی ماف مرۆڤ، بەڵکو ڕێکەوتننامەکانی لاهای لە ساڵانی (1899) و (1907)دا، سەرەتایەك بوون بۆ

هێنانەکایەی ئەو ڕێکخراوە جیهانییانە.[1] ئەمە جگە لە دروستبوونی چەندین ڕێکخراوی کیشوەری و هەرێمی کە بە مەبەستی پاراستنی ئاشتی و ئاسایشی نێوان چەند دەوڵەتێك یان ناوچەیەك هاتوونەتە کایەوە.

کەواتە لە سەدەی بیستەمدا دوو هەوڵی گەلێك مەزن بۆ پێکهێنانی کۆمەڵگەیەکی نێودەوڵەتیی ڕێکوپێك دراوە, تاوەکو لە ژێر سایەی ئەواندا کە خاوەنی کەسایەتییەکی نێودەوڵەتین, ئاشتی و ئاسایشی دەوڵەتان پیادە بکرێت و مافە بنچینەییەکانی مرۆڤیش پارێزراوبێت و چیی دی مرۆڤ, مرۆڤ نەچەوسێنێتەوە؟. بۆ ئەم مەبەستەی دواییان جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ لە 10-12-1949دا ئاشکرا کرا[2], کە سەر بەهەمان ڕێکخراوی نەتەوەیەکگرتووەکانە و لە ساڵی 1966یشدا ئەنجوومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان, دوو پەیمانی نێودەوڵەتیی بۆ مافی مرۆڤ هێنایە کایەوە, کە ئەوانیش "پەیمانی نێودەوڵەتی تایبەت بە مافە ئابووری و کۆمەڵایەتی و

[1] ب.لا 174 – د. عصام العطية – القانون الدولي العام – وزارة التعليم العالي و البحث العلمي – رئاسة جامعة بغداد – كلية القانون و السياسة – الطبعة الثالثة – مطبعة بغداد – 1982.

[2] بڕوانە جاڕی گەردوونیی مافی مرۆڤ – لەبڵاوکراوەکانی ئەنیستیتوی کورد لە پاریس – 1992.

رۆشنبیرییەکانە" و هەروەها "پەیمانی نێودەڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و رامیارییەکان"[1].

سەرباری ئەو رێخراوە نێودەوڵەتییانە, چەندین رێکەوتننامەی دووانی و سیانی و چواری و پتریش لە نێو دەوڵەتاندا ئیمزا کراوە, کە هەر یەکێك لەوانە بووەتە هۆی رێکخستن و چارەسەرکردنی کێشە نێودەوڵەتییەکانی ئەو دەوڵەتانەی کە ئیمزایان کردووە. ئەمە جگە لە پاراستنی بەرژەوەندییە رامیاری و ئابووری و سەربازییەکانیان, کە نموونەی ئەو رێکەوتننامانە لەم سەدەی بیستەمەدا گەلێك زۆرن و دەتوانین رێکەتننامەکانی سان ریمۆ و سایکس بیکۆ و بریست لیستۆڤسك و بەغداد و سەعدئاباد و..... هتد, وەك نموونە بهێنینەوە.

گەر بێت و بە خێرایی چاوێك بە مادەکانی هەریەك لە بڕوانامەکانی ئەو رێکخراوە نێودەوڵەتییانەدا بخشێنین, ئەوا دەبێت لە جیهاندا هیچ کێشەیەکی نێودەوڵەتی نەبێت و ئاشتی و ئاسایش و مافی مرۆڤ پارێزراو بێت و تەواوی نەتەوەکانی جیهانیش بە مافی چارەی خۆنووسینی خۆیان گەیشتبن, کە

[1] ب.لا.10 – العراق و المجتمع الدولي – اصدار لجنة الدفاع عن حقوق الانسان في العراق – تموز 1991 – سورية – ديمشق.

کوردیش یەکێکە لەوانە. بۆ ئەم مەبەستە و هەر بۆ نموونە با سەرنجی مادەی (یەك – بڕگەی دوو)ی بڕوانامەی نەتەوەیەکگرتووەکان بدەین, کە دەڵێت:–

نەتەوە یەکگرتووەکان هەوڵ دەدات بۆ:

(هێنانەکایەی پەیوەندییە تەباییەکانی نێوان نەتەوەکان لەسەر بنچینەی ڕێزگرتنی ئەو پرنسیپەی کە داوای یەکسانیی مافەکانی نێوان گەلان دەکات و "هەریەکەیان مافی چارەنووسی خۆیی هەیە", و هەروەها دابین کردنی ئەو ئامادەکارییە گونجاوانەی کە ئاشتی گشتی پتەو دەکات).

بەپێی ئەمە هەر لە سەرەتای دانپیانانی ئەو بڕوانامەیەوە لە لایەن دەوڵەتانەوە, دەبوایە کورد بە مافی چارەی خۆنووسینی خۆی بگەیشتایە. ئەمە جگە لەوەی کە ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە تاوەکو ئێستا نەیانتوانیوە کە دەوڵەتانی داگیرکەرانی کوردستان بەوە جەخت (اجبار) بکات, کە چیدی کوردستان و کورد داگیر و نەچەوسێننەوە و ئەو

ڕێکەوتننامانەشی کە ئەو داگیرکەرانە بە مەبەستی پاراستنی بەرژەوەندییەکانیان لە کوردستاندا, هێناویانەتە کایەوە, بداتە دواوە و بە ناڕەوایان بزانێت و لە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیدا ڕسوایان بکات.

هەروەها ئەم ڕێکخراوانە لە دەستێوەردانی زلهێزەکان بۆ نێو کاروباری نێوخۆیی کوردستان و یارمەتیدانی داگیرکەرانی کوردستان هیچ هەڵوێستێکی بەرچاویان پیشان نەداوە, چونکە هەمان ئەو زلهێزانە دامەزرێنەر و بزوێنەری ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانەن. بەو پێیە بە دامەزراندنی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی ڕێکوپێك, هەر لە ڕێکەوتننامەکانی لاهایەوە تاوەکو ئێستێ, هیچ پاڵپشتێکی نێودەوڵەتی بۆ کورد نەبووە و بە پێچەوانەوە کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و زلهێزەکان هەردەم دژایەتیی هەر شۆڕش و ڕاپەڕینێکی کوردیان بە درێژایی سەدەی بیستەم کردووە, ئەویش چونکە دامەزراندنی کیانێکی سەربەخۆ بۆ کورد لەگەڵ بەرژەوەندییە ڕامیاری و سەربازی و ئابوورییەکانیاندا نەوەستاوەتەوە. هەر بۆیە دژایەتیی ئەوانە بۆ کورد و شۆڕشەکانی هۆیەکی گرنگی تری دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردین.

بەخوێندنەوەیەکی خێرای لاپەڕەکانی مێژووی کورد لە سەدەی بیستەمدا زۆر بە راشکاوی ئەو دژایەتییە هەست پیێ دەکەین, کە ئەگەر هەتاکو کۆتایی سەدەی نۆزدەیەم ئەو هۆیانەی کە لە بەشەکانی پێشوودا باسکران بۆ دانەمەزراندنی دەوڵەتی کوردی کاریگەر بووبن, ئەوا "لەم سەدەی بیستەمەدا نەگونجانی بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی لەگەڵ دەوڵەتی کوردیدا هۆی یەکەمین و دوایەمین و کاریگەرترینە...". بەرژەوەندیی زلهێزانی جیهان لە کوردستاندا و بێجگە لە داگیرکردنی کوردستان, تەنها لە سەدەی بیستەمدا نەبووە, بۆ نموونە سەرکوتکردنی شۆڕشی بەدرخانییەکان لە سەدەی نۆزدەیەمدا, چەندێك لە بەرژەوەندیی داگیرکەری تورك بووە, هێندەش بە فیت و لە بەرژەوەندیی ئینگلیز و فەڕەنسا بووە.

بەپێشوازی کردنی سەدەی بیستەم و بەرزکردنەوەی رووداوەکان لە لایەن زلهێزەکانەوە و روودانی دوو جەنگی مەزنی جیهانی, چەندین گۆڕانکاریی ترسناك بەسەر گەلان و نەخشەی رامیاریی جیهاندا هات. کە سنووری ئاسایی هەندێك نەتەوەی پیێ فراوانتر بوو و هەندێکی تریش لە ئەتڵەسی رامیاریدا نێوی سڕایەوە, کە کورد یەکێك بوو لەوان و تا ئێستیێ

مەزنترینی نەتەوەکانی جیهانە کە خاوەنی دامودەزگای دەوڵەتیی خۆی نەبێت.

بە کۆتایی هاتنی جەنگی جیهانی یەکەم (1914- 1918), چەند گۆڕانکارییەکی مەزن لە جیهاندا روویدا, کە ئەویش دابەشکردنی داگیرگەکانی ( المستعمرات) وڵاتە دۆڕاوەکان بوو بەسەر دەوڵەتانی هاوپەیماندا. کە کوردستانیش یەکێك بوو لەو داگیرگەیانە و ئەمجارەیان لە باتی دووبەش کرایە پێنج بەشەوە و زۆر ناڕەوایانە لکێنران بە پێنج دەوڵەتی داگیرکەرەوە, بەبێ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی پشتگیرییەکی ئەوتۆ بۆ مافی کورد وەك هەر مرۆڤێکی دی دەرببڕێت.

کۆنگرەی ئاشتی لە 18 ژەنیوەریی 1919 لە پاریس بەسترا, ئەو کۆنگرەیە جگە لە دابەشکردنی دەستەڵاتی زلهێزان و پاراستنی بەرژەوەندییەکانی خۆیان, هیچ کارێکی ئەوتۆی نەهێنایە کایەوە, لە کاتێکدا ئەو کۆنگرەیە لە لایەن گەلە ژێردەستەکانەوە, ببووە هیوایەکی رزگارکەر و بۆیە کوردیش چاوی تێ بڕیبوو!.

بۆ ئەم مەبەستە کوردێکی خەڵکی باشوور, بە نێوی (شەریف پاشای خەندان), کە دیپلۆماتێکی دەوڵەتی عوسمانی و بابایەکی ناسراوی خۆرهەڵاتی نێوین بوو[1], وەك نوێنەری کورد لە کۆنگرەی ئاشتیدا بەشداری و بانگەشەی بۆ پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆ کرد, کە پێشتریش ئەو پرۆژەیەی بە گوێی زۆربەی باڵوێز و سیاسییە گەورەکانی زلهێزەکاندا دابوو, چونکە دەمێك بوو لە خولیای پێکهێنانی کوردستانێکی سەربەخۆدا بوو. ئەم نوێنەرایەتییەی ژێنەڕاڵ شەریف پاشا, لە لایەن کۆمەڵە کوردییەکانی وەك کۆمەڵەی بەرزێتیی کورد و کۆمەڵەی رێکخراوی کۆمەڵایەتی و کۆمەڵەی سەربەخۆیی کوردستانەوە پێی رەوا بینرابوو و هەڵبژێردرا بوو[2].

شەریف پاشا لە 6-2-1919 لەگەڵ کلیمانسۆی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتی کۆبووەوە و داخوازییەکانی نەتەوەی کوردی

---

[1] شەریف پاشا, لەساڵی 1898دا, لەلایەن سوڵتان عەبدولحەمیدی تورکەوە کرایە باڵوێزی دەوڵەتی عوسمانی لە سوید.

بڕوانە: گۆڤاری (مامۆستای کورد) – ژمارە 27 – پاییزی 1995.

هەروەها ب.لا. 16 –د. عزيز الحاج – القضية الكردية...

[2] ب.س.پ.لا. 66 – د. بلەچ شێرکۆ. هەروەها بڕوانە: یادداشتەکەی شەریف پاشا بۆ کۆنگرەی ئاشتی لە پاریس لە کۆتایی ئەم نووسینەدا, تێکستی ئەو یادداشتنامەیە لە لاپەڕە 115 و بەدواوەی کێشەی کوردی د. بلەچ شێرکۆوە وەرگیراوە.

پێشکەش کرد, بەڵام پراکتیککردنی ئەو داخوازییانە کەوتە نێو گەرداوی جەنگی بەرژەوەندیی نێوان بەریتانیا و فەڕانسە و دەوڵەتانی ترەوە و هیچ کارێکی ئەوتۆ لە بەرژەوەندیی کورد نەکرا[1]. هەر چەندە کلیمانسۆ, هەر ئەو کاتە بەناوی دەوڵەتانی ئەورووپاوە, ئەو قسە گرنگەی کرد و گووتی:

(تورکەکان زۆر بە ئاشکرا سەلماندین, کە بە هۆی بەڕێوەبردنی خراپیان و زۆرداریی هەمە چەشنەیانەوە, لە چەندان سەردەمدا, توانای ئەوەیان نییە و شایستەی ئەوە نین رەگەزی ناتورك بەڕێوەبەرن, بۆیە ئەگەر حاڵ بڕوات پێویستە نەهێڵین هیچ نەتەوەیەك لەژێر کارگێڕیی تورکدا بێت)[2].

ئێستا سێ چارەکە سەدە زێتر بەسەر ئەو وتەیەی سەرۆکی کۆنگرەی ئاشتیدا تێدەپەڕێت و کەچی هەژدە ملیۆن زێتر مرۆڤی کورد, تا ئەمڕۆ لەژێر کاریگێڕیی خراپی تورکاندان و

[1] ب.لا. 58 و 60 – کرێس کۆچێرا – مێژووی کورد لە سەدەی 19 – 20دا – وەرگێڕ: محەمەدی ڕەبیانی – چاپخانەی کارون – تاران – 1369ی هەتاوی.
[2] ب.س.پ.لا. 65 – د. بلەچ شێرکۆ...

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش نەك هەر نەیانهێشتووە کە کورد لەژێر دەستی تورکدا نەبێت, بەپێی گووتارەکەی کلیمانسۆ, بەڵکو باشترین یاریدەدەریشی بوون, بۆ بەردەوامبوونی ئەو کارگێڕییە کۆڵۆنیالییە! . سەرانی وەفدی دەوڵەتانی هاوپەیمانیش لە پاریس, ئەوەیان بۆ –شەریف پاشا– ی سەرۆکی وەفدی کورد بۆ کۆنگرەی ئاشتی دەسەلماند, کە پێویستە لەم کاتەدا کورد ئارام و هێور بێت, تا بە ئاواتە نەتەوایەتییەکانی خۆی بگات, چونکە هەر تەقەللا و بزووتنەوەیەك, کە زیان بە هێمنی بگەیەنێت, داخوازییە نیشتمانییەکانی کورد تووشی زیان دەکات.

سەرانی دەوڵەتانی هاوپەیمان و نوێنەرەکانیشیان, لە ئەستانە– هەر ئەم قەوانەیان بۆ نوێنەرانی کۆمەڵە کوردییەکان لێدەدایەوە[1]. بەو شێوەیە داخوازییەکانی نەتەوەی کورد کرایە قوربانیی ئاساییش و هێمنی چوارچێوەی رامیاریی تورکیا و بەرژەوەندیی زلهێزەکان....

---

[1] ب.س.پ.لا. 71 و 72 – د. بلەچ شێرکۆ...

هەمان کۆنگرەی ئاشتی لە 25-01-1919دا, ڕێکخراوی (کۆمەڵەی گەلان)[1]ی هێنایە دامەزراندن و بەو پێیەی کە وەك ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیی باڵادەست, ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزێت و نەتەوەکانی جیهان لە سایەیدا سەرفراز بن![2].

کورد, لەو ئاشتی و سەرفرازییەی کۆمەڵەی گەلان نەك هەر هیچی بەرنەکەوت, بەڵکو هەمان ئەو کۆمەڵەیە لە ئاستی ئەو هەموو داپڵۆساندن و چەوساندنەوەیەی کە داگیرکارانی کوردستان لە دژی کورد پیادەیان دەکرد, خۆشی کەڕ کرد و زۆر بە دەگمەن لە کۆبوونەوەکانی کۆمەڵەی گەلاندا باسی کوردستان و کورد کراوە, جگە لە چارەسەرکردنی کێشەی موسڵ کە بەشی زۆری باشووری کوردستانی دەگرتەوە و ئەویش وەك چارەسەرکردنی کێشەی سنووری نێوان تورکیا و

[1] لەڕاستیدا نێوی (کۆمەڵەی گەلان) و بەهەمان شێوە (نەتەوە یەکگرتووەکان)یش, کە بۆ پێناسی ئەو دوو ڕێکخراوە جیهانییە دانراوون, هەڵەن.. چونکە کورد هیچ نوێنەرێکی لەو دوو ڕێکخراوەدا نەبووە و نەتەوەیەکی گەورەشە, باشتر وابوو نێوەکان (کۆمەڵەی دەوڵەتان) یان (دەوڵەتە یەکگرتووەکان) بوونایە, یان کورد گەل یاخود نەتەوە نییە؟!.

[2] کورد لە کۆنگرەی ئاشتیی پاریسدا, هیچ شتێکی بەرنەکەوت, بەڵام تاکە سوود کە کورد لەو کۆنگرەیەی وەرگرتبێت, ڕێکەوتنی کورد و ئەرمەن بوو, بەپێی ڕێکەوتننامەیەك کە لەلایەن شەریف پاشای نوێنەری کورد و "بۆغوز بەگ"ی نوێنەری ئەرمەنەوە مۆرکرا...

ئێراق, نەك وەك خۆشگوزەرانکردنی بارودۆخی کورد و یارمەتیدانی بۆ سەرخوابوون!.

هەرچەندە پاش تەواو بوونی کارەکانی لیژنەی کیشەی موسڵ لە 16-7-1925دا, لیژنەکە راپۆرتێکی درێژیان دایە کۆمەڵەی گەلان و تێیدا دەربارەی کوردەکانی ویلایەتی موسڵ گووتیان:

(دەبێت بۆ کارگێڕیی ئەو ناوچانە فەرمانبەری کورد دابمەزرێت و خوێندن و داوەری کردن لە قوتابخانە و دادگاکاندا بە زمانی کوردی بێت و زمانی کوردی بە زمانێکی رەسمی بناسرێت..)[1].

بەڵام کورد هیچ شتێکی لەمانە نەبینی.....؟!.

هەر لە دامەزراندنی کۆمەڵەی گەلانەوە تاوەکو هەڵوەشاندنەوەی لە 18ی ئاپریلی 1946دا, کورد گەلێك جار هانای بۆ ئەو رێکخراوە جیهانییە بردووە, تاوەکو بەپێی مادەکانی بڕوانامەکەی بارودۆخی خراپی کورد چێتر بکرێت.

---

[1] ب.س.پ.لا. 254 – جلدی 1 – محەمەد ئەمین زەکی...

لەوانە "بەدرخانییەکان و شێخ مەحموودی نەمر و حەپسەخانی نەقیب[1] و زۆری تر", کە چ بە نامە و چ بە سکاڵا و راپۆرت, داوایان لە کۆمەڵە کردووە, بارودۆخی رامیاریی کوردستان بخرێتە بەردەمی کۆمەڵە و چارەیەکی ئاشتیانەی بۆ بدۆزرێتەوە[2], بەڵام ئەو هەوڵانە هەمووی بێ سوود بوون و کۆمەڵەی گەلان هەر کردەوەیەکی لە بەرژەوەندیی زلهێزەکاندا نەبووبێت نەیکردووە, هەروەها هەر لە سەرەتای سەرهەڵدانی پارت و کۆمەڵە کوردییەکانەوە تا رۆژی ئەمڕۆ کەم و زۆر ئەو پارتە کوردییانە بیرخەرەوەیان پێشکەشی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی کردووە, بۆ نموونە کۆمەڵەی سەربەخۆیی کورد لە مارتی 1920دا, بیرخەرەوەیەکی دایە دەوڵەتانی هاوپەیمان و تێیدا داوای کیانێکی کوردیی سەربەخۆیان لە دەوڵەتی

---

[1] حەپسەخانی نەقیب, لەساڵی 1930دا یاداشتێکی دەربارەی مافی نەتەوایەتیی کورد, داوەتە (کۆمەڵەی گەلان). کە ئەمە نموونەیەکی ڕووتمەندانەی خەباتی دیپلۆماسییانەی ژنی کوردە لەم سەدەیەدا. ب.لا. 261 – شاری سلێمانی – بەرگی دووەم – ئەکرەمی مەحموودی ساڵحی ڕەشە...

[2] ب.لا. 111 – د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – چەند لاپەڕەیەك لە مێژووی گەلی کورد – بەشی یەکەم – چاپخانەی (الادیب البغدادیة) – بەغداد – 1985.

عوسمانی کرد, که ناوچه کوردییەکانی خۆرهەڵاتی کوردستانیشی دەگرتەوە, بەڵام بێ سوود بوو!.[1]

باشترین نموونە بۆ زانینی پەیوەندیی نێوان کورد و کۆمەڵەی گەلان بە درێژایی ئەو بیست و هەفت ساڵەی تەمەنی, ئەو راپۆرتەیە کە بەریتانیا لە ساڵی 1932 پێشکەشی کۆمەڵەی گەلانی کردووە و باسی چەند شتێکی کەمی مامەڵەی فرۆکەکانی ئینگلیزی لەگەڵ کوردا کردووە, کە وەك راپۆرتەکانی تریان:

(بێ پەروا کۆلێك باسی –جوامێری–ی فڕۆکە شەڕکەرەکانی بەریتانیای گەورەی دژی شۆڕشگێڕانی کورد بۆ –کۆمەڵەی گەلان– کردووە. ئەو –داستانە– خۆشە–!!–, ئەمجارەیان بۆتە گوڵی سەردەستەی باس و یەکەم شەش لاپەڕەی راپۆرتەکەی –رازاندۆتەوە–. دیسان زۆر بێ پەروا راپۆرتەکە باسی ئەوە دەکات چۆن بۆ ماوەیەك کە هێرشی فڕۆکەکانی ئینگلیز بۆسەر کورد لەبەر خاتری چاوی شینی

---

[1] ب.لا. 43 – الدكتور عبدالستار طاهر شريف – الجمعيات و المنظمات و الاحزاب الكوردية في نصف قرن (1908 – 1958) – شركة المعرفة للنشر و التوزيع – بغداد – 1989.

فڕۆکەوانێك و یاریدەدەرێکی, کە –چەتە– کوردەکان بە دیلیان گرتبوون, وەستێنرا. بەڵام کاری دانەرانی ڕاست, ئەوەشیان بۆ مێژوو تۆمار کردووە چۆن ئەو –چەتانە– پیاوانە ڕەفتاری دیلەکانیان کردووە و پاش ماوەیەك ئازادیان کردوون)[1].

لەمەوە تێ ڕامێنن!, کە کۆمەڵەی گەلان دەبوایە چ هەوڵێکی بە سوودی بۆ کورد لێ چاوەڕوان بکرایە, لە کاتێکدا کە بە بیستنی بۆمبارانی فڕۆکەی جەنگیی بەریتانیا لە دژی کورد خۆشحال بوون و لە ڕەفتاری مرۆڤانە و جوامێرانەی پێشمەرگە کوردەکانیش, بەرامبەر ئەو دیلانە و ئازادکردنیان هیچ هەڵوێستێکیان وەرنەگرتووە؟!.

با جارێکی تر سەرنجی ئەو داستانە شانازییانەی فڕۆکەکانی ئینگلیز بدەین, کە ئەدمۆنز لە کتێبی (کورد و تورك و عارەب)دا بۆی تۆمار کردووین, کە دەڵێت:

بۆ یەکەمجار لە مێژوودا بۆمبای سووتێنەر بەکار نەهاتبوو لە لایەن هەفت فڕۆکەی جەنگی بریتانی

[1] ب.س.پ.لا. 124 – د. کەمال مەزهەر ئەحمەد – چەند لاپەڕەیەك...

نەبێت لە جۆری (NINAK – نیناك) کە لە بەغداوەوە هێرشیان کردە سەر (مەرگە[1])[2].

هەروەها لە شوێنێکی تردا باسی شێخ مەحموود دەکات و دەڵێت:

> بەیانی ئەو ڕۆژەی کە دەگەڕامەوە هێرشێکی فڕۆکە کرایە سەر بنکەکەی (واتە هی شێخ) و بۆ یەکەمین جار لە مێژوودا بۆمبای کێشی 220 پاوەنی بەکار هێنرا[3].

ئەوەی شایانی باس بێت هەموو ئەو کردەوانەی ئینگلیز لە دژی کورد هاوکات بوون لەگەڵ گەرمەی چالاکییەکانی کۆمەڵەی گەلاندا و بەبێ ئەوەی هیچ هەڵوێستێك پیشان بدات کە دەبوایە و بە پێی ئەو مادانەی کە لە بڕوانامەیەکدا

---

[1] مەرگە گوندێکی ناوچەی پژدەری نزیك سلێمانییە.
[2] ب.لا. 271 – سي. جي. ادموندز – كرد و ترك و عرب – ترجمة: جرجيس فتح الله – مطبعة التايمس – بغداد – 1971. (ئەدمۆنز, زۆر بەشانازییەوە باسی ئەم بۆمبارانەی فڕۆکەکانی ئیگلیز دەکات, بۆسەر خەڵکی بێتاوانی کورد و شانازیش بەوەوە دەکات کە تەکنۆلۆژیای سەربازیی ئینگلیز هێندە پێشکەوتووە...!).
[3] ب.س.پ.لا. 313 – ادموندز...

هاتووه !, دانیشی به حكومه‌تی پادشانشینی كوردستاندا بنایه و ئالاكه‌شی به‌سه‌ر بنكه‌كه‌یدا له جنێف بشه‌كایه‌ته‌وه...؟!. كه‌چی ئینگلیز كوردستانی كرده تاقیگه‌ی به‌كارهێنانی چه‌كه نوێیه‌كانی و به‌بێ ئه‌وه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان هیچ ورته‌یه‌كی لێوه بێت...!. دیاره ئه‌گه‌ر كورد كۆمه‌ڵی نێوده‌وڵه‌تی له پشت بووایه و دژایه‌تیی به‌رژه‌وه‌ندی له ئارادا نه‌بوایه, ئه‌وا هه‌ڵوێستی كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لان به‌و شێوه‌یه نه‌ده‌بوو و ئاكامی حكومه‌تی پادشانشینی كوردستانیش به‌و شێوه‌یه‌ی لێ به‌سه‌ر نه‌ده‌هات هه‌روه‌كو لای هه‌مووان ئاشكرایه و سووپای داگیركه‌ری ئینگلیز له به‌رژه‌وه‌ندیی خۆی نه‌یده‌رووخاند.

له سه‌رنجدانێكی ماده‌ی 22ی بڕوانامه‌ی كۆمه‌ڵه‌ی گه‌لانه‌وه كه ده‌ڵێت:

(ئه‌و وڵاتانه‌ی كه ئه‌وسا له چوارچێوه‌ی ئیمپڕاتۆری عوسمانیدا بوون, ده‌بنه "چه‌ند ده‌وڵه‌تێكی سه‌ربه‌خۆ" كه له پێشدا مل كه‌چی ئامۆژگاری و ڕێنمایی و یارمه‌تی ده‌وڵه‌ته مانداته‌كان ده‌بن, له كاروباره كارگێڕییه‌كاندا و تا ئه‌و كاته‌ی كه ده‌توانن

سەرپێی خۆیان بکەون و کاروباری خۆیان بەسەر بەرن.....).

ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە ئەو 75٪ زێترەی خاکی کوردستان کە بۆ چەند سەدەیەك زێتر لەژێر دەستی تورکدا بوو دەبوایە ببوایەتە وڵاتێکی سەربەخۆ بەپێی ئەو مادەیەی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلان, بەڵام پراکتیکی ئەم مادەیەش هەر بە ئەنجامی پەڕە زەردەکانی پەیمانی سیڤەر شکایەوە و نەك هەر کوردستان نەبووە وڵاتێکی سەربەخۆ, بەڵکو چ زلهێزان و چ کۆمەڵەی گەلانیش, هەوڵی دەدا بۆ کۆلۆنیالیکردنی کوردستان...!.
ڕاستە هەردوو هەرێمی باشوور و خۆرئاوای کوردستان بۆ چەند ساڵێك خرانە ژێر منداتی هەردوو زلهێزی ئینگلیز و فەڕەنساوە, بەڵام ئەم منداتە وەك سەرپەرشتییەکی نێودەوڵەتی بۆسەر وڵاتێکی سەربەخۆی کورد نەبوو, بەڵکو بۆسەر هەردوو دەوڵەتی دروستکراوی ئێراق و سووریا بوو کە هەردوو هەرێمەکانی باشوور و خۆرئاوای کوردستانیان پێوە لکاندبوو, پاش تەواوبوونی منداتی ئەو دوو دەوڵەتەش, هەمان ئەو دوو هەرێمەی کوردستان, بە دووبەشی ئێراق و سووریا لە

نەخشەی رامیارییاندا مایەوە و بەبێ ئەوەی هیچ شتێك بۆ کورد بکرێت, واتە داگیرکەر گۆڕدرایەوە بە داگیرکەرێکی تر و مادەی 22ی بڕوانامەی کۆمەڵەی گەلانیش رووزەرد کرا...!.

تاکە هەولێکی نێودەولەتی کە لە بیستەکاندا بۆ کوردستان درابێت تەنها پەیمانی سیڤەر بوو (10-08-1920) کە سێ مادەی ئەو پەیمانە باسی چارەی خۆنووسینی کوردی وەك داگیرگەیەکی دەولەتی عوسمانی کردبوو[1].

ئەمانە ئەو بەندانەن:[2]

بەندی 62:

(لیژنەیەك, کە مەڵبەندەکەی لە ئەستەمبوڵ دەبێت و لە سێ ئەندام پێك دێت و, هەر ئەندامێك لە سێ

---

[1] شایانی باسە کە پەیمانی سیڤەر لەلایەن ئەم دەولەتانەوە, هاتەکایەوە: (دەولەتی عوسمانی, بەریتانیا, فەرەنسا, ئیتالیا, ژاپۆن, یۆنان, بەلژیك, پۆلۆنیا, پورتوگال, رۆمانیا, چیکۆسلۆڤاکیا, سرب, کرواتیا, ئەرمینیا و عارەبستانی سعودی).
بڕوانە: لا 10 – گۆڤاری مەڵبەند – ژمارە 73 – لەبلاوکراوەکانی مەڵبەندی رۆشنبیریی کوردی لەلەندەن – لەندەن – گەلاوێژی 1996.

[2] ب.س.پ.لا. 68 و 69 – د. بلەچ شێرکۆ...
ب.س.پ.لا. 76 – کرێس کۆچێرا...
ب.س.پ.لا. 16 – د. عزیز الحاج...

دەوڵەتی: بەریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا دایدەهێنن, لەگەڵ مێژووی بەجێهێنانی ئەم ئۆتۆنۆمییەدا, بە شەش مانگ بۆ دەستنیشانکردنی ئەو ناوچانەی رەگەزی کوردیان تێدایە و, کەوتوونەتە خۆرهەڵاتی فوڕات و, باشووری خۆرئاوای ئەرمینیا وە, وەك لە دوایشدا دەست نیشان دەکرێت. سنوورێکیش بۆ جیاکردنەوەی تورکیا, لە سوریا و, ئێڕاق, بەو پێیە دیاری دەکرێت, کە لە دەقی دووەمین و سێیەمین بڕگەی دووی بەندی 27دا هاتووە. بەڵام لە کاتی رێك نەکەوتن لەسەر هەر بابەتێك, ئەوا ئەندامانی لیژنەکە: -کۆمیسیۆنەکە- دەنگ لە حکومەتەکەی خۆی دەگێڕێتەوە, پێویستیشە ئەم پرۆژەیە زامنی تەواوی بۆ پاراستنی کلدان و ئاشووری و, کەمایەتی رەگەز و ئایینی تری نێو ئەم ناوچانەی تێدا بێت, لەبەر ئەوە لیژنەیەك لە نوێنەرانی بریتانیا و فەڕەنسا و ئیتالیا و- ئێران- و کورد, دەگەڕێت بۆ پشکنین و بڕیاردانی راست کردنەوەکە, ئەگەر بینرا پێویستە دەربارەی سنووری تورکیا بکرێت. چونکە بەپێی بەندەکانی ئەم

پەیمانە, سنووری باسکرا و, لەگەڵ ئێران-یشدا پەیڕەو دەکرێت).

بەندی 63:

(حکومەتی عوسمانی, لەمڕۆوە پەیمان دەدات لە ماوەی 3 مانگدا لەو مێژووەوە کە تیایدا ئاگادار دەکرێت, بڕیارەکانی هەردوو لیژنەی کۆمیسیۆن, کە لە بەندی 67دا باسکراون, لە ئەستۆ بگرێت و جێبەجێیان بکات).

بەندی 64:

(ئەگەر لە ماوەی ساڵێکدا, لە مێژووی دەستپێکران و جێبەجێکردنی ئەم پەیمانەوە, گەلی نیشتەجێی ناو ئەو ناوچە دەست نیشان کراوانە, کە لە بەندی 62دا هاتوون, داوایەکی پێشکەش بە کۆمەڵی گەلان کرد, کە بڵێ زۆربەی خەڵکی نێو ئەم ناوچانە , ئارەزوو دەکەن لە تورکیا جیاببنەوە و کۆمەڵەی نێوبراویش لەو باوەڕەدا بێت, کە ئەم گەلە دەتوانێت سەربەخۆ بێت و پێسپێری ئەمە بکات, ئەوا تورکیاش لە ئێستاوە

پەیمان دەدات ئەو پێ سپێرییە جێبەجێ بکات و دەست بەرداری هەموو ماف و ئیمتیازێکی خۆی دەبێت لەو ناوچانەدا, ئەم دەست بەردار بوونەش بە درێژی, بابەتێکی تایبەتی دەبێت لە نێوان زۆربەی وڵاتانی هاوپەیمان و تورکیادا, بۆیە لە کاتی دەست بەرداربووندا, کە بوو, هیچ بەرهەڵستییەك لە لایەن وڵاتانی هاوپەیمانی نێو هێنراوەوە, ناخرێتە بەرامبەر مەیلی کوردی نیشتەجێی ئەو بەشەی خاکی کوردستان, کە تا ئەمڕۆ, لە ویلایەتی– موسڵ– دان و بە خواستی خۆیان دەیانەوێت لەگەڵ حکومەتە سەربەخۆکەی کوردا یەکبگرن).

بە تێڕوانینی ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر زۆربە راشکاوی ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە کورد وەك نەتەوەیەك مافی چارەی خۆنووسینی دەبێت پێ بدرێت. بەڵام مخابن, ئەو بەندانەی پەیمانی سیڤەر[1] بە کۆنگرەی لۆزانی شووم لە 24–

[1] لەڕاستیدا پەیمانی سیڤەر جگەلەوەی کە هیچ شتێکی بۆ کورد نەکرد, لەلایەکی ترەوە زیانێکی تریشی لە کورددا, ئەویش بەوەی لەکاتی کودەتای تورکەکاندا هەندێك لە سەرۆکە کوردەکان لە مانگی مەیی 1919دا, بە ئامانجی پێکهێنانی شۆڕشێکی سەرتاسەری کۆبوونەوە, بەڵام کۆڵۆنێڵ (بێڵ)ی سەرۆکی دەزگەی هەواڵدەریی فەڕەنسی لە شاری (حەلەب), ئەو سەرۆکە کوردانەی لە

1923-07, جێی پێ گیرایەوە کە بەپێی ئەوە دەبێت کوردستان بە وڵاتێکی بەش بەشکراو و ژێردەستە بمێنێتەوە. چونکە سەرخوابوونی کوردستان لەگەڵ بەرژەوەندیی دەوڵەتانی رۆژئاوا و یەکێتی سۆڤیەتدا نەدەوەستایەوە. ئەمە جگە لە ئایین و ئۆینەکانی تورکە کەمالییەکان لە دژی کورد و خۆشحاڵییان بە کۆنگرەی لۆزان بۆ بەرژەوەندییە ناڕەواکانیان[1].

بەو شێوەیە ئەو هەوڵە نێودەوڵەتییە هەروەکو رایەك, لەسەر پەڕە زەردەکانی پەیمانی سیڤەر مایەوە و بە کۆنگرەی لۆزان پووچەڵ کرایەوە.... کۆمەڵەی گەلانیش لەو کۆنگرەیە خۆی کەڕ کرد و لە بەرژەوەندیی کورد چ کارێکی نەکرد... جگە لە ئاماژەکردنی چەند مافێکی سەرەتایی بۆ کورد کە ئەویش لە

---

هەڵگیرساندنی شۆڕش پەژیوان کردەوە و لەبەرئەوەی کە گوایا بەپێی پەیمانی سیڤەر کار و کێشەی کورد چارەسەر دەکرێت... کەچی نەپەیمانی سیڤەر هیچی کرد و نەهێشتیشیان شۆڕشی کورد هەڵبگیرسێت...

ب.س.پ.لا. 184 – باسیل نیکیتین – الاکراد...

[1] رێکەوتننامەی لۆزان لەم دەوڵەتانە پێکهات: (تورکیا, بەریتانیا, فەڕەنسا, ئیتالیا, یۆنان, رۆمانیا, سرب و کرواتیا).

ب.س.پ.لا. 11 – گۆڤاری مەڵبەند – ژمارە 73 – لەندەن.

بەندەکانی (38, 39, 40)ی بەشی سێیەمی پەیمانی لۆزان-دان, کە بریتیە لەوەی:

(حکومەتی تورکیا , بەڵێن دەدات بەوەی ئەو کوردانەی بە ژمارە لە تورك کەمترن, لە تورکیادا, مافی تەوای ئاخاوتنیان هەیە لەنێو خۆیاندا و, لەبەر داداگا و, بۆیان هەیە رۆژنامە و, گۆڤار و کتێب بە کوردی دەربکەن و, یانەی کوردی- زانستیانە و کۆمەلایەتی و, پەروەردەیی-ش دروست بکەن, بۆشیان هەیە بە ئازادی بە سەرتاسەری تورکیادا هاتوچۆ بکەن و, هەموو ئەو مافانەشیان هەبێت کە تورك پێی دراوە).

هەروەها لە بەندی (37)دا دەڵێت:

(تورکیا پەیمان دەدات کە نابێت یاسا و بڕیاری وا دەربکات, پێچەوانەی ئەو مافە باسکراوانەی سەرەوە بێت).

بەندی (44)یش دەڵێت:

( ئەم پەیمانەی تورکیا, شتێکە دەوڵەتان لەسەری ڕێکەوتوون و نابێت بە هیچ جۆرێ لێی پەشیمان بێتەوە, ئەگینا بۆ هەر یەکێك لەو دەوڵەتانەی پەیمانی —لۆزان— یان مۆرکردووە و, ئەو دەوڵەتانەش کە — کۆمەڵەی گەلان—یان پێك هێناوە, بۆیان هەیە سەرپەرشتیی تورکیا بکەن بۆ جێبەجێکردنی ئەو پەیمانانە, بە وردی و, لە دژی تورکیا دەستبخەنە کاروبارەکانیانەوە, تاوای لێ بکەن ئەوەی لە بەردەم هەموو دنیادا لە ئەستۆی گرتووە, جێبەجێی بکات)[1].

کەچی تورکیا نەك هەر خۆی نەبەستەوە بە بەندەکانی ئەم کۆنگرەیەوە کە ئیمزای کردبوو, بەڵکو بەندیخانەکانی بە خەڵکی کورد جمەی دەهات, چونکە بە زمانی کوردی ئاخاوتنیان دەکرد و نە کۆمەڵەی گەلان و نە زلهێزەکانیش, بە تورکیان نەگووت بەری چاوتان کلی پێوەیە...؟!.

کەواتە لەو هەموو گۆڕانکارییەی جەنگی جیهانیی یەکەم هیچ شتێك بەر کورد نەکەوت. تەنها لە زستانی نێوان 1926 و

[1] ب.س.پ.لا. 87 و 88 – د. بلەچ شێرکۆ...

1927 لە باکووری کوردستان 213 گوند, کە بریتی بووە لە 8613 ماڵ سووتاوە و لەو گوندانەدا 15062 کەس بە جۆرەها ئەشکەنجە بە دەستی تورك کوژراوە و نزیکەی ملیۆنێك[1] کوردیش بۆ خۆرئاوای ئەنەدۆڵ ڕاگوێزراوە[2], و کەچی کۆمەڵەی گەلان هیچ هەڵوێستێکی لە دژی تورکیا پیشان نەداوە....؟!.

لە ساڵی 1939دا جەنگێکی جیهانیی تر, بە هۆی دژایەتیی زلهێزەکانەوە هاتە کایەوە و کۆمەڵەی گەلانیش هیچ کردەوەیەکی دژی هەڵنەگیرسانی ئەو جەنگە پێ نەکرا و هەروەکو کارتۆنێك لە جنێڤ مایەوە. بۆیە پاش وەستانی جەنگی جیهانیی دووەم ڕێکخراوێکی تری جیهانی و بە نێوی (نەتەوە یەکگرتووەکان) لە ئاپریلی 1945 لە کۆنفرانسی "سان فڕانسیسکۆ"دا[3], لە لایەن زلهێزەکانەوە دامەزرا و

---

[1] من لە چەند سەرچاوەیەکی تردا ئەم ژمارەیەم بە 700 هەزار کەس خوێندووەتەوە.

[2] ب.س.پ.لا. 258 – جلدی 1 – محەمەد ئەمین زەکی بەگ...
هەروەها ب.س.پ.لا. 28 – باسیل نیکیتین...

[3] باسیل نیکیتین, لە لاپەڕە 190ی کتێبەکەی خۆیدا (کوردەکان), دەڵێت: کە لە کاتی کۆبوونەوەی کۆمیتەی نەتەوە یەکگرتووەکان لە سان فڕانسیسکۆ, لیژنەیەکی کوردی بیرخەرەوەیەك و نەخشەیەکی کوردستان دەدەنە کۆمیتەکە و بەڵام ئەو هەوڵەش هەر بەهەدەر چوو, بەداخەوە هەوڵی پەیداکردنی ئەو بیرخەرەوەیەمدا بەڵام دەستم نەکەوت...

جێگەی کۆمەڵەی گەلانی گرتەوە, بەو ئامانجەی کە گوایا ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی بپارێزێت و نەتەوەکانی جیهان لە سایەیدا سەرفراز و سەربەست بن!.

لەو گۆڕانکارییە ترسناکانەی دوای جەنگی جیهانیی دووەمیش نەخشەی داگیرکارانی کوردستان هەروەك خۆی مایەوە و بگرە چەسپ تریش بوون و بارودۆخی رامیاریی کوردستان هێندەی تر لە بیرکرا و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی بە جارێك پشتی تێکرد و کەوتە نێو گێژاوی بەرژەوەندیی هەردوو بلۆکی نوێی خۆرهەڵات و خۆرئاواوە  کە لە دوای جەنگی جیهانیی دووەم ئەو شێوازەی وەرگرتبوو. رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانیش بە هەمان دابی کۆمەڵەی گەلان بێ هەڵوێست مایەوە و بە درێژایی ئەو دەیان ساڵەی کارکردنی و هاوکات لەگەڵ ئەو هەموو شۆڕش و داپڵۆسین و دیسان راپەڕین و داڕووخانانە..ی کە لە هەرێمەکانی کوردستاندا روویداوە و روو دەدەن... هیچ هەڵوێستێکی پۆزەتیڤانەی بۆ کورد وەرنەگرتووە, جگە لەو هەڵوێستە ناسراوەی دوای جەنگی کەنداو کە پاشان باسی لێوە دەکرێت. ئەمە لە کاتێکدا کە مادەی 55ی بڕوانامەی

نەتەوە یەکگرتووەکان لە بەشی هاریکاریی ئابووری و کۆمەڵایەتی دا دەڵێت:

(لەبۆ خواستی ئامادەکردنی ویستە پێویستییەکانی جێگیربوون و خۆش گوزەرانی و بوونی پەیوەندیی ئاشتییانە لە نێو نەتەوەکاندا لەسەر بنچینەی رێزگرتنی ئەو پرنسیبەی کە بانگەشەی یەکسانیی مافەکانی نێوان گەلان دەکات و هەریەکەیان مافی چارەنووسی خۆیی هەیە, "نەتەوە یەکگرتووەکان" کار بۆ ئەمانە دەکات:

أ- بەدیهێنانی ئاستێکی باڵا بۆ خۆش گوزەرانی و ئامادەکردنی هۆیەکانی بەکارهێنان کە تایبەت بێت بە هەر تاکێکەوە و بوژاندنەوەی بە هۆکارە گەشەکردوو و پێشکەوتنە ئابووری و کۆمەڵایەتییەکانەوە.

ب- ئاسانکردنی چارەسەری کێشە ئابووری و کۆمەڵایەتی و تەندروستییە نێودەوڵەتییەکان و ئەوانەشی کە پەیوەستن پێیانەوە, و پتەوکردنی هاوکاریی نێودەوڵەتی لە کاروباری فێرکردن و رۆشنبیریدا.

ج– دەستەبەرکردنی ڕێزگرتنی مافەکانی مرۆڤ و سەربەستییە بنچینەییەکان لە جیهاندا بۆ هەمووان, بەبێ جیاوازیکردن بەهۆی ڕەگەز و زمان و ئایینەوە, و جیاوازیی نێوان پیاو و ژنیش نەکرێت, و بە تەواوی خۆ بەو ماف و سەربەستییانەوە ببەسترێتەوە.

ئینجا با تێبینی پراکتیك کردنی ئەم مادەیە, لە کوردستاندا بکەین و بزانین چۆن کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی مامەڵەی لەگەڵ ڕووداوەکانی دوای جەنگی جیهانیی دووەم, لە کوردستاندا کردووە؟!.

لە سەرەتای کارکردنی ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە, و بوونی سووپای سووری یەکێتیی شۆڕەویی ئەوسا لە باکووری ئێراندا, کە بەشێکی زۆری خۆرهەڵاتی کوردستانیشی دەگرتەوە, هەلومەرجێکی گونجاو بۆ دامەزراندنی کۆماری دیموکراتیکی کوردستان لەساڵی 1946دا بە سەرکردایەتیی پێشەوا قازی محەمەد, هاتە کایەوە و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هیچ پاڵپشتێکی ئەو کۆمارە ساوایەی کوردی نەکرد. ئەمە لە کاتێکدا کە دەبوایە هەر زوو بە زوو نەتەوە یەکگرتووەکان بە

رەسمی دانی پێدا بنایە, هەروەکو چەسپاندنی پرنسیپانەی مادەی یەکەمی بڕوانامەکەی. وەکو ئەوەش نەهاتە دی, هەمان ئەو کۆمارە بووە قوربانیی بەرژەوەندییە ئابوورییەکانی ئیمپریالیزمی سۆڤێتی و نەتەوە یەکگرتووەکانیش هەروەك "بینەرە خۆشەویستەکان", تەماشای ئەو شانۆگەرییەیان دەکرد, کە بۆ کورد "دراما" و بۆ ئەوانیش "کۆمیدی". لەنێو بردنی ئەو کۆمارە ساوایەی کورد, بە بەستنی رێکەوتننامەیەك بوو لە نێوان ئێران و یەکێتی شۆڕەویدا, لە ئاپڕیلی 1946دا, کە ئەویش فرۆشتنی نەوتی ئێران بوو بە شۆڕەوی, بەرامبەر ئەو ئایین و ئۆیینەی (قوام السلطنة), سووپای سوور خۆی کێشایەوە و پەرلەمانی ئێرانیش لە نۆڤەمبەری 1947دا ئەو رێکەوتننامەیەی پووچ کردەوە و کوردیش کرایە قوربانیی جەنگی بەرژەوەندیی زلهێزێکی وەك شۆڕەوی[1].

لە باکووری ولاتیشدا وەنەبێت مافی مرۆڤانەی ملیۆنان مرۆڤی کورد پارێزراو بووبێت, بەڵکو هەر لە دوای دامەزراندنی دەوڵەتی نوێی تورکانەوە خراپترین رامیاریی داپڵۆسین و جەنگی جینۆساید لە دژی کورد و راپەڕینەکانی پیادە کراوە و

---

[1]ب.س.پ.لا. 272 – د. عبدالستار طاهر شریف...

کۆمەڵگای نێودەوڵەتیش لەو پرۆسە نامرۆڤانەیەدا و لە بەرژەوەندیی خۆیان باشترین کۆمەکی مادی و سەربازیی تورکیان کردووە, بە رادەیەك لە نەهێشتنی ئاخافتن و پۆشاکی کوردیش هەڵیان نەداوەتێ و هەردوو بلۆکی خۆرئاوا و خۆرهەڵات, تەواوی راپەڕینەکانیان بە فیتی ئەملاو ئەولای کۆمۆنیست و ئیمپریالیزمی تاوانبار کردووە و رای گشتیی جیهانیشیان بەو دەلەسانە چەواشە کردووە. پارتی رزگاریی کوردیش لە دوای تەواوبوونی جەنگی جیهانیی دووەم و ئەو کاتەی کە کۆنگرەی وەزیرەکانی دەرەوەی وڵاتان دەبەسترا, بیرخەرەوەیەکی دایە کۆنگرەوانەکان و داواکانیی تێدا روونکردبووەوە, کە ئەویش لاکردنەوەی ئەو دەوڵەتانە بوو بەلای کێشەی کوردا, بەڵام ئەمیش وەکو هەموو ئەو داوایانەی تری کورد خرایە پشت گوێ؟![1].

شۆڕشی ئەیلوولی 1961ی باشووری کوردستان, گەر دژایەتیی نێودەوڵەتی نەبووایە, ئەوا لەوانەبوو پاشەڕۆژێکی گەلێك پرشنگداری بۆ نەتەوەی کورد وەدی هێنابایە, کەچی

[1] ب.س.پ.لا. 123 – د. عبدالستار طاهر شريف...

هەر ئەو شۆڕشە بە ئایین و ئۆینێکی نێودەوڵەتی لە 6ی مارتی 1975دا توێنرایەوەو بە خوێندنەوەی راپۆرتەکەی لیژنەی پایك بە نێونیشانی (سێ پرۆژە) کە لە 19ی ژەنیوەریی 1976دا پێشکەشی کۆنگرێسی ئامریکی کراوە بە سەرۆکایەتیی (ئۆتیس پایك), کە ئەندامی کۆنگرێسی ئامریکی بوو, زۆر بە راشکاوی ئەو گەمەی بەرژەوەندییەمان بۆ دەردەکەوێت, کە راپۆرتی ئۆتیس پایك هاوار دەکات و دەڵێت:

(رامیاریمان بەرامبەر بە کورد زۆر ناڕەوشتانە بوو. نە یارمەتیمان دان و نە وازمان لێهێنان کێشەکەیان بە گفتوگۆ لەگەڵ حکومەتی ئێراقی دا چارەسەر بکەن. ئێمە هانمان دان و دوایی لێیان دوور کەوتینەوە)[1].

هنری کیسنجەریش لەم بارەیەوە دەڵێت:

(ئێمە زۆڵمێکی گەورەمان لە کوردەکان کرد, لە کاتێکدا دەبوایە ئێراق دژی سووریا بوەستێت, شەڕمان بە کورد راگرت و پشتمان تێیان کرد.....)؟!.

[1] ب.لا. 137 و 140 – محمد حسنين هيكل – الحل و الحرب – 1977.

بەو شێوەیە دژایەتیی زلهێزەکانمان بەرامبەر بەسەر خوابوونی کورد بۆ دەردەکەوێت و ڕێکخراوە نێودەوڵەتیەکانیش چونکە هەمان ئەو زلهێزانە بزوێنەریانن!, دیارە نابێت هیچ هەڵوێستێك وەربگرن. ڕوویداوە لێرە و لەوێ و جارجارە یەکێك لە ڕێکخراوەکانی سەربە نەتەوە یەکگرتووەکان بۆ نموونە ڕێکخراوی مافی مرۆڤ, لە کاتێکدا کە چەوساندنەوەی کورد لە لووتکە تێپەڕیوە و ئەویش لە سووچێکی گۆڤارێکیدا هەواڵێك یان بیرخەرەوەیەکی دژی داگیرکەرانی کوردستان دەرکردبێت کە ئەویش هیچی وای نەگەیاندووە و هەرزوو لە ژێرەوە کراوەتەوە بەجێی خۆیدا و دەمبەستێك بووە بۆ کوردیش و بۆ ڕای گشتیی جیهانیش.

دەیان ساڵە مرۆڤی کورد لە خۆرئاوای وڵاتەکەیدا لە لایەن داگیرکەری عارەبی سوورییەوە بە بێگانە دەژمێردرێت و جگە لە زیندانی سووریا توانای گەشت کردنی هیچ لایەکی دییان نییە, چونکە بەپێی یاسایەکی شۆڤێنیانە پاسپۆرتیان نادرێتێ و هەروەها خوێندکارانیش تەنێ دەتوانن پلەی ئامادەیی بخوێنن! و یاسای سووری ڕێگایان پێ نادات لە زانکۆکاندا

بخوێنن[1], خۆ باسی راگوازتن و به عارەبکردنی نەك هەر لەو هەرێمەدا, بەڵکو له سەروخواری کوردستاندا ناکرێت و وەك پرۆسەیەکی زۆر ئاسایی لێهاتووە و جیهانیش و دەوڵەتانیش لێی بیٚ ئاگا نین...

کوشتنی به کۆمەڵی داگیرکەری عارەبی ئێراقی له باشووری وڵاتدا و له کۆتایی هەشتاکاندا گەیشته پلەیەکی زۆر ترسناك, به رادەیەك له رۆژی 6ی مارتی 1988دا و له ماوەی تەنها کاژێرێکدا شاری هەڵەبجەی به گازی ژەهراوی بۆردومان کرد و پازده هەزار مرۆڤی کورد بوونه خۆراکی گازی کیمیاوی, سووپای (عروبة) هەر بەوەشەوه نەوەستا, بەڵکو له هێرشی ئەنفالدا دووسەد هەزار مرۆڤی کوردی بیٚ سەروشوێن و پێنج هەزار گوند و شارۆچکەشی لەگەڵ زەویدا رێك کرد[2], بەبیٚ

[1] هەر لەبەر ئەو هۆیانەیه که هەندێك کوردی خۆرئاوا, به ناچاری خۆیان به عارەب نێونووس دەکەن.

[2] لەڕاستیدا کارەساتی ئەنفال, تا دنیا دنیایه دەبێته پەڵەیەکی ناشرین بەمێژووی عارەبی دراوسێمانەوە, چونکه له نێوبردنی 200 هەزار مرۆڤی کورد له ماوەیەکی کەمدا, ڕاسته لەلایەن ڕژێمی بەعسەوه بوو, بەڵام خۆ پیادەکردنی کارێکی وا گەورە هیچی نەویستبێت, 100 هەزار سەربازێکی ویستووە, کەچی تاوەکو ئێستیٚ یەکێك لەو هەزاران سەربازە عارەبانە, چارەنووسی ئەو بەئەنفال کراوانەیان پیٚ نەگووتین و تاوەکو ئێستێش نازانین گۆڕەکانیشیان لەکوێیە...

ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەوڵێکی کاریگەرانە بدات بۆ وەستاندنی ئەو جەنگە دژ بە مرۆڤایەتییە.

لە 15-01-1987دا رژێمی ئێراق تەرمی 70 منداڵی کورد, کە تەمەنیان لە نێوان (13 تا 16) ساڵدا بوو, دایەوە کەس و کاریان, بە زۆر پارەی ئەو گوللانەی کە درا بە سینگیانەوە کە (30 دیناری ئێراقی)بوو, رژێم لە کەس و کاریانی سەندەوە...؟!. کاری وا نامرۆڤانە مێژوو تا ئێستێ بە خۆیەوە نەبینیوە, کەچی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ئاستی ئەو جەنگە جینۆسایدانەدا هەر هەڵوێستی نەبوو, تەنها کردەوەیەکی نێودەوڵەتییانە بۆ دژایەتیی ئەو هێرشانە, باسکردنی ئەو کوردکوژییە بوو لە دەنگوباسی هەندێك وڵاتاندا, کە لە راستیدا دەبوایە هەموو ئەو بڕیارانەی کە دوو ساڵ پاش ئەنفال و لە دژی ئێراق بەهۆی داگیرکردنی کووەیتەوە لە لایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە دەکران, لە ساڵی 1988دا لە پشتگیریی کورد دەربکرابانایە, چ نەبێت تەنها دەشتی گەرمیان کە بە دڕندانەترین شێوە رەفتاری لەگەڵدا کرد, دوو هێندەی رووبەری وڵاتی کووەیت دەبێت. بەڵام دیارە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی و نەتەوە یەکگرتووەکان لە

کووەیتدا هەزاران ئەندازەی ئەو ئافرەتانەیە کە وەك کەنیزەك بە وڵاتانی عارەب تاڵانفرۆش کران...؟!.

تێڕامێنن!, هەرچەندە دەبوایە ڕێکخراوە نێودەوڵەتییەکان هاوکات لەگەڵ هێرشی ئەنفالدا, کارێکی وایان بکردایە کە هەموو ویژدان و رای گشتیی جیهان, بەو توانایەی کە خۆیان هەیانە, بیانخستایەتە پاڵ توانا و بەرگریی کورد و هاوکاریی زێتر لە دووسەد هەزار خەڵکی بێ سەروشوێنی کورد, بەڵام هەموو کردەیەوەیەك کە ئەو ڕێکخراوە نێودەوڵەتییانە بۆ بەرپەرچدانەوەی (الانفال) پێی هەڵستابێتن, بیرخەرەوەیەکی ڕێکخراوی لێبوردنی نێودەوڵەتی بوو کە بۆ یەکەمجار لە مێژوویدا لە 8ی دیسەمبەری 1988, پێشکەشی ئەنجوومەنی ئاسایشی نەتەوە یەکگرتووەکانی کرد. کە تێیدا داوای وەستاندنی پێشێلکردنی ماف مرۆڤ دەکات لە ئێراقدا و کە ئەو پێشێلکردنەش تایبەتە بە کوردەکانەوە![1].

لە هێرشی ئەنفال و کیمیا بارانەکەی هەڵەبجەدا کە نەخۆشخانەکانی ئێران بە بریندار و کەنەفتی کورد جمەیان دەهات, هەموو یارمەتییەکی دەوڵەتێکی زلهێزی وەك ئەڵمانیا

[1] ب.لا. 23 – كراس: الاجئون العراقيون في هولندا – منشورات مؤسسة عمل الاجئين في خرونخن – 1990.

ئەوە بوو, کە چەند بریندارێکی گرتە خۆی و رەوانەی نەخۆشخانەکانی ئەڵمانیای کردن, ئەویش نەك بە مەبەستی چارەسەرکردنی ئەو داماوانە, بەڵکو بەو مەبەستەی بزانن ئاخۆ ئەو گازی ژەهراوییەی کە فرۆشتوویانەتە سەددام و رژێمەکەی, تا چ رادەیەك کاریگەرێتیی لەسەر کوشتنی مرۆڤ هەبووە, و نەکا پێکهاتووی کیمیاویی باش نەبووبێت, تاوەکو چاکتری بکەن و لە داهاتوودا باشتر خەڵکی بێ توانای وەکو کوردی پێ لەنێو ببرێت. ئەم رەفتارەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی هەمان ئەو دکتۆرە زانایانەمان بیردەخەنەوە کە پاش دروستکردنی دەرمانێکی نوێ و پێش ئەوەی لەسەر مرۆڤ تاقیی بکەنەوە, یەکەمجار لەسەر مشك و کەروێشك و ئاژەڵی لەو بابەتە تاقی دەکەنەوە, بەڵام بۆمبای سووتێنەر و ژەهراویی زلهێزان یەکەمجار و راستەوخۆ لەسەر مرۆڤی کوردا دەیشکێنن و کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیش نەك هەر هیچی نەکرد, بەڵکو زلهێزێکی وەکو سۆڤێتی ئەوسا لە رۆژنامەی پراڤدایساڵی 1988دا, ناڕاستیی بۆردومانی ژەهراویی دژی شاری هەڵەبجەی لە لایەن فڕۆکەوانە عارەبەکانەوە بڵاوکردەوە؟!... کۆمەڵگای نێودەوڵەتی لە بەرژەوەندیی خۆیان سەرنجی رای

گشتیی جیهانی بەلای شتی زۆر سادە و بێ بایەخدا رادەکێشن و سەرخۆشیان دەکەن, بەبێ ئەوەی راستینەی ئەو رووداوانە باسبکرێت, کە لە دژی سی ملیۆن مرۆڤی کورد پیادە دەکرێت.
سەرنجی رووداوی رفاندنی بەڕێز (تێری وۆیت)ی نوێنەری قەشەکانی (کانت برێی) بدەن, کە گروپە زۆرڕەوە موسڵمانەکان لە لوبنان, رفاندیان و چ بەزمێکی راگەیاندنی گەورەی لە جیهاندا نایەوە و ساڵانێك رادیۆ و بەشەکانی راگەیاندنی جیهانیان پێوە خەریك کرد و وەکو هیچ رووداوێکی تر لە جیهاندا نەبووبێت تەنیا ژیانی تاکە کەسێکی وەك کاك "تێری" نەبێت, کەچی ئەو رووداوانەی کە لە کوردستاندا روویاندەدا و هاوکات بوون لەگەڵ کارەساتەکەی "تێری وۆیت"دا ژیانی میلۆنان کوردی خستبووە مەترسییەکی گەورەوە, بەبێ ئەوەی کۆمەڵگای نێودەوڵەتی و رێکخراوەکانی یەك بۆ هەزارانی ئەوەی تێری وۆیت باسی بکەن ولێی بکۆڵنەوە؟!.
نموونەیەکی تری ئەو چەواشەکردنی رای گشتیی جیهانییە, ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە جیهاندا بە هۆی راگەیاندنی زلهێزانەوە نێوی پارتیا کاریگەرێن کوردستان (PKK) بە تیرۆر

دەرچووە و گوایا ئەندامانی بەکاری تیرۆریزم و مامەڵەکردنی مادەی سەرخۆشکەر لە جیهاندا هەڵدەستن!, کەچی دەوڵەتی داگیرکەری تورك بە تیرۆریست دانانێن!, کە هەزاران لاوی کوردی لە بەندیخانەکانی تورکیادا زیندانی کردووە و بە نامرۆڤانەترین شێوە ئەشکەنجە دەدرێن. ژەندرمەکانی تورك تیرۆریست نین!, کە لەم دواییەدا سێ هەزار گوندی کوردیان لەگەڵ زەوی تەخت کردووە و بە هۆیەوە زێتر لە سەد هەزار مرۆڤی کورد ئاوارە و بێ شوێن و جێ بوون, کەچی لای زلهێزان و رای گشتیی جیهانی پێشمەرگەکانی PKK تیرۆریستن. کە چ نەبن داکۆکی لە مافی نەتەوەیەکی بندەست دەکەن...

هەر چۆنێك بێت بۆ یەکەمجار و بە شێوەیەکی رەسمی نەتەوەیەکگرتووەکان بڕیارێکی پشتگیریی بۆ چەند ملیۆنێك لە کوردی باشووری کوردستان دەرکرد. ئەویش بەهۆی کۆ رەوی زێتر لە دوو ملیۆن کوردی باشوور, بەرە و چیا و ناوچە سنوورییەکانی هەردوو هەرێمی باکوور و خۆرهەڵاتی کوردستان, وەك خۆپاراستنێك لە لەشکری "عروبە و ئەنفال". ئەو بڕیارەش, بڕیاری ژمارە (688)ی ئەنجوومەنی ئاسایش

بـوو, کـە بەپێـی ئـەوە سـکرتێری نەتـەوە یەکگرتووەکانـی ئەوسـا(خافێـر پێرێـز دی کـویلار), نوێنەرێکـی خۆیـی نـاردە کوردسـتان و ناوچـەی ئاوارەکـان, تاوەکـو ئەو ئاوارانە بخرێنە ژێـر چـاودێریی نێودەوڵەتیـیەوە و شوێنی نیشتەنی و خۆراك و کەرەسـتەی پزیشـکی و پێداویسـتییەکانی تـری ژیانـیان بـۆ ئامـادە بکـەن. هـەروەها دروسـتکردنی چـەندەها چـادرگا بـۆ ئاوارەکان هەر لە ناوچەکانی باشووری کوردستاندا, بە تایبەتی ئـەو ناوچـانەی کە دەکەونە باکووری هێڵی (36)ی پانییەوە[1], ئـەو پرۆسەیە نێوی نرا ( OPERATION PROVIDE COMFORT – پرۆسـەی ناردنـی ئاسوودەیی و دڵنیایی). ئەمـە جگـە لە پاراستنی ئاسمانیی هێزە هاوپەیمانەکان بۆسەر بەشـێکی باشـووری کوردستان کە خۆی لە خۆیدا یارمەتییەکی نێودەوڵەتیـی گەلـێك بـاش بـوون[2]. هەرچـەندە رووداوێکـی وا مەزنی لەو کۆڕەوەی بەهاری 1991ی باشووری کوردستان بە تاکـە بڕیارێکـی ئەنجوومەنـی ئاسایش داناپۆشرێت و چارەسەر

---

[1] ب.س.پ.لا. 61 – هاوڕێ باخەوان – لێکۆڵینەوەیەك لەسەر ڕاپەڕینەکەی...

[2] ئەو پاراستنی ئاسمانییە بۆسەر بەشێکی باشووری کوردستان لە فڕۆکەخانەی (ئیچەرلیك)ی باکووری کوردستانەوە پیادە دەکرا, کە سەربە هێزەکانی ناتۆیە, بەڵام هەر ئەو فڕۆکەخانەیە لەلایەن تورکەوە بەکاردەهێنرێت بۆ سەرکوتکردنی پێشمەرگە کوردەکان لە باکووری وڵاتدا؟!.

ناکـــرێت. بـــەڵام مـــن گـــومانم لـــەوەدا نیـــیە کـــە نەتـــەوە یەکگـرتووەکان لـە راستی ئەو رووداوەدا, بڕیاری (688)ی لێ بـوو بـە (کـوردە ناموسی), بۆیە پێی هەڵستا, چونکە نەدەبوو پـێش چـەند مانگـێك دەسـتەیەك بڕیار لە داکۆکیی داگیرکردنی کـووەیت دەربکـات, کـە لـە چـاو باشـووری کوردسـتاندا شارۆچـکەیەکە و دەربارەی کۆڕەوەکەش بێ دەنگ بێت, ئەمە جگـە لـە زەمینـەیەکـی تەخـتان بۆ ئەو بڕیارە, کە زێتر لە دژی ئێراقـی سـەرکەش بـوو و بـە چاکەی کـوردا شـکایەوە, یان بە شـێوەیەکی تـر لەبـەر گـوڵە گەنمێکـی وەك کـووەیتی نـەوت و دۆلار, چـەندین گـوڵە جـۆی کـورد ئـاوی خـواردەوە...!. دەرکردنـی ئـەو بـڕیارە پەیوەسـتە بـەو گۆڕانکارییـانەی کە لە سـەرەتای نەوەدەکانـدا, لـە جـیهاندا روویـدا و بـە هـۆی هاتـنەکایەی (سیسـتنی نێودەوڵەتیی نوێ)وەیە, کە لە کۆتایی دا دێمە سەری.

ڕووداوێکـی مەزنـی وەك ئـەو کـۆڕەوەی کوردسـتان, چـونکە دەمـێك بـوو مرۆڤایەتـی هـی لەو بابەتەی بەخۆیەوە نەدیبوو, نەدەکـرا نەتـەوە یەکگـرتووەکان لێـی بـێدەنگ بـێت, بـەڵام دڵـنـیام لـەوەی گـەر ئـەو کـۆڕەوە, بکەوتایەتـە دوای

ڕووداوەکانی( ڕواندا) ی هاوینی 1994ەوە, ئەوا هیچ دوور نەدەبوو کە نەتەوە یەکگرتوەکان و کۆمەڵی نێو دەوڵەتی لێی بێ دەنگ بن, هەروەکو هەموو ئەو ڕووداوە نامرۆڤانانەی کە لەوەوبەر لە کوردستان ڕوویانداوە ! . گەر نەتەوە یکگرتووەکان بەشێوەیەکی ڕاستەقینە و لەدوای کۆڕەوەکە بیانویستایە یارمەتی کورد بدەن, ئەوا بە دانپیانانێکی ئەو دەزگا دەوڵەتییە بچووکەی باشوری کوردستان باشترین کۆمەکیان بە کورد دەکرد و چ نەبوایە ئەو هەرێمە وا بە داخراوی نەدەمایەوە و دەتوانرا وردە وردە باری ئابووری و ڕامیاری و کۆمەلایەتی بەرەو پێشەوە ببرێت و چارەنووسیشی بەم شێوەیە نادیەر نەدەبوو, کەئێستا ڕابەرانی حکومەتەکە خۆشیان نازانن چی بەسەر دەزگای (حکومەتی هەرێمی کوردستان)دا دێت[1] .

وەکو کۆمەڵگای نێو دەوڵتی دژایەتی دروستبوونی دەزگایەکی دەوڵەتی کورد دەکەن, لێش ناگەڕێن تاکەکانی کورد لەهەر لایەکی بەشەکانی ولاتەکەیدا بەئاسوودەیی و بێ چەوسانەوە

[1] سەرەتای ساڵی 1997, ئەو حکومەتە بووە دووان, دیارە ئەگەر ئەو دوو لایەنەی باشوور, هەر ئەو جۆرە بیر و ڕەفتاریان بێت, سەرئەنجامی خراپتریش بەڕێوەیە...

بـژی؟!... کـورد لەلایـەن داگیر کەرانەوە دەچەوسێنرێتەوە, هـەر لەبـەر ئـەوەی کـوردە و لەڕەگـەزی ئـەوان نییە!, کەچی بڕگەی ئەلفی ماددەی دووی (پـەیمانی نێو دەوڵەتیی تایبەت بە مافە مەدەنی و رامـیارییەکان) دەڵێت:

(هــەر دەوڵـتێکـی بەلایــەن لــەم پەیمانــەدا , پەیمانــی ریزگرتنــی ئــەو مافانــە دەدات کــە دانــی پێدانــراوە و پەیڕوی هەموو ئەو مافانە بۆ تەواوی ئەو تاکانە دەکات کــە لــە هەرێمەکەیــدان و دێــنە ســنووریەوە, بەبــێ جـیاوازی کـردن بەهۆی ڕەگەز و بنەچەو زمان و ئایین و رامــیاری و نــا رامــیاری و رەســەنی نەتەوەیــی و کۆمەلأیەتـی و سـامان و رەچـەڵەك و هـەر هۆیەکـی تر بێت)[1].

هەموو داگیرکەرانی کوردستانیش ئەندامن لەو پەیمانەدا؟!.[2]

---

[1] ب.لا 29 – العراق و المجتمع الدولي...

[2] شایانی باسە کە داگیرکەرانی کوردستان نەك پەیمانە نێودەوڵەتییەکان پراکتیك ناکەن!, بەڵکو هەر بۆ نموونە داگیرکەری تورك, لە بڵاوکردنەوەی بەیاننامەی مافی مرۆڤی نەتەوە یەکگرتووەکانیش دەترسێت, هەرچەندە خۆشی ئیمزای کردووە!, هەر بۆیە لە ڕۆژی 10-12-1993دا, کە ڕۆژنامەی (ئوێزگور گویندەم) بەشێکی ئەو بەیاننامەیەی لە ساڵڕۆژی مافی مرۆڤدا بڵاوکردەوە, هەر لەو ڕۆژەدا 200 پۆلیس پەلاماری ڕۆژنامەکەیاندا و بەبێ ئەوەی هیچ تاوانێکی یاسایی بخرێتە پاڵ,

هـەر هـەمان ئـەو ناجیاوازیـیە لەمادەکانـی کـۆمەڵەی گـەلان و نەتەوەیەکگـرتووەکان و مافـی مرۆڤیشـدا هاتوون!, بەڵام نەك هــەر لەکوردســتان پــڕاکتیك نەکــراون بەڵکــو هەمــوو ئــەو رەفـتارانەی نەتـەوە سەردەستەکانی کورد دژی ئەو پرنسیپانە بــوون و ئــەو بــڕوانامە و پەیمانانــەش وەکــو داگیرکارانــی کوردسـتانیان بـە "ریـزپەڕێك" دانابـێت, وەهـا بووە!. ئەگینا کـورد هەمیشـە لـە وولاّتەکـەی خـۆیدا بەهاولاّتـی ژمـارە دوو دانراوە؟!..

ئەوە بەر کورتێکی خێرای پەیوەندی نێوان کورد و کۆمەڵگەی نـێو دەوڵەتـی بـوو. بـەڵام جێـی خۆشـیەتی کـە بـزانین بۆچی کـۆمەڵگا نـێو دەوڵەتـیەکان بـەم شـێوە نامـرۆڤانەیە کـوردیان لـەبیر کـردووە و هـەردەم کۆسـپێك بـوون لەبـەردەم درووست بوونـی دەزگایەکی دەوڵەتیی کوردیدا و هەمیشە رزگارکەری داگیرکەرانــی کوردســتان بــوون, لــە کاتــێکدا کــە کڵــپەی

110 کەسی هاوکاری ڕۆژنامەکەیان گرت, تەنها لەبەرئەوەی بەیاننامەی مافی مرۆڤیان لە ساڵڕۆژی مافی مرۆڤدا بڵاوکردووەتەوە؟!.
بڕوانە: لا. 5 – گۆڤاری مامۆستای کورد – ژمارە 22 – سوید.

شۆڕشـەکانی کـورد لـە لـووتکەدا بـوو بـێت و تێکشکانی داگیر کەران نزیك بوبێتەوە؟...

هەرچـەندە ئەمـڕۆ زێـتر لـە سەدوهەشـتا نەتـەوە لـە جـیهاندا, خاوەنــی دام و دەزگــای دەوڵەتــی خــۆیانن و کــەم تــا زۆر هێـزکاریان لەسـەر رامـیاری و هاوسـەنگی نێو دەوڵەتیدا هەیە. بەلأم هەموو ئەوانە سەری مارەکە نین , لەو ئایین و ئۆیینانەی کـە لـە جیهاندا روودەدەن, بەڵکو ژمارەیان لە پەنجەی دەست تێـپەر ناکـەن و لەبـۆ بەرژەوەنـدی خـۆیان, هەرگیـز گوێـیان نەداوەتـە ئـەوەی کـە کوردسـتان پێـنج بەشـە و ئەگـەر لـە بەرژەوەندیانـدا وا بلـوێت دوور نیـیە ئـەو بەشـانە نەکەنە دوو هێندە![1].

دەربـارەی رێکخـراوە نێودەوڵتیەکانـیش کـە هەردەم لە ئاست رووداوەکانـی کوردسـتاندا وا کەنارگیر بوون, هەر دەگەڕێتەوە

[1] لەڕاستیدا باشووری کوردستان ئێستا سێ بەشە: یەکەمیان ئەو بەشەی بندەستی داگیرکەری ئێراقی, دووەمیان ئەو بەشەی بندەستی هێزەکانی یەکێتی نیشتمانی کوردستان (سۆران), سێیەمیان ئەوەی بندەستی پارتی دیموکراتی کوردستان (بادینان), و بزووتنەوەی ئیسلامیش کەمێکی بەدەستەوەیە, کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی یارمەتیدەری ئەو بارودۆخە بووە و بەبێ پرسی ئەو بەخێرهاتنی نەکراوە.. دیارە پاش داگیرکردنی هەولێر و سلێمانی, لەلایەن هێزەکانی پ.د.ك و بەعسەوە, بارودۆخەکە لە خراپترەوە بەرەو خراپترین چوو...

بۆ هەمان هۆ . چونکە دامەزرێنەری ئەو رێکخراوانە هەر هەمان ئـەو زلهێـزانەن کەڕامـیاری جیهانـی هەڵدەسـووڕێنن و دیـارە دەبـێت کردەوەکانـی ئـەو رێکخـراوانەش لەگـەڵ بەرژەوەندیـی زلهێـزاندا هاوجـووت بـێت, لـە سـەرنج دانێکـی پێکهاتووەکانی نەتەوەیەکگـرتوەکان بەوپێـیەی کـە ئێسـتا بالآترین رێکخراوی نـێو دەوڵەتـیە و گـوایا پارێـزەری ئاشـتی و هاوسـەنگی جیهانیشـە!, دەبیـنین هـەمان ئـەو زلهێـزانە خاوەنـی مافـی (ڤیـتۆ)ن لـەو رێکخـراوەدا و هەرچی ئەوان نەیلێن ناکرێت؟!, بـۆ نمـوونە: هەروەکـو وا بـاو بـوو و دەگووتـرا کـە یەکێتـی سـۆڤیەتی ئەوسـا , (دۆسـتی بـە ئەمەکـی گـەلان!) بـوو و بەتایبەتـی (گەلە بن دەستەکان!) و هەمیشە و تاکاتی کۆتایی هاتنـی جەنگـی سارد یەکـێك بوو لەو تای تەرازووەی کە یاری هاوسـەنگیی نێودەوڵەتیـی دەکـرد و لـە رێکخـراوی نەتەوەیەکگـرتووەکاندا خاوەنـی مافی ڤیتۆش بوو. هەمان ئەو یەکێتـی سـۆڤیەتە رۆژێـك لـە رۆژانـی ئـەو هەفـتا سـاڵەی فەرمانـڕەواییدا جارێـك لـە دژی بەرژەوەندیـی خـۆی دەستبەرداری سـی ملـیۆن مرۆڤـی کورد نەبوو! ببێتە خاوەن

مـافی چارەنووسـی خـۆی کە ئەو نموونە و ڕووداوانە لە مێژووی نوێی خەباتی ڕزگاریخوازانەی کورددا بەخەروارن.

هـەروەك: فەرامۆشـکردنی ئـەو نامەیەی شێخ مەحموودی نەمر لە 20-01-1923[1] کە بۆ لینینی سەرۆکی پێشووی یەکێتی سـۆڤیەتی ئەوسـای ڕەوانــە کـرد و تێـیدا داوای یارمەتــی و دانپیانانــی حکومەتــی پاشانشــینی کوردســتانی لێکـرد، بـەو پێـیەی کـە شۆڕشـی ئۆکتوبەر هانا و پەنای هەموو گەلانی زۆر لێکراوانـی جـیهانە!. بـەڵام کـورد هـیچ وەڵامێکـی لـە لینـینی نەبـینی!. پاشـان سـەرباری ئەو هەموو کوردەی کە لە یەکێتی سۆڤیەتدا دەژیـان، کەچی تەنیا خاوەنی هەرێمێکی ئۆتۆنۆمی داری بــێ تــوانا بــوون لــە ســاڵی 1923ەوە کــە ناوچــە کوردنشــینەکانی (لاچـین، کەڵـباژاڕ، قـوبادی و زەنگلـیەر)ی دەگـرتەوە[2] و تەنـێ شـەش ساڵی خایانـد و لـە 1929 دا ئەو مافەشـیان لەلایـەن دەسەڵاتدارانی سۆڤیەتەوە لێ سەندرایەوە و ژمارەیەکــی زۆریشــیان بــۆ ناوچــە جیاوازەکانــی یەکـێتی سۆڤیەت لێ ڕاگوازتن!...

---

[1] ب. لا. 53- جلال طالباني- اغد و ديموقراطي و حرمان شعب حتر من حق الحلم؟ - من منشورات الاتحاد الوطيني الكردستاني- مركز: ئەرکی نوێ الثقافي- 1989

[2] ب. گۆڤاری هەڤوت– گۆڤارا تەڤگەرا ڕەوشەنبیریا کورد سویسرا– ژمارە 3– گولانی 1994 .

هەمـوو ئـەو راپەڕيـنانەی کە لە ساڵانی بیست و سییەکانی ئەم سـەدەیەدا دژی تورکەکان لە باکووری کوردستاندا بەرپا بوون، هەمـووی بـە ئاگـر و ئاسـن و يارمەتيـی سۆڤیەت بۆ تورکەکان کوژێنـرانەوە و سەرئەنجامیشـیان ئەوپــەڕی پاشـاگەردانیی بـۆ سـەر خەڵکـی کـورد هێـنا. جگەلـەوەش لە ساڵی 1922 دا بۆ کـوژاندنەوەی شۆڕشـی (سمایـل خانـی سمکـۆ) لـە خۆرهەڵاتی وڵاتـدا، چـەندين دەسـتەی سەربازيی کۆمۆنيستی بۆ يارمەتيی سـووپای ئێـران نـاردە ئازەربايجـان..؟![1]. رووخانـی کۆماريی ديموکراتيکـــی کـــورد لـــە خۆرهەڵاتـــی وڵاتـــدا لـــە پێـــناوی وەدەسـتهێنانی ئيمتـيازی نەوتـی باکـووری ئێـران بـوو، کـە (بەشـێکی زۆری نەوتـی کوردسـتانی دەگـرتەوە) بـۆ يەکـێتی سـۆڤيەت! کـە پاشـان خۆشـبەختانە هەروەك باسکرا لە لايەن ئێرانەوە ئەو سوودەشی لێ سەندرايەوە.

لـە مـاوەی ئەو 12 ساڵەی کە بارزانييەکان وەکو پەناهاندە لە يەکـێتی سـۆڤيەتدا بـوون، خودی (مەلا مستەفا بارزانی) 100 نامـە زێـتری ئاراستيە کرێملين کردووە، بۆ چارەسەری کێشەی کورد، بەڵام هيچ وەڵامێکی وەرنەگرتەوە؟!.

[1] ب.س.پ.لا 62– حسن ارفع – کردها

هەمـوو ئـەو چـەکانەی کـە بـۆ سەرکوتکردنی کورد لە شۆڕشی ئەیلوولـی باشـووری کوردسـتان و بـزووتنەوەی دوای هەرەسدا لەلایــەن داگیرکــەری ئێــراقییەوە بەکارهێنــران، هەمــوویان سـۆڤیەتی بوون و نەخشەی گفتوگۆی ساڵانی 1970–1974 یش لە نێوان شۆڕشی کورد و داگیرکەری ئێراقیدا زێتر بە فیتی سۆڤیەت بوو و بەهۆیەوە ئێراق توانی باری ئاسایشی نێوخۆیی خــۆی پــتەو بکــات و نەوتــی ئێــڕاق و کــورد لــە کۆمپانــیا نائێـراقییەکان بستێنێتەوە، کە گوڕێکی ئابووریی گەلێك باشی دایــە داگیرکەرانــی ئێڕاقــی بــۆ لێدانــی شۆڕشــی باشــووری کوردستان.

هــەر لــە ســەرەتای شۆڕشــی ئەیلـوولەوە، یەکـێتی سـۆڤیەت بەهـۆی پارتـی کۆمۆنیسـتی ئێـڕاقەوە کەوتـە دژایەتیـی ئـەو شۆڕشـە و گەورەتـرین دەستیان لە دوو کەرتکردنی رابەرایەتی ئـەو شۆڕشـەدا هەبـوو، کـە لـە پارتـی دیموکراتـی کوردسـتاندا خـۆی دەنـواند و لـە 1964دا بـە تەواوەتی بوو بە دوو کەرتی پارتـی و بـیرۆی سیاسـییەوە، کە هێزکارێکی گەلێك کوشندەی هەبـوو لەسـەر ئاراسـتەکردنی ئامانجەکانـی شۆڕشی ئەیلوول و

بەرپابوونی شەڕی براکوژی، کە تاوەکو ئێستاش رواڵەتێکی بەرچاوی بزووتنەوەی رزگاریخوازی کوردستانە.
یەکێتی سۆڤیەت ویستیشی بەهۆی پارتی توودەی ئێرانەوە ریزەکانی حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانیش تێك بدا، کە بووە هۆی دوو کەرتبوونی سەرکردایەییەکەی کە بەدەستەی (هەفت کەسی) نێویان دەرکردووە[1]. دیارە کەرتبوونی ئەم دوایەی حدکا، بۆ رێبەرایەتی شۆڕشگێڕ و حیزبی دیموکرات، هەر بەردەوامی جوودابوونەوەی ئەو دەستە هەفت کەسییەیە.

ئەمانە و زۆری تر لەو رەفتارانەی یەکێتی سۆڤیەت کە لە ژمارە نایەن، لەمەوە تێ رامێنن کە یەکێتی سۆڤیەتی زلهێزی خاوەن مافی ڤیتۆ لە نەتەوەیەکگرتووەکاندا و کە دۆستی بە ئەمەکی گەلانی جیهان بووە! هەڵوێستی بەو شێوەیە بووە بەرامبەر بەکوردان، ئەی دەبێت هەڵوێست و رەفتاری زلێهزەکانی تر بەرامبەر کوردستان و لەسوودی بەرژەوەندیی خۆیاندا چۆن بووبێت..؟!.

---

[1] ب. س.پ. لا 228– عەبدوڵلا حەسەن زاە..

دوا دەسـكە گوڵـی ئـەم رژێمـە سۆسیالیسـتانە بـۆ كـورد، هەڵوێسـتی كـوبا بـوو، كـە لـە رۆژی 5ی ئاپڕیلـی 1991دا ئەنجوومەنـی ئاسایشی نەتەوەیەكگرتووەكان بڕیاری (688)ی لـە بەرژەوەندیـی ئـاوارە كوردەكانـی باشـووری كوردسـتان دەركـرد، كـوبا یەكـێك بـوو لـەو سـێ دەوڵەتـەی كـە دژی ئـەم بـڕیارە بە توندی وەستایەوە، بەهانەی ئەوەی كە ئەمە دەست تـێوەردانە لـە كاروبـاری نێوخۆیـی ئێـراق و شـكۆ رامیاریـیەكەی...؟!. هـەر بـاش بـوو كـوبا لـە ئەنجوومەنـی ئاسایشـدا خاوەنی مافی ڤیتۆ نەبوو!, ئەگینا ئەو بڕیارە هەر لە یەكـەمین هەناسـەیەوە دەخنكێنـرا.. كەچـی رۆشـنبیرە ماركسـییەكانی كـورد تـا ئێستاش هێندەی دەربارەی شۆڕشی كـوبا و ژیانـی ڤیدل كاسترۆی رابەری شارەزان! چارەكی ئەوە هەر لە بڕی مێژووی كورد و دۆزی نەتەوایەتیی ناكەنەوە؟!.

هـەر لـە دوای رووخانـی یەكـێتی سـۆڤیەت، وەك زلهێـزێك و هەڵگیرسـاندنی جەنگـی كەنـداوەوە، زاراوەی (سیسـتمی نێودەوڵەتیـی نـوێ) هاتـە كایـەوە. بـەو پێـیەی كـە ئەمـڕۆ هاوسـەنگیی رامـیاری وئابـووری و سـەربازی لـە جـیهاندا گۆڕانكارییەكـی ترسـناكی بەسـەردا هاتـووە، ئـەویش بەهـۆی

نەمانی یەکێك لە دوو زلهێزەکانی جیهانەوە و کۆتایی پێهاتنی بلۆکی خۆرهەڵات و بلۆکی خۆرئاوا و بەرەوپیرچوونی هەنگاوی یەك جەمسەرەی زلهێزی، کە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمەریکادا خۆی دەنوێنێت و بووەتە پۆلیسی جیهان. هەر بۆیە دەبێت بەپێی ئەو گۆڕانکارییانەی سیستمی ڕێکخستنی نێودەوڵەتیش بگۆڕدرێت و بەپێی بوونی یەك زلهێز لە جیهاندا و دەرکەوتنی چەند زلهێزێکی تر لە پاشەڕۆژدا کە ئەوانیش (ئەڵمانیا و ژاپۆن)ن، بگونجێنرێت. ئەم (سیستمی نێودەوڵەتی نویێ)یە و هۆی گۆڕانی ئەو بارودۆخە، لەسەر زمانی زۆربەی سیاسەتمەدار بەنێوبانگەکانی جیهانەوە ئاشکرا کرا، لەوانە:

سەرۆکی ئەمریکی (جۆرج بوش) لە وتارەکەی خۆیدا لەبەردەمی کۆمیتەی گشتی نەتەوەیەکگرتووەکاندا، لە 11ی سێپتەمبەری 1990 دا و بەهۆی هەڵگیرسانی کێشەی کەنداوەوە بانگەشەی بۆ (سیستمێکی نوێی جیهانی کرد[1].

[1] بڕوانە لا.91– گۆڤاری یەکگرتن– گۆڤارێکی رۆشنبیریی تیۆرییە– بنکەی رۆشنبیریی یەکگرتن بڵاویدەکاتەوە– ژمارە 16– 1993.

هـەروەها سـەرۆك (گۆرباتشـۆف)یش لە 11ی ئاپریلی 1990 دا لەبـــەردەم (کۆمیـــتەی رۆژنامەگەریـــی جیهانـی)دا لـە مۆسـکۆ، ئـەوەی راگەیانـد: کـە ئێسـتا (جـیهان لـە سەرەتای دروستبوونی پرۆسەی سیستمی نێودەوڵەتی نویێ دایە).

هـەر ئـەم زاراوەیـەش کەوتـە سـەر زمانی ئەنجوومەنی ئاسایشـی نێودەوڵەتـی و لەکاتـی بەسـتنی کۆنگـرەی لـووتکەی ئەندامەکانـیدا لـە نـیویۆرك لـە نـێوان 31 ژەنیوەری و 1ی فێبریوەری 1992 دا[1].

ئەمـە جگـە لـە پشـتگیری ژاپـۆن و فەرەنسا و دەوڵەتانی تری خۆرئاوای ئەوروپا بۆ ئەم سیستمە نوێیە.

هەر گۆڕانکارییەك لە سیستمی نێودەوڵەتیدا بێتە دی، دەکرێت بگووتـرێت: هێزکارێکی پۆزەتیڤانەی بۆ سەر کوردستان ببێت، چـــونکە کـــورد لـــە ژێـــر ســـایەی چ کـــۆمەڵەی گـــەلان و چ نەتەوەیەکگـرتوەکاندا هـیچ شتێکی ئەوتۆی دەست نەکەوت!, بـەڵام لـە سـەرەتای ئـەم (سیسـتمی نێودەوڵەتیـی نـویێ)یەدا،

---

[1] ب. لا. 16 و 47- د. باسل البستاني و اخرون- النطام الدولي الجديد- اراء و مواقف - وزارة الثقافة و الاعلام- دارالشوون الثقافية العامة- بغداد- 1992.

کورد بڕیاری 988ی ئەنجوومەنی ئاسایشی بەدەست هێنا، هەرچەندە ئەو بڕیارە هەروەك پێشتر باسکرا، پەیوەستە بە بارودۆخێکی تایبەتیی ناوچەکەوە. بەهۆی ڕووداوەکانی دوای جەنگی کەنداوەوە، بەڵام تۆوی بەلاداکردنەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییە، بۆ سی ملیۆن مرۆڤی بێ ئاڵا و لەوانەیە لە پاشەڕۆژدا کاری گرنگتر و بە سوودتری بۆ کورد لەدوادا بێت، بەڵام بە مەرجێك لە بەرژەوەندیی نێودەوڵەتی دابێت و "خۆشمان هۆشیار بین لەم بارودۆخە تایبەتییەی ئێستای جیهان..".

بڕیاری 688 لە ڕۆژی 5ی ئاپڕیلی 1991، لە دانیشتنی ژمارە 2982ی ئەنجوومەنی ئاسایشدا دەرکرا، کە بە زۆرینەی 10 دەنگ و سێ دژە هەڵوێستی کوبا و یەمەن و زیمبابۆی و دەنگ نەدانی چین و هندستان، هاتەدی[1]. بڕیارەکە پێك هاتووە لە هەشت بڕگە کە زۆربەیان لە بەرژەوەندیی ئاوارە کوردەکانی باشووری کوردستان بوون، بەو پێیە دەتوانرێت

[1] ب.س.پ. لا 66– د باسل البستاني و اخرون

بگووترێت کە کێشەی کورد بەرگێکی زێتر نێودەوڵەتییانەی وەرگرت.

کورد، پێویستە لە هەنگامەکانی پێشووتر زێتر سوود لەم هەنگامە نوێیەی ئێستای کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی وەربگرێت. هەر بەڕاستیش خۆناساندن بەڕای گشتی جیهانی، بووەتە یەکێك لە پێویستییەکانی بزووتنەوەی رزگاریخوازانەی کوردستان. بەڵام لە راستیدا هەوڵە نێودەوڵەتییەکانی کورد بۆ چوونە نێو کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییەوە وەکو پێویست نییە، بەرچاوترین هەوڵی کورد لە سەرەتای ئەم هەنگامە نوێیەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتییدا، دامەزراندنی پەرلەمانی باکووری کوردستان، لەدەرەوەی وڵات و خواستی بەستنی چەند کۆنگرەیەکی نیشتمانی کوردستانە[1]، کۆنگرەی نیشتمانی یان نەتەوەیی کوردستان[2]، بووەتە پێویستییەك بۆ کۆکردنەوەی

---

[1] بڕوانە: بڵاوکراوەکانی (کۆنگرە) کە هاوکات دەگەڵ جموجوڵ و رووداو و ئاڵوگۆڕیەکانی سێیەم کۆنگرەی نیشتمانی کوردستاندا دەردەچێت.

[2] یەکەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان ساڵی 1989 و دووەمینی لە ساڵی 1991 دا بەستران، بڕوانە بڵاوکراوەی کۆنگرە– ژمارە 3– 1995/4/4.

سێیەمین کۆنگرەی نیشتمانی کوردستان لە رۆژانی 18 و 19ی سێپتێمبەری 1996 لە شاری پاریس بەسترا، کە پەترۆس گالیی سەرۆکی نەتەوە یەکگرتووەکان نامەیەکی پیرۆزبایی ئاراستە کرد. شایانی باسە ئەو کۆنگرەیە تاکە کۆنگرە نییە کە لە دەرەوەی وڵاتدا بەسترا بێت. بەڵکو سێ کۆنگرەی دیش هەن، کە ئەوانیش:

تـەواوی هێـزە کوردیـیەکان لـە کوردسـتان و دەرەوەی وڵاتدا، تاوەکـو چـەند بڕیارێکـی چارەنووسـانەی تـێدا بـدرێت، ئـەو کۆنگـرەیە هەروەکـو لـە بڵاوکـراوەکانیدا هاتـووە، دەیەوێت لە ڕێگـای رامـیاری و یاسـای نێودەڵەتیـیەوە هەوڵـێك بـۆ کێشەی ڕەوای نەتەوەیی کورد بدات. هەر بۆیە لە ڕۆژی 9ی ژەنیوەری 1995 دا، نامەیەکـیان[1] ئاراسـتەی بەڕێـز (پەتـرۆس پەترۆس گالـی) ی سـکرتێری گشتی نەتەوەیەکگرتووەکان کرد، تاوەکو نوێنەرێکـی خۆی بە ئالآیەکی نەتەوەیەکگرتووەکانەوە بنێرێتە

---

- کۆنگرەی نەتەوەیی کورد لە سوید.
- کۆنگرەی گەلی کوردستان لە بەریتانیا.
- کۆنگرەی نیشتمانی کورد لە ئەمریکا KNC.

لە کۆنگرەکەی پارریسدا کۆمیتەیەك پێك هێنرا، تاوەکو ئەو چوار کۆنگرەیە لە پاشەڕۆژدا ببنە ئێك، کە ئەمە کارێکی گەلێك باشە و بە هیوای سەرکەوتنی کۆمیتەکە و یەکگرتنی هەر چوار کۆنگرەکەی کورد لە دەرەوەی وڵات، تاوەکو ببێتە هێزێکی نێودەوڵەتی بۆ چارەسەرکردنی کێشە رەواکەمان.

[1] جگە لەم نامەیەی کۆمیتەی ئامادەکردنی کۆنگرەی سێیەمی نیشتمانیی کوردستان بۆ بەڕێز گالی، چەند نامەیەکی تریش لە لایەن لکەکانی کۆمیتەوە لە ئەوروپادا ئاراستەی پەترۆس گالی کراوە، هەروەها چەند نامەیەکیش ئاراستەی بەڕێز (مارتی ئاهتیساری) سەرۆك کۆماری فینلاندنیش کراوە، چونکە سەرەتا وا بڕیار بوو کە کۆنگرەکە لەوێ بگیرێت، تاوەکو وڵاتی فینلاند یارمەتیی بەستنی کۆنگرەکە بدات.. (بڕوانە ژمارەکاین بڵاوکراوەکانی کۆنگرە).

دیارە کۆنگرەکانی تریش بەردەوام هەوڵی پردێکیان لە نێوان کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی و کورددا داوە، لەوانە کۆنگرەی نیشتمانیی کورد لە ئەمەریکا KNC گەلێك باڵادەستە لەمڕووەوە.

نـێو کۆنگـرەی نیشتمانی کوردستانەوە و هەروەکو پاڵپشتێکی نێونەتەوەیی بۆ کێشەی کورد[1].

جـیهان ئێسـتێ هـەر لـە هەنگامـی (کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتیـی رێکوپـێك)ی پـاش جەنگـی جیهانـی دووەم دایـە و بـڕوانامەی نەتەوەیەکگـرتووەکان رەوایەتیـی یاسـایی خۆیـی لەدەسـت نـەداوە. کەواتـە (سیسـتمی نێودەوڵەتیـی نوێ) هێشتا هەر لە دانوسـتاندن دایـە و رەسمیەتێکـی رامـیاری و یاسـایی وەرنەگـرتووە. بـەڵام ئەگـەر لە بەرژەوەندیی زلهێزانی ئێستا و پاشـەرۆژدا بـێت، هـەر دێـتە دی و کـوردیش نابـێت وەکـو هەنگاوەکانـی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتیی پێشوو! کێشەکەی هەر لـە چوارچـێوەی شـەڕە تفەنگـی نـێو چـیاکانی کوردسـتاندا بهێڵێـتەوە و بـە شـەڕی بـراکوژییەوە خـەریك بـن، بەڵکو کاری رامـیاری و ململانێـی سیسـتمی نێودەوڵەتیـی نـوێ، ئەڵتەرناتیڤێکـی گەلـێك لەبارتـرە بـۆ بەرزکـردنەوە و ناساندنی

[1] جێ داخە کە کۆنگرەکە گیرا و نوێنەری نەتەوەیەکگرتووەکانیش نەهاتە نێو کۆنگرەکەیەوە، ئەمە جگە لەوەی کە لە زۆر لاوە دژایەتیی ئەو کۆنگرەیە کرا، خەڵکانێکی کێم بەشدار بوون تێیدا.

کێشــەی ڕەوای نەتەوەکــەمان، لەســەر گۆڕەپانــی ڕامیاریــی جیهانیدا..[1].

ســەرئەنجامە بەرایـیە باشـەکانی ئـەو سیسـتەمە نوێـیەمان لـە گەلـێك شـتدا بۆ دەردەکەوێت، کە گرنگترینیان بڕیاری 688ی ئەنجوومەنـــی ئاسایشـــی نەتەوەیەکگـــرتووەکان و دانانـــی چـاودێریی نێودەوڵەتـی لەسەر بەشێکی باشووری کوردستان و کـردنەوەی ڕادیـۆی کـوردی دەنگـی ئامریکا، لە 25ی ئاپڕیلی 1992 و هــەروەها ڕاگەیاندنـی پـەرلەمانی باکووری کوردستان لە 12ی ئاپڕیلی 1995 دا لەشاری لاهای و گەلێکی تریش.

هەمـوو ئەوانـە ئـەوە دەگەیـەنن کـە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی لە ئێسـتادا گرنگییەکـی باشتر دەداتە کورد و مافە ڕەواکەی وەك لـە ڕابـردوودا. نموونەیەکـی گرنگـی ئـەو گـرنگییەی کۆمەڵگەی

---

[1] بەداخەوە ئێمیە کورد زۆر ئاگامان لە خەباتی ڕامیاریی نێودەوڵەتی نییە و شۆڕش و پێکدادانمان کردووەتە گرنگترین کردەوە بۆ "ڕزگاریی نیشتمانی"، کەچی ئەو لایەنە گرنگەی خەباتمان فەرامۆش کردووە و نازانیان لەسەر گۆڕەپانی نێودەوڵەتیدا چی ڕوودەدات، هەر بۆ نموونە لە ڕۆژانی 10 تا 15ی ئاپریلی 1996 کۆنگرەی شەشەمی لێکۆڵەرەوانی خۆرهەڵاتی نێوین لەعەممانی پێتەختی ئوردن بەسترا، (د.مەحموود عوسمان)یش وەك کەسێکی کورد بەشداری لەو کۆنگرەیەدا کرد و باسێکی لەسەر کورد پێشکەش کرد، نێوبراو ڕۆژی 23ی هەمان مانگ لەدەنگی ئەمەریکاوە ڕایگەیاند کە ئەوە شەشەمین کۆنگرە بوو و ئێمەی کورد ئاگامان لەو پێنج گۆنگرەی تری نەبووە؟ بە مەرجێك کۆنگرەکە لەسەر کێشەکانی خۆرهەڵاتی نێوینە و کوردیش پێکهاتوویەکی گرنگێیتی! ئینجا دەبێت چەندێك ئاگاداری کۆنگرە جیهانییەکانی تر بووبێتین..؟!.

نێودەوڵەتــی بــۆ کــورد، ڕۆژنامــەی (de volkskrant – ڕۆژنامــەی گــەل)ی هۆڵەندیــیە، ئــەو ڕۆژنامەیــە گــرنگترین و بەرفـراوانترین ڕۆژنامەی ئەو وڵاتەیە و تەنیا لە ساڵی 1995دا (163) وتاری دەربارەی کورد بڵاوکردۆتەوە، یان لەو وتارانەدا باســی کـوردی کـردووە. شـایانی باسە کە ئەو ڕۆژنامەیە ڕۆژی یەکشەممان دەرناچێت، کە ئەوە دەگەیەنێت بە تێکڕایی "هەر دوو ڕۆژ کـەمتر" باسـێك لەسەر کورد نووسراوە[1]. بەڵام مەزنتر کردنـی ئەو گرنگیدانەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی دەکەوێتە سەر خـۆمان، چـونکە بە هەوڵنەدانی کورد، ئەوان لە خۆیانەوە هیچ کارێـك ناکـەن، ئێسـتاش بەرژەوەنـدی زلهێـزان لە داگیرکارانی کوردسـتاندا زێـترە و بەرامـبەر ئـەو گرنگییەیان بۆ کورد، کارە خـراپەکانیان هـەر بەردەوامـە، بـۆ نموونە سەرباری ئەو هەموو تاوانانەی بەعس لە کوردستاندا تاوەکو ئێستا هیچ ڕێکخراوێکی نێودەوڵەتیـی کتێبێکـی لەسـەر مـافی کـورد لە دژی داگیرکەری ئێراقـی لـە پـێش جەنگـی کەنـداوی دووەمـدا دەرنەکـرد، بەڵام بەهـۆی فەرمانڕەوایی خراپی ئەو پێنج ساڵەی یەکێتی و پارتی

---

[1] De volkskrant cd-rom- 1995 is een uitgave (multi media groep). van perscombinatie

هەڵبەت ئەمەم هەر بۆ نموونە نووسی ئەگینا هەمان ڕۆژنامە لە ساڵی 1993 دا لە 173 وتاردا باسی کورد کراوە و لە ساڵی 1994یشدا لە 136 وتاردا نێوی کورد هێنراوە..

لـه باشـووری کوردسـتاندا، ڕێکخـراوی لێبوردنـی نێودەوڵەتی، کتێبێکی مەزنی لە چاپێکی جوان و تیراژێکی زۆردا، بە هەردوو زمانـی ئینگلیـزی و عەرەبـی[1]، لەسـەر کارە نامرۆڤایەتییەکانی ئەو دوو لایەنە و بزووتنەوەی ئیسلامی دەرکرد، کە "ئەگەرچی هەمـوویان راسـتن"، بەڵام یەکەمین لایەن کە لەلایەن ڕێکخراوە نێودەوڵەتیـیەکانەوە مـافی ئـەوەیان هەبـێت بەخـراپە کتێبـیان لەسـەر دەربکـرێت داگیرکـەری ئێـراقە، نـەك پارتـە کوردسـتانییەکان، دیـارە ئەمـە پاکانـە نیـیە بـۆ ئـەو لایەنانە، چـونکە تـەواوی ئـەو ڕووداوانـەی لـەو کتێـبەدا نووسـراون، ڕوویداون و خراپتریش..

هـەر بـەو بـۆنەیەوە دەبـێت ئـەوەش بڵـێم، کـە کـۆمەڵگەی نێودەوڵەتـی دەیان ساڵە بە کورد دەڵێت: ئێوە ناتوانن خۆتان بەڕێـوەبەرن، ئەمـە شـتێکی ترسـناکە و دەبـێت پارتـە کوردستانییەکان بیری لێ بکەنەوە، هەرچەندە بەپێی ڕەفتاری ئـەو پێـنج سـاڵەی پارتـی و یەکـێتی لـە باشووری کوردستاندا، سـەلمێندرا کـە کورد ناتوانێت خۆی بەڕێوە بەرێت؟. بەڵام پێم وایـە کەکاتـی ئـەوە هاتـووە سـەرانی کـورد بیرێـك لەو وتەیەی

[1] بروانە: نقض العهود و اهدار حقوق الانسان في كردستان العراق منذ عام 1991 – منظمة العفو الدولية- الطبعة الاولى- لندن – ايلول 1995.

کۆمەڵگەی نێودەوڵەتـی بکەنـەوە، ئەگەر نا، ئەوا ئەمجارەیان هەلێکـی وا (نـە بـۆ ئەوان) و نە بۆ کوردیش، زۆر ئاستەمە بەم نزیکانە بەدەست بکەوێت..

